


# شکۆی (سەرۆکی کوردستان) ئاماژەدانە بە سەنگی کوردستان



گوڵان
ژمارە (٧٧٧)
٢٠١٠/٤/١٩



# لەسەر ئاستی دەوڵەتانی عەرەبی لە پرۆسەی سیاسیی عێراقدا

((مسعود بارزانی یەکێکە لەو ژمارە گرنگانەی کە زەحمەتە بتوانرێت بۆ کەسێک پێناسەی بکەیت،کە هیچ شتێک لەبارەی سیاسەتی عێراق و رۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە نەزانێت،من ئەم بەیانیە بیرم لەوە دەکردەوە پێگەی مسعود بارزانی لە سیاسەتی عێراق و رۆژهەڵاتی ناوەراست بزانم، لەزۆر رووەوە بۆم دەرکەوت لە پێگەی پاریس دەچێت لە فەرەنسادا هەموو رێگەکان دەچنەوە بۆ لای سەرۆک مسعود بارزانی))

**پرۆفیسۆر کینس پۆلاک**
**٢٠١٠/١/٢٧**



ئەم وەسفە بۆ بەرێز مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان پیاهەڵدان نییە بۆ بەرێزیان، بەڵکو ناساندنی کەسایەتی ( سەرۆك بارزانی ) یە لەلایەن پرۆفیسۆر(کینس پۆلاك )بەرێوەبەری سەنتەری سابان بۆ سیاسەتی رۆژهەڵاتی ناوەراست لە ناو ئامۆژگای بەناوبانگی برۆکینگز بۆ کۆمەڵێك کەسایەتی کە چەندین ساڵ سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکایان دارِشتووە، لە ناویاندا بەرێز مارتن ئەندیك دارِێژەری سیاسەتی ئیحتیوای دوولایەنەیە بۆ عێراق و ئێران کە لەدوو پۆستی لەسەر یەکی ئیدارەی کلینتۆنداو وەك سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر ئەو دوو وڵاتە پیادەدەکرا، ئەو وەسفەی پۆلاك کە بەکوردی لەپێشەکی ئەم راپۆرتەدا ئاماژەمان پێکردووە دەقەکەی بە ئینگلیزی ئەمەیە:

))Masoud Barzani is one of those figures whose importance is hard to describe to people who don’t know anything about Iraq or about the Kurdistan region. I was thinking about it this morning. It occurred to me that in some ways the place that Masoud Barzani occupies in Iraqi politics and Middle Eastern politics is a little bit like the place that Paris occupies in France -- all roads lead to him.((

پرۆفیسۆر پۆلاك جیا لەوەی بەرێوەبەری سەنتەری سابانە خۆیشی یەکێکە لەو گەورە تۆێژەر و پسپۆرە تایبەتمەندانەی دۆسیێی عێراق لە ئامۆژگای برۆکینگز، بەجۆرێك ئەگەر بتەوێت لەسەر دۆسیێی عێراق لە ناو ئامۆژگای برۆکینگز شتێك لەسەر سیاسەتی ئەمریکا بزانیت ئەوا هیچ چار نابێت، دەبێت بگەرِێیتەوە بۆ توێژینەوە و نووسینەکانی کینس پۆلاك.
کەواتە کاتێك پۆلاك لەو ساتەوەختە ناسکانەی پێش هەڵبژاردنەکانی عێراق(

٢٠١٠/١/٢٧ ) واتە کەمتر لە سێ مانگ پێش سەردانەکەی سەرۆك بارزانی بۆ سعودیە و لوبنان، هەوڵیداوە بە ئاسانترین شێوە، پێگەی بارزانی لە پرۆسەی سیاسی عێراق وسیاسەتی رۆژهەڵاتی ناوەراست بە ئامادەبووانی شرۆڤە بکات، ئەویش بەراوردکردنی پێگەی بارزانی یە بە پێگەی پاریس بۆ فەرەنسا،ئەم بەراوردە بۆ رۆژئاواییەکان زۆر بە ئاسانی تێیدەگەن کە شکۆی فەرەنسا واتە پاریس و شکۆی پاریس واتە فەرەنسا.

بێگومان ئەم هەڵسەنگاندنەی لەلایەن بیرمەندانی سیاسیی و شارەزایانی پیوەندییە نێو دەوڵەتیەکان بۆ سەرۆکی هەرێمی کوردستان کراوە، لە چەندین رەهەندی جیاوازەوە هەڵسەنگێنراوە و لەنێو ئەو رەهەندە جیاوازانەدا سەربەخۆیی بڕیاڕی سیاسیی سەرۆك بارزانی بەرز نرخێنراوە، لێرەدا دەکرێت بەچەند خاڵێك ئاماژەیان پێبکەین:

١- ئەو ناوچەیەی بەرێز مسعود بارزانی سەرۆکایەتی دەکات، یەکێکە لە ئاڵۆزترین و گەرمترین ناوچەکانی جیهان لە رووی سیاسیەوە، بەرێز مسعود بارزانی لەم ناوچە ئاڵۆزەدا زۆنێکی دیموکراتی دروستکردووە کە لەناوچەکەدا وێنەی نییە.

٢- ئەو هەرێمەی بەرێز مسعود بارزانی سەرۆکایەتی دەکات، هەرێمێکی داخراوە لەرووی جوگرافیەوە، واتە هەرێمەکە لەسەر دەریا نییە، هەتا بەرووی جیهاندا کرابێتەوە، بەڵام سیاسەتی حەکیمانەی بەرێز مسعود بارزانی ئەم هەرێمە داخراوەی کردۆتە هەرێمێکی کراوە و هەموو دەرگاکانی بەرووی جیهاندا واڵاکردۆتەوە.

٣- ئەو هەرێمەی بەرێز مسعود بارزانی سەرۆکایەتی دەکات، بەچەند دەوڵەتێك دەورەدراوە، کە هەموویان دۆستی ئەمریکانین، بەپێچەوانەوە هەرێمی کورستان درێژترین سنووری لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێراندا هەیە، پێوەندییەکانی کۆماری ئیسلامی و ئەمریکاش لەوپەڕی خراپیدان، بەڵام لە هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان کونسوڵخانەی کۆماری ئیسلامی کراوەتەوە و لە تاران نوێنەرایەتی هەرێمی کوردستان هەیە، زیاد لەمەش پێوەندییە ئابووری و بازرگانیەکان رۆژ لە دوای رۆژ لە نێوان هەرێمی کوردستان و کۆماری ئیسلامی ئێران لەپەرەسەندندایە وتەنانەت ئێستا هاووڵاتیانی کۆماری ئیسلامی بە ئوتومبێلی خۆیان سەردانی هەرێمی کوردستان دەکەن و هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستانیش بەهەمان شێوە سەردانی کۆماری ئیسلامی دەکەن.

٤- هەروەها سوریا دەوڵەتێکی دیکەیە کە سنووری لەگەڵ هەرێمی کوردستان هەیە و بە ئاشکراش لەگەڵ ئەمریکا ناکۆکە، بەلاّن پێوەندییەکی ئاسایی لەگەڵ هەرێمی کوردستان هەیە.

٥- تەنیا دەوڵەتێك کە دۆستی ئەمریکایە و سنوورێکی فراوانی لەگەڵ هەرێمی کوردستان هەیە، دەوڵەتی تورکیایە، بەڵام لە ساڵی ٢٠٠٣ ەوە تا ساڵی ٢٠٠٨ بە درێژایی پێنج ساڵ پێوەندیەکانی هەرێمی کوردستان و دەوڵەوتی تورکیا ئاسایی نەبوون، بەڵام ئەم نائاسایی بوونەی پێوەندییەکانی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان نەبووە هۆکارێ بۆ ئەوەی پێوەندییە ئابوری و بازرگانیەکانی نێوان هەردوولا رابوەستێت یان ئاستەنگی تێبکەوێت، ئەمەش مانای ئەوەبوو کە سیاسەتی لۆژیکانەی بارزانی لەسەر بنەمای هاوسێیەتی باش و لەسەربنەمای رێز و بەرژەوەندی هاوبەش بووە، وەك ئێستا دەیبینن پێوەندیەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا لەوپەڕی باشیدایە و کونسوڵخانەی فەرمی تورکیا لە هەولێر کراوەتەوە.

٦- لەسەر ئاستی پرۆسەی سیاسی عێراق و قۆناخە سەختەکانی شەری مەزهەبی لە عێراق و سەرهەڵدانەوەی بیری شۆفێنزمی عەرەبی سەبارەت بە نکۆڵیکردن لە مافە شەرعیەکانی کوردستان لە چوارچێوەی عێراقدا، بارزانی نەك نەیهێشت ئەو بارودۆخە ئاڵۆزە ببێتە هۆکارێك بۆ شکستی پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا، بەڵکو هەوڵەکانی بارزانی بوونە هۆکاری ئەوەی کە لایەن پێکناکۆکەکان لێکنزیك بکاتەوە و پرۆسەی سیاسیی عێراق لە شکستخواردن رزگار بکات، هەروەها بە پێداگرتنی لەسەر جێبەجێکردنی دەستوور توانی تارادەیەکی زۆر ئەو دیدە شۆڤێنییە عەرەبیە بگۆڕدرێت کەسەیری هەرێمی کوردستانی پێدەکرا.ئەمە وایکرد کە هەرێمی کوردستان بۆ عێراق هەموو کاتێك هۆکارێك بێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی عێراق نەك هۆکارێك بێت بۆ دروستکردنی کێشە لە عێراقدا.

٧- لەسەر ئاستی دەوڵەتانی عەرەبی دراوسێی عێراق، سیاسەتەکانی سەرۆك بارزانی بە ئاستێك بوو کە پێوەندییەکی ئاسایی لەگەڵ هەردوو دەوڵەتی کوەیت و شانشینی ئوردن دامەزراندبوو، لەگەڵ سعودیەش جۆرە پێوەندییەك هەبوو، بەڵام سەردانی ئەمجارەی بەرێزیان لەسەر داوەتی فەرمی شا عەبدوڵلا بۆ سعودیە ئەوەی سەلماند کە پێوەندیەکانی هەرێمی کوردستان لەسەر ئاستی عەرەبی و سەرجەم دەوڵەتانی دراوسێی عێراق گەیشتۆتە ئەو ئاستەی هەموو لایەك رێزی لێبگرێت وهەموو لایەك گەیشتوونە قەناعەت کە سیاسەتەکانی بەرێز مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان فاکتەری سەرەکی ئاسایش و سەقامگیری هەرێمیی و نێودەوڵەتییە.

ئاماژەکردنمان بۆ ئەم خاڵانە جۆرە تایبەتمەندییەك لە سیاسەتەکانی بەرێز مسعود بارزانی پیشاندەدا، کە جیاوازە لە سیاسەتی سەرۆك و پادشاکانی رۆژهەڵاتی ناوەراست و تائێستا هیچ سەرۆکێك نەیتوانیوە هاوسەنگیەکی لەو جۆرە لە سیاسیەت و پێوەندییە نێو دەوڵەتیەکاندا دروست بکات، هەر بۆیە ئەوانەی لەسەر ئاستی ئەکادیمی بەرز دیراسەتی سیاسەت و پێوەندییە نێودەوڵەتیەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکەن، بە ئیعجابەوە سەیری ئەو ئاکامە پۆزەتیفە دەکەن کە سیاسەتەکانی بەرێز مسعود بارزانی لەسەر ئاستی ئەو بارودۆخە ئاڵۆزەی ئەو ناوچە هەستیارەی جیهان بەدەستی هێناوە.

ئەم راپۆرتە لەم روانگەیەوە سەیری سەردانە فەرمیەکەی بەرێز مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ عەرەبستانی سعودیە و پێشوازی گەرمی لەلایەن شاعەبدوڵلاوە و بەخشینی مەدالیای عەبدولعەزیز ئالسعود بەبەرێزیان

**سیاسەتی حەکیمانەی بەرێز مسعود بارزانی ئەم هەرێمە داخراوەی کردۆتە هەرێمێکی کراوە و هەموو دەرگاکانی بەرووی جیهاندا واڵاکردۆتەوە**

**بارزانی نەک نەیهێشت ئەو بارودۆخە ئاڵۆزە ببێتە هۆکارێک بۆ شکستی پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا، بەڵکو هەوڵەکانی بارزانی بوونە هۆکاری ئەوەی کە لایەن پێکناکۆکەکان لێکنزیک بکاتەوە و پرۆسەی سیاسیی عێراق لە شکستخواردن رزگار بکات**



**سیاسەتەکانی بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان فاکتەری سەرەکی ئاسایش و سەقامگیری هەرێمیی و نێودەوڵەتییە**

دەکات، بەو جۆرە هەڵیدەسەنگێنێت کە ئەمە نیشانەی ئەوەیە لەسەر ئاستی دەوڵەتانی عەرەبی و شانشینی عەرەبستانی سعودیە تەفەهومی سیاسەتەکانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەکەن و گەیشتوونە ئەو قەناعەتەی کە ڕێگەی ڕاست ئەو سیاسەتەیە کە سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە کوردستان پیادەی دەکات و ئەو هەوڵانەیە کە بۆ سەرخستنی پرۆسەی سیاسی لەعێراقدا دەیدات و ئەو پێوەندییانەیە کە لۆژیکی سەرۆك بارزانی لەسەر بنەمای هاوسێیەتی باش لەگەڵ دەوڵەتانی دراوسێی هەرێمی کوردستان و دراوسێکانی عێراق بەگشتی پیادەی دەکات.

**ئەم سەردانە نیشانەی ئەوەیە عەرەبستانی سعودیە ئامادەیە ڕێز لە دەستووری عێراق بگرێت و هەرێمی فیدراڵی کوردستانیش کە دەستووری عێراق بەرەسمی ناساندویەتی، ڕێزی لێدەگرێت**

## پێشوازی شا عەبدوڵڵا لە سەرۆک بارزانی ڕێز گرتنی سعودیە لە هەرێمی فیدراڵی کوردستان لە چوارچێوەی عێراقدا

پرۆسەی فیدراڵی عێراق و جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان بۆ عێراقی داهاتوو، باسێکی تازەیە و لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و ئەمریکاش دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ٢٠٠٢، ئەم باسە بە شێوەیەکی فەرمی و لە چوارچێوەی کۆنگرەیەکی نێو دەوڵەتیدا بۆ یەکەمجار لە کۆنفراسی ( کورد کلیلی سەقامگیری عێراقە) لە سەنتەری مستەفا بارزانی بۆ ئاشتی لە زانکۆی ئەمریکا پێشکەش کرا و دوای ئەوەیش لە کۆنفراسی فیدرالیزم لە زانکۆی سانت گەلن لە سویسرا باسکرا، بەڵام باسەکانی زانکۆی سانت گەلن گشتی بوون و سەبارەت بە ئەزموونە سەرکەوتووەکانی فیدرالیزم بوون لە جیهاندا بۆ عێراقی داهاتوو ئەمەش وەك شێوازێکی حکومڕانی ئاماژەی پێکرابوو، بەڵام باسەکانی ناو کۆنگرەی (کورد کلیلی سەقامگیری عێراق) تایبەت بوون بە عێراق و میکانیزمی فیدراڵیزەکردنی عێراق، ئەوەشی ئەم کۆنگرە نێو دەوڵەتییەی ڕێکخستبوو سەنتەری مەلامستەفا بوو بۆ ئاشتی و تایبەت بوو بە هەڵسەنگاندنی ئەم پرسە گرنگە لەسەر ئاستێکی ئەکادیمی سیاسیی بەرز، واتە ئەوانەی لەو کۆنگرەیە بەشداربوون زۆربەیان ئەکادیمیە ناسراوەکانی جیهان بوون لەسەر پرسی عێراق و ڕۆژهەڵاتی ناوەراست بەگشتی، لێرەدا پێویستە ئاماژەش بەوە بکرێت، کە بەڵی ڕاستە پێشتر مەسەلەی فیدراڵی لە کۆنگرەی سەلاحەددین لەساڵی ١٩٩٢ و دواتریش لە کۆبوونەوەکانی موعارەزە و کۆنگرەی لەندەن باسکرابوو، بەڵام ئەو باسکردنانە باسکردنێکی سیاسیانەی هێزەکانی ئۆپۆزسیۆنی عێراق بوون، بەڵام ئەوەی لە کۆنگرەی دووەمی سەنتەری مستەفا بارزانی لە ساڵی ٢٠٠٢ خرایە ڕوو، بە جیهان ناساندنی چەمکی فیدراڵیەت و جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان بوو بۆ عێراقی داهاتوو( عێراقی دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس)، بۆیە ئەم باسە لەسەر کۆمەڵێك ئاست تازەبوو، هەم لەسەر ئاستی سیاسەتی ئەمریکا بۆ عێراق کە ئەوکات ئەمریکا بڕیاری ڕووخاندنی ڕژێمی عێراقی دابوو، هەروەها بۆ کۆنگرێسمانەکانی ئەمریکاش تازەبوو کە بڕیاریان لەسەر سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر عێراقدا، بۆ موعارەزەی عێراقیش تازەبوو، لەبەر ئەوەی فیدرالیزم و دابەشکردنی دەسەڵاتەکان بە جۆرێك لە دابەشکردنی عێراق تێدەگەیشتن، لەسەر ئاستی دەوڵەتانی ئیقلیمیش، بەتایبەتی بۆ هەردوو دەوڵەتی تورکیا و سعودیە، تەواو تەواو بە مانای دابەشکردنی عێراق و جاڕدانی دەوڵەتی سەربەخۆیی کوردستان لە قەڵەم دەدرا، سەبارەت بەم



**عەرەبستانی سعودیەش ئەو راستیەی بۆ دەرکەوت کە بەبێ بەشداری هەرێمی کوردستان نە پرۆسەی سیاسی عێراق سەرکەوتوو دەبێت، نە حکومەتی داهاتووی عێراق پێکدەهێنرێت**

ناحاڵیبوونــە لە چەمکــی فیدرالیزم بۆ عێراق، پرۆفیسۆر لیسلی گلب سەرۆکی فەخــری ئەنجوومەنــی پێوەندییەکانی دەرەوە(CFR) لە دیمانەیەکی تایبەتدا ئەم راستیانەی بۆ گوڵان ئاشکرا کرد:

١- پرۆفیسۆر گلب بە گوڵانی راگەیاند، کاتێك پرســی فیدراڵیەتم بــۆ عێراق لە ناو ئەنجوومەنــی پێوەندییەکانی دەرەوەی کۆنگرێس باسکرد، تەنیا بەرێز جۆزیف بایدن ( جێگری ئێســتای سەرۆك ئۆباما، ئەو کاتە بایدن سەرۆکی لیژنەی ئەنجومەنی پێوەندییەکانــی دەرەوەی کۆنگرێس بوو) پشتگیری بۆ چوونەکەی کردم.

٢- پرۆفیسۆر گلب بە گوڵانی راگەیاندن، لۆبیەکانی سعودیە کاریگەریەکی گەورەیان لە نــاو کۆنگرێس هەیــە و دژی ئەوەن عێــراق ببێتە دەوڵەتێکــی فیدراڵی،بۆیە پێی راگەیاندین پشــتگیری سعودیە بۆ فیدراڵیەتی عێراق گرنگیەکی رادەبەدەری هەیە.

ئــەم باکگراوەندە پێویســت بوو بۆ ئەوەی لەبایەخی داوەتنامــە فەرمیەکەی بەرێز شــاعەبدوڵلا بۆ بەرێز مســعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان تێبگەین، بەم چەند خاڵە ئاماژەی پێدەکەین:

١- ئــەم ســەردانە نیشــانەی ئەوەیــە عەرەبســتانی ســعودیە ئامادەیە رێز لە دەســتووری عێــراق بگرێــت و هەرێمی فیدراڵی کوردستانیش کە دەستووری عێراق بەرەسمی ناساندویەتی، رێزی لێدەگرێت.

٢- ئەم سەردانە ئەوەی لێدەخوێنرێتەوە کە عەرەبستانی ســعودیە هانی عێراقیەکان دەدات کە دەســتووری وڵاتەکەی خۆیان جێبەجــێ بکــەن، ئەمــەش یەکێکە لە داواکاریەکانــی هەرێمی کوردســتان بۆ پرۆسەی سیاسیی و پێکهێنانی حکومەتی داهاتوولە عێراقدا.

٣- ئــەم ســەردانە ســەلماندی بەوەی عەرەبســتانی ســعودیەش ئەو راستیەی بۆ دەرکەوت کە بەبێ بەشــداری هەرێمی کوردســتان نە پرۆســەی سیاسی عێراق سەرکەوتوو دەبێت، نە حکومەتی داهاتووی عێراق پێکدەهێنرێت، نە ســەقامگیری و ئارامیش لە ناوچەکە دێتە ئاراوە.

## پەیوەندیەکانی لوبنان و کوردستان وێستگەیەکی دیکەی سەردانەکەی سەرۆک بارزانی بوو

لوبنان جیــا لەوەی لەرووی سیســتمی حکومڕانیەوە لە نــاو دەوڵەتانی عەرەبی بەدەوڵەتێکــی دیموکراتــی دادەنرێــت، لەرووی پێکهاتەی ئیتنی و مەزهەبیشەوە بــە وڵاتێکی فــرە ئیتنــی و مەزهەبی هاوشێوەی عێراق دادەنرێت، ئەمە بێجگە لــەوەی ژمارەیەکــی زۆری کــورد لە لوبنــان هەن، کە هەمــوو کات رایەڵەی پێوەندییەکانی نێوان کوردســتان و لوبنان بــوون، هەربۆیــە ســەردانی ئەمجارەی سەرۆك بارزانی لەســەر داوەتی فەرمی سەعد هەریری ســەرۆك وەزیرانی لوبنان و کۆبونەوەی لەگەڵ ســەرۆکی لوبنان و سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی لوبنان، بایەخێکی گرنگی هەیە بۆ پێوەندی نێوان هەرێمی کوردســتان و لوبنان بە تایبەتی و عێراق و لوبنان بە شــێوەیەکی گشتی، هەروەهــا کۆبوونــەوەی بەرێزیان لەگەڵ کوردانی لوبنان بەجیا و باسکردنی رەوشی ئێستای هەرێمی کوردستان لەسەر ئاستی پێشــکەوتنەکانی سیاســیی و ئابووری و کۆمەڵاتــی لە هەرێمی کوردســتان، پتەوکردنــی رایەڵــەی نێــوان هەرێمی کوردســتان و کوردانــی دانیشــتوانی لوبنانــە، کــە ئەوانیــش ســەرکەوتن و بەرەوپێشەوەچوونەکانی هەرێمی کوردستان بە بەرەو پێشــەوە چوون و ســەرکەوتنی خۆیان دەزانن.

**سەردانی ئەمجارەی سەرۆک بارزانی لەسەر داوەتی فەرمی سەعد هەریری سەرۆک وەزیرانی لوبنان و کۆبونەوەی لەگەڵ سەرۆکی لوبنان و سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی لوبنان، بایەخێکی گرنگی هەیە بۆ پێوەندی نێوان هەرێمی کوردستان و لوبنان**



سەعدی ئەحمەد پیرە (ئەندامی مەکتەبی سیاسیی) یەکێتی نیشتمانی کوردستان بۆ گوڵان:

# سەردانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ سعودیە بە بانگهێشتی فەرمی پادشای سعودیە بووە و گرنگە لە زاری سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە هەڵوێستی ئێمە بزانن

**بەرێز سەعدی ئەحمەد پیرە ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی نیشتمانی کوردستان،لە دیمانەیەکی تایبەت لەگەڵ گوڵان تیشکی خستە سەر کۆمەڵێك باسی گرنگ کە پەیوەستن بە باردۆخی سیاسیی ئەمڕۆی کوردستان و عێراقەوە، ئەمەش دەقی بۆچوونەکانیەتی.**

**• جێگەی خۆشحاڵییە کە نوێنەرانی گەلی کوردستان ئەمجارەش بە یەك گوتار دەچنەوە بەغدا، بەڵام دەبێت ئەو راستیەمان لەبەرچاو بێت کە هاوکێشەی سیاسیی دوای هەڵبژاردنەکانی عێراق، هاوکێشەیەکی ئاسان نییە، پرسیاری ئێمە ئەوەیە: ئایا کورد چۆن لەم هاوکێشە سیاسییە ئاڵۆزەدا مامەڵە دەکات؟**

- کاتێك باسی مەسەلەیەکی وا گرنگ دەکەین، پێویستە پێش هەر شتێك سروشتی ئەم قۆناخە پێناسە بکەین،دیارە لەم قۆناخەدا ناتوانین بڵێین عێراق لە دوای چوار یان پێنج ساڵ، یان یەك دوو هەڵبژاردن بۆتە وڵاتێکی دیموکراتی و پەرلەمانی هەقیقی،نەخێر ئێستا عێراق لە قۆناخی پۆست دیکتاتۆریەتە، راستە قۆناخی دیکتاتۆریەتی تێپەڕاندووە بەڵام نەشگەیشتۆتە پرۆسەی تەواوی دیموکراتی،ئێستا عێراق بە قۆناخێکدا تێدەپەرێت خەریکەخۆی لەسەر ئەو میکانیزمانە رابهێنێت کەبەرەو دیموکراتیەتی دەبات، یەکێك لەو میکانیزمانەش بە دڵنیایەوە (هەڵبژاردن) ە،دوای ئەوە دەستاودەستکردنی ئاشتیانەی دەسەڵات دێتە پێشەوە،ئەوی دیکەیان رێگەدانە بە( رای گشتی )و بەشداری پێکردنیەتی بۆ دامەزراندنی دامەزراوە شەرعییەکان،لێرەدا یەك خاڵی گرنگ دەمێنێتەوە ئەویش لە بونیادی رۆشنبیری دەستووریدایە بەوەی چۆن رێز لە دەستوور دەگیرێت و چۆن بە رێگەی جێبەجێکردنی دەستوور کێشەکانی خۆمان چارەسەر دەکەین، بونیادی ئەم رۆشنبیرییە دەستووریەش تەنیا ئەرکی ئەو پارت و لایەنە سیاسیانە نییە کە بەشداری پرۆسە سیاسیەکە دەکەن بەڵکو ئەرکی تێکڕای رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و هۆیەکانی راگەیاندن و خوێندنگاکانە، مزگەوتەکان..تاد، ئەمانە دەبێت هەموو پێکەوە بەشدار بن، بۆ ئەوەی ئەو رۆشنبرییە لای هەر تاکێکی ئەم کۆمەڵگەیە دروست ببێت.

**• مەبەستی ئێمە لەو پرسیارەی پێشوو تایبەتە بە چۆنیەتی مامەڵەکردنی شاندی کوردستان بۆ گرێدانی هاوپەیمانی لەگەڵ لایەنەکانی دیکەی عێراقدا، ئێستا دوای ئەوەی نوێنەرانی کوردستان لەسەر خیتابێکی هاوبەش رێککەوتون، دەتوانین بڵێین کورد بەرنامەیەکی هەیە، ئایا چۆن ئەو بەرنامەیەی خۆی جێبەجێ دەکات؟**

- ئێمە دەبێت ئەو راستیەمان لەبەرچاو بێت بەوەی جیاوازیەك لە نێوان پەرلەمانی کوردستان و پەرلەمانی عێراقدا هەیە، لە پەرلەمانی عێراقدا کێشە قورسەکان تاوتوێ دەکرێتهەر لەوێش وتووێژی لەسەر دەکرێت،لەوانەش وتوێژکردن لەسەر (مادەی ١٤٠)، یاسای نەوت وگاز،مەسەلەی پێشمەرگە،سیاسەتی دەرەوە، سیاسەتی ئاو، هەروەها وتوێژکردنە لەسەر سیستمی حکومرانی لە عێراقدا،زیاد لەهەموو ئەمانەش بەداخەوە لەناو هەموو گرووپ و لایەنە سیاسیەکانی عێراقدا هەتا ئەم ساتەش کە ئەمرۆ لەسەروبەندی یادکرنەوەی کارەساتی شوومی ئەنفالین، راستە (عەلی حەسەن مەجید و سەدام حوسێن و زۆربەی ئەوانی دەستیان لەو تاوانەدا هەبووە) لە سێدارە دراون،بەڵام بەداخەوە لە نێو زۆربەی لایەنە سیاسیەکاندا عەلی حەسەن مەجیدی بچووك و سەدام حوسێنی بچووك بە نەهج و شێوەی بیرکردنەوە هێشتا ماون، ئەوجا لێرەوە بابێینەوە بۆ رێککەوتنی ستراتیژی نێوان پارتی و یەکێتی، کاتێك پارتی و یەکێتی بەپێی رێککەوتن بە یەك لیست دادەبەزن، ئێمە ناڵێین ئەمە باشترین شێوەی دیموکراتیەتە،بەڵکو هەردوولامان( پارتی و یەکێتی ) دەڵێین کورد بە قۆناخێکی مەترسیداردا تێدەپەرێت،باردۆخی سیاسیی هەم لە هەرێمی کوردستان و دەوربەری و هەم لە عێراقدا دەڵەمەیە،تابلۆی سیاسیی لە جووڵە و گۆڕانکاریدایە، بۆیە کورد پێویستی بە خۆپاراستن و یەکریزی و سەنگەر قایمکردن هەیە،ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئێمە بە یەکڕیزی توانیومانە لەپرۆسەی ئازادکردنی عێراق و لە پرۆسەی نووسینەوەی دەستووری عێراقدا بەشێکی زۆری داخوازییەکانی خەڵکی کوردستان لەناو دەستووردا بچەسپێنین،هەندێکیمان جێبەجێ کردووە، هەندێکی دیکەیان بەرێوەن تا جێبەجێ بکرێن، ناوچەیەکی گەورە و فراوانمان هەیە تا ئێستا نەگەڕاونەتەوە سەر هەرێمی کوردستان و پێیان دەگوترێت (ناوچە جێناکۆکەکان)، من پێموایە هەرگیز کورد شەڕی لەسەر دهۆك و هەولێر سلێمانی و هەولێر نەبووە، بەڵکو کورد هەمووکات شەڕی لەسەر خانەقین و کەرکوك و شەنگار و تەواوی ئەو ناوچانە بووە، کە ئێستا پێیان دەڵێن ناوچە جێناکۆکەکان، هەموو وتوێژەکانی شۆرشی کوردستان لەگەڵ حکومەتە یەك لە دوایەکەکانی عێراق، لەسەر ئەم ناوچانە بووە و هەر لەسەر ئەم ناوچانەش ئەو وتوێژانە نەگەیشتوونەتە ئاکام وهەمیشە لەسەرئەوانە شەڕ دەستی پێکردۆتەوە، ئەمرۆ کە جەنابی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، جەنابی سەرۆك کۆمار، هەردوو مەکتەبی سیاسیی پارتی و یەکێتی داوادەکەن پێویستە خیتابی کوردستان بۆ بەغدا یەکگرتوو بێت، ئەو باردۆخە هەستیارو ترسناکە بەباشی دەبینین، دەزانین بە بەبێ یەکڕیزی و یەکهەڵوێستی هیچمان پێناکرێت،ئێمە دەزانین ئەگەر مەسەلەکان بە ژمارەی کورسی و دەنگ پێوانە بکەین، ئەوا ئەو راستیە لەبەر چاوە بە ژمارەی کورسی و دەنگ هیچمان بۆ ناکرێت، بۆیە پێویستمان بە دۆست و هاوپەیمانی دیکە هەیە لە نێو لایەنە سیاسەکانی عێراقدا، ئەوجا بۆ ئەوەی کاریگەریمان لەسەر پرۆسە سیاسیەکە هەبێت، ئەوا پێویستە یەکریز و یەك هەڵوێست بین، بەو شێوەیەش کاریگەریمان باشتر دەبێت.

**• خوێندنەوەی واقیعی عێراق روون نییە بۆ شاندی کوردستان کە بەشداری دانوستاندنەکانی داهاتوو دەکات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا واقیعی دوای هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییە جیاوازە لە واقیعی هەڵبژاردنەکانی پێشووتر، کۆمەڵێك گۆڕانکاری لە تابلۆی سیاسیی عێراقدا روویانداوە، ئایا کورد تاچەند دەتوانێت بە هاوشانی ئەو گۆڕانکاریانە خیتابی خۆی بگۆڕێت و لەو پرۆسە سیاسیەدا سەرکەوتن بەدەست بهێنێت؟**

- پێش هەموو شت ئێمە وەك هەرێمی کوردستان و پێشتریش لە قۆناخی خەباتی چەکداری، بەشێك بووین لە هاوکێشەی سیاسیی عێراق و بەشێکی ئەوانەشی ئەمرۆ لە پرۆسەی سیاسیی عێراقدا ئۆپۆزسیۆن بوون پێشتر هاورێ و هاوسەنگەری ئێمە بوون،ئەوجا ئەم هاوسەنگەرییە لە ناو بەندیخانەکانی رژێمی بەعس بووبێت، یان لەسەنگەری بەرخودان و مقاوەمەت بووبێت، یان لەژیانی ئاوارەیدا بووبێت، هەموو پێکەوە چارەنووسی هاوبەشمان هەبووە،بۆیە ئێمە واهەست دەکەین لەگەڵ ئەو بەشەیان زمانی هاوبەش و رابردوویەکی هاوبەشمان هەیە،لە باری واقیعیشدا تەنها ئەوەی ئاماژەم پێکرد بەس نییە، لەبەر ئەوەی زۆرجار ئیستیحقاقی هەڵبژاردنیش هەندێك باردۆخ فەرز دەکات،بەڵام ئەوەی گرنگە لەم پرۆسەیەدا بەچەند خاڵێك ئاماژەیان پێدەکەم:

أ- ئێمە وەك کورد دەرگای وتوێژکردن لەسەر هیچ لایەنیك دانەخەین کە بەشداری لە پرۆسەی هەڵبژاردن کردبێ، لەبەر ئەوەی ئێمە بەرپرس نین لەسەر ئەوەی ئەو لایەنە چۆن سیاسەت دەکات، ئێمە بەرپرسین داخوازیەکانی خۆمان بەدەست بهێنین.

ب- هەر لایەنێکی سیاسیی پێویستی بەدەنگەکانی ئێمە بێت و بیەوێت هاوپەیمانیمان لەگەڵدا گرێبدات، دەبێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانمان هاوکاری ئێمە بێت و لەگەڵ حکومەتی داهاتووی عێراق بە جێبەجێکردنی دەستوور پابەندبێت بە تایبەتی (مادەکانی ١٤٠ و ٧ )ی ئەو دەستوورە.

ت- دەبێت پابەندبێت بە سیاسەتی حکومڕانی عێراق وەك لە دەستووردا بڕیاری لەسەردراوە، عێراق دەبێت عێراقێکی فیدرالی فرەیی و پەرلەمانی بێت.

ث- دەبێت لە پرۆسەی بڕیارداندا هەرێمی

**کورد لە عێراقدا نەتەوەیەکی سەرەکییە و لەگەڵ عەرەبی عێراقیشدا هاوبەشی دەسەڵاتە، بۆیە بە کورسی دەنگ مامەڵەی لەگەڵ ناکرێت**

**لە رێگەی جێبەجێ کردنی دەستوورەوە چارەسەر بۆ کێشەکان دەدۆزینەوە**

کوردستان بەشدار بێت.

ج- دەبێت هەرێمی کوردستان دەسەڵاتی بەسەر سامانە سروشتییەکانی خۆی و چۆنیەتی دەرهێنانی فرۆشتنی ئەم سامانە هەبێت و هەروەها دەبێت بەشدار بێت لە چۆنیەتی دابەشکردنی ئەو داهاتە و خەرجکردنی، ئەمەش واتە دەبێت داهاتی سامانە سروشتیەکان بۆ خۆشگوزەرانی خەڵکی عێراق بێت، نەك بۆ ئەوە بێت بەکاربهێنرێت تا عێراق ببێتە هەڕەشە بۆ سەر گەلانی دراوسێی.

ح- دەبێت کورد وەك نەتەوەیەکی سەرەکی لە عێراق مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، بەوەی عێراق لە دوو نەتەوەی سەرەکی پێکهاتووە وهەردوولا هاوبەش بن لەحکومڕانی عێراقدا، نابێت لەسەر بنەمای کورسی و دەنگ مامەڵە لەگەڵ کورد بکرێت، لێرەدا بەپێویستی دەزانم ئاماژە بەوە بکەم بۆچی دەنگی کورسیەکانی لیستی ئەلعراقیە ٢٩ هەزار دەنگ بێت و دەنگی کورسیەکانی کوردستان ٤٦ هەزار دەنگ بێت، لیستی ئەلعراقیە ٢،٧٠٠،٠٠٠ دوومليۆن و حەوت سەد هەزار دەنگی هێناوە ژمارەی کورسیەکانی ٩١ کورسییە، لە کوردستان ٢،٦١٦،٠٠٠ بەشداری کردووەو ژمارەی کورسیەکانی ٥٧ کورسیە. ئەمەش مانای ئەوەیە مامەڵەی یەکسانی هاوڵاتیبوون لەگەڵ هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان نەکراوە.

خ- مەسەلەی دیاریکردنی سنووری کوردستان، ئەمەش مەسەلەیەکی دیکەیە دەبێت سنووری هەرێمی کوردستان لەناو عێراقدا دیاری بکرێت.

د- دەبێت ئامارێکی ڕاست و دروست ئەنجامبدرێت، ئەو لیستەی ئەمجارە بۆ هەڵبژاردن پشتی پێبەسترا لیستێکی زۆر ناقۆڵا بوو، عێراق قەت ژمارەی دانیشتوانی ناگاتە ٣٢ ملیۆن، هەر ٢٥-٢٦ ملیۆن دەبێت.

**• ئەوەی باسمانکرد ئەوە وەك ئیستحقاقی هەرێمی کوردستانە لە عێراقدا، لایەنێکی دیکەی ئەم مەسەلەیە بەشداری خۆمانە لە حکومەتی داهاتووی عێراقدا، پرسیاری ئێمە ئەوەیە ئایا کە دەڵێن دەبێت کورد بەشداری کردەیی هەبێت لە حکومڕانی داهاتووی عێراقدا، مەبەستان چییە؟**

- بەشداری ڕاستەقینەی کورد لە حکومڕانی عێراقدا یەکێکە لەو مەسەلەگرنگانەی دیکە کە ناکرێت کۆمپرۆمایزی لەسەر بکرێت، هەر بۆ نموونە:

أ- ئێمە بۆچی پێ لەسەر وەزارەتی دەرەوەی عێراق و سەرۆکی ئەرکانی سوپای عێراق دادەگرین، بێگومان لەبەر ئەوەی سەرچاوەی کێشە و نەهامەتیەکانی ڕابردوومان لەو دوو سەرچاوەیەوە بوون، بۆیە بوونی کورد لەو دوو پۆستە گرنگە گەرەنتیە بۆ ئەوەی ڕێگە لەوە بگرین ئەو نەهامەتیانە دووبارە ببنەوە.

ب- پۆستی سەرۆك کۆمار ئەویش مەسەلەیەکی دیکەیە و پێی لەسەر دادەگرین، پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئەگەر دەتانەوێت کورد بەشداری کردەیی لە حکومەتی عێراقدا بکات، ئەوا لە عێراقدا هەشت پۆستی سەروەری هەیە، سیانیان سەرۆکایەتین و پێنجیان وەزارین، دەبێت کورد یەکێکی سەرۆکایەتی و یەکێکی وەزاری بەر بکەوێت.

ت- مەسەلەی پێشمەرگە، دەبێت پێشمەرگە بەشێك بێت لە سیستمی بەرگری عێراق و پێشمەرگە ئەوجا ناوی دەنێن هێزی پاسەوانی کوردستان، گاردی کوردستان، دەبێت پێشمەرگە وەك بەشێك لەسیستمی بەرگری عێراق سنوورەکانی هەرێمی کوردستان بپارێزێت.

**• سەبارەت بەو مەزندانەی بۆ پێکهێنانی حکومەتی داهاتووعێراق دەکرێت، پسپۆرانی ڕۆژئاوا مەزندەی ئەوە دەکەن هەتا مانگی حوزەیران و تەمووزی دادێ لایەنە عێراقییەکان ناگەنە هیچ ڕێککەوتنێك.دوای ئەوە ئەمریکا دێتە ناوەوە و حکومەت پێکدێت، ئایا بۆچوونی بەڕێزتان لەمبارەوە چییە؟**

- دامەزراندن و پێکهێنانی حکومەتی داهاتووی عێراق ئەرکی حزب و لایەنە سیاسیەکانی عێراقە، حزب ولایەنە سیاسیەکانی عێراقیش بەشی ئەوەندە هەست بە بەرپرسیاریەتی دەکەن، لەوانەیە هەندێك گرووپ هەبن کە چەندین ساڵە هێزی دەرەکی کاریان لەسەر دەکات و دەیانەوێت لە دەرەوەڕادروستیان بکەن، بەڵام ئێمە دەبێت لەگەڵ ئەو لایەنانە هاوپەیمانی بکەین کە هەندێك لە بڕیاری سیاسی خۆیان سەربەخۆن، هەندێك هەن دەڵێن کێ نفوزی زیاترە لە پرۆسەی سیاسیی عێراقدا، ئایا ئێران یان ئەمریکا یان سعودیە یان سوریە؟ من پێموایە سەرەنجام ئەوانە نامێنن و بڕیارەکە بۆ عێراقیەکان دەگەڕێتەوە، بەڵام ئەگەر بپرسین ئایا دەوڵەتانی دراوسێی عێراق کاریگەریان لەسەر پرۆسەکە نابێت؟ بێگومان دەیان بێت، لەبەر ئەوەی عێراق شەش دەوڵەت دراوسێیەتی دوانیان غەیرە عەرەبین کە سنووری ١٥٠٠ کیلۆمەترمان لەگەڵیاندا هەیە و چوارشیان عەرەبین و سنووری ٢٠٠٠ کیلۆمەترمان لەگەڵیاندایە، بۆیە ئەوانیش مافی خۆیانە بزانن پرۆسەی سیاسیی عێراق بەرەو کوێ هەنگاو هەڵدەگرێت.

**• ئایا بەرای تۆ حکومەت زوو پێکدێت؟**

- منیش هەمان ڕای ئێوەم هەیە پێموایە لە مانگی حوزەیران و تەمووز تەواو دەبێت.

**• بەبێ دەستێوەردانی ئەمریکا؟**

- نەخێر ئەم لە دایکبوونە جۆرێك لە نەشتەرگەری قەیسەری دەوێت.

**• دوای ئەوەی بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەسەر ئاستی ناوخۆ خیتابی سیاسیی کوردی یەکخست، سەردانی چەند دەوڵەتێکی عەرەبی کرد، لەوانە سعودیە، ئایا بەرای بەڕێزت هۆکاری ئەم سەردانەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەم کاتەدا بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

- بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان خۆی داوای نەکردبوو سەردانی سعودیە بکات، بەڵکو پادشای سعودیە بانگهێشتی لایەنە عێراقیەکانی کردووە سەردانی سعودیە بکەن، لەسەر ئاستی عێراق جەنابی سەرۆك کۆماری عێراق چوو، لەسەر ئاستی کوردستانیش جەنابی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بە سەرۆکایەتی شاندێك سەردانی سعودیەی کردووە، بەڵام سەرۆکی هەرێمی کوردستان پێشتر سەردانی ئەمریکاشی کردووە و سەردانی ئەوروپاشی کردووە، بۆیە گرنگ بوو سەردانێکی ئیقلیمیش بکات، پاشان زۆر لەمیدیاکان بە چەواشەیی هەڵوێستی ئێمە وەك کورد دەگوازنەوە بۆ ناو ڕای گشتی عەرەبی، بۆیە گرنگە لە زاری سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە هەڵوێستی ئێمە بزانن،هەروەها پێویستە لە دووخاڵی گرنگدا دراوسێکانی خۆمان دڵنیابکەینەوە:

یەکەم : ئێمە نابینە مایەی سەر ئێشە بۆ ئەوان.

دووەم: ئێمە خوازیاری ئەوەنین عێراق بگەڕێتەوە بۆ دواوە بۆ عێراقێکی سەنترالیزمی و هەڕەشە بێت بۆ دەوڵەتانی دراوسێ،چونکە هەموو دەوڵەتە عەرەبیەکانی دراوسێی عێراق پێشتر عێراقیان بە هەڕەشە زانیوە، بۆیە ئێستا مافی خۆیانە لێمان بپرسن کاتێك ئێمە لە قەرزەکانی خۆمان خۆشدەبین دەبێت بزانین عێراق بەرەو چ ئاراستەیەك دەڕوات، ئایا دەبێتە دەوڵەتێکی سەقامگیر و تەواوکاری پرۆسەی پێشکەوتنی ئابووری و سیاسیی و ڕۆشنبیری لەناوچەکە، یان هەڕەشە ئامێز دەبێت و دەبێت بەرگری لەخۆمان بکەین. من حەزدەکەم زۆر ڕاشکاوانە ئەوەتان پێ بڵێم لەناو هێزە سیاسیەکانی عێراقدا، هێزە کوردستانیەکان لەهەموویان سەربەخۆترن لە وەرگرتنی بڕیاری سیاسیدا.

**• لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ هەردوو بەڕێزان جەنابی کاك مسعود بارزانی و جەنابی مام جەلال ڕۆڵێکی هێجگار گەورەیان لە پرۆسەی سیاسیی عێراقدا گێڕاوە و هەروەها هۆکارێك بوون بۆ مانەوەی پرۆسە سیاسیەکە و ڕێگرتن لە تێکچوونی ئەو پرۆسەیە ئایا بەرای تۆ**

**دەبێت ئامارێکی دروست بۆ زانینی ڕێژەی دانیشتووانی عێراق بکرێت**

**ئەو کەشوهەوا سەقامگیرییە سیاسی ئابووری و دیموکراتییەی لە هەرێمی کوردستاندا هەیە بۆ عارەبی سوننەو قەومیەکانی تر هەزم ناکرێت**

**ئەم دوو بەڕێزە لەم قۆناخەدا دەتوانن چ ڕۆڵێك بگێڕن؟**

- پێـــش هەموو شـــتێك دەمەوێـــت ئاماژە بۆ ئەوە بکەم، ئـــەم دووبەرێزە ( مام جەلال و کاك مســـعود ) دەرچووی قوتابخانەی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستانن، وەك بزووتنەوەیەکی مێژووکـــرد بـــۆ بەرگریکردن لـــە گەلێك کە هەڕەشەی نەمانی لەسەر بووە، ساڵانێکی دوور و درێژ لەم ناوچە ئاڵۆزەدا توانیویانە سەرکردایەتی ئەم بزووتنەوەیە بکەن و بگەنە ئاکامێکی باش، ئەمە لە کاتێکدا هەموو جارێکیش تەبا نەبوون، بۆیە ئەمە حیکمەتێکی تێدایە کە ئەم دوو زاتە لەســـەرکردەکانی دیکە جیادەکاتەوە،من پێموایە زۆر جار لە هەڵســـەنگاندنی ئـــەم دوو بەرێزە ناهەقی کراوە، لەبەر ئەوەی هەڵســـەنگاندنەکان لـــە روانگەی حزبـــی زۆر تەســـکەوە کراون، هەوڵیانـــداوە مێـــژوو پارچە پارچـــە بکەن و لەســـەر پارچەیەکی حکوم بدەن.ئـــەوە بەرای هەڵسەنگاندنێکی نازانستیانە بوون،بۆیە ئەگەر بمانەوێت کاریگەری ئـــەو دووبەرێزە( جەنابی مـــام جەلال و جەنابی کاك مســـعود بارزانی ) بنرخێنین دەبێت زۆر بەرز بیاننرخێنین، ئەمەش نەك تەنیا بۆ ئێمە وەك کورد بەڵکو بۆ عێراق و بۆ ناوچەکەش،لەوانەیە بۆ عەرەبی سونە ئاسان نەبێت ئەوەی پێ قبوڵ بکرێت سەرۆك کۆماری ئێســـتای عێراق کوردێکە و دەیان ساڵ یەکێك لەسەرکردەکانی بزاڤی رزگاریخوازی کوردستان بـــووە، هەروەها لەوانەیە بۆ عەرەبی ســـونە و قەومیەکانـــی دیکەی عێراق قبوڵ نەکرێت کە ئێستا هەرێمی کوردستان کە بەشێکە لە عێراق و دەبینن کەشـــوهەوایەکی ســـەقامگیری سیاسیی و ئابوری و دیموکراتی تێـــدا بەرقـــەرارە و لە هە مـــو و روویەکـــەوە زۆر جیاوازە لەبەشـــەکانی دیکەی عێراق و بەمانای وشە عێراقێکی دیکەیە، هەروەها ســـەرۆك ئۆباما دەڵێت ئەگەر هێزەکانمان لە عێراق بکێشـــینەوە پێوەندیەکی ســـتراتیژی درێژخایەنمان لەگەڵ عێراق و هەرێمی کوردســـتان هەبێت، لەوانەیە قبوڵیـــان نەبێـــت ســـەرکردەیەکی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان سەرۆکی ئەو هەرێمە بێت. بەڵام لەگەڵ ئەوەی ئەمەش هەیە، بەڵام لەم دوو زاتە قبوڵ دەکرێـــت، بوونەتە خاوەنی متمانەیەکی گەورە لەســـەر ئاســـتی عێراق و ناوچەکـــە و جیهانیش، ئەم دوو زاتە راســـتە لایەنگیـــری خەڵکی کوردســـتانن و بەرگری لێدەکەن، بـــەڵام لایەنگیری باردۆخێکی ئەوتۆ نین کە ئاشـــوب و شـــەڕی لـــێ بەرپابێت بۆ ناوچەکـــە، بەپێچەوانەوە خەباتی دوورو درێژی ســـاڵانی رابردوویان لە پێناوی کۆتایی هێنان بووە بە باردۆخی شەڕ و ئاشووبی عێراق، دژی ئەوە بوون عێراق ببێتە گۆڕەپانی شەڕی هەموو دنیا، ئەو دوو زاتە دەیانەوێت عێراق پێوەندیەکی هاوسەنگی لەگەڵ دراوسێکانی هەبێت لەسەر بنەمای رێز و بەرژەوەندی هاوبەش و کوردیش بەمافە شـــەرعیەکانی خۆی بکات، لەم چەند رســـتەیەی بـــۆ هەڵسەنگاندنی رۆڵی ئەو د و و بەرێـــزە خســـتمانە روو،هیچ شـــتێکی هەڵە و خراپی تێدا نییە، بەڵام پێچەوانەی هەوڵەکانی بەرێزان کاك مسعود و مام جەلال، هەموو عێراق بەرەو چارەنووســـێکی نادیاری کاکی بە کاکی دەبات،بۆیە رۆڵی ئەو دوو بەرێزە ئەمجارەش بە ئاستی رۆڵی پێشوویان و زیاتریش دەبێت.

**● دواپرسیارمان دوو بەشە؛ یەکەمیان سەبارەت بە ڕۆڵی کوردە لە پرۆســـەکە بەو مانایەی کە بێ کورد حکومـــەت پێکناهێنرێت؟ دووەمیان ئەگـــەر بەرێزت بتەوێت شـــتێك بڵێیت و ئێمە پرسیارمان لێنەکردبێت؟**

- ئەوانەی پێیان وایە رۆڵی کورد لە پرۆســـەی سیاسیی عێراقدا گۆڕانی بەسەردا هاتووە ئەوە هاوشێوەی لیســـتی حەدبا و هەندێك شۆڤێنی عـــەرەب بیردەکەنەوە، بە بـــڕوای من ئەمڕۆ کورد کۆڵەگەیەکی ســـەرەکیە لەدەســـەڵاتی عێـــراق، خۆی بەهیـــچ لایەنێکـــی عێراقیدا هەڵنەواســـیوە،بۆیە کورد هەوێنی پرۆســـەی سیاســـیە لەعێراقدا، کورد بەشێکە لە چارەسەر لە پرۆسەکە نەك کێشە و رێگر، بۆیە بەبێ بوون و بەشـــداری کورد لە عێراقی تازەدا حکومەت دروســـت نابێت، ئەگەر دروستیش بێت عێراقی تـــازە نابێت عێراقی ســـەردەمی حزبی بەعس دەبێت.

ســـەبارەت بە بەشـــی دووەمی پرســـیارەکەتان دەمەوێـــت ئەوە بڵێم لەم هەلومەرجە ناســـکەدا راگەیاندن رۆڵێکی گرنگ دەگێرێت و پێویستە رۆڵێکی پەروەردەیش بگێرێت، ئێستا هەوڵێکی جدی هەیە بۆ یەکریزی و یەکخستنەوەی ماڵی کورد دەبێت راگەیاندن بەشدارییەکی ئیجابیانەی لەم هەوڵەدا هەبێت بۆ ئەوەی متمانە بە خۆکردن دروســـت بێتەوە و بتوانین ئـــەم قۆناخە تێپەڕێنین.



**لەکاتەکانی حوکمدانا ناکرێت مێژوو پارچە پارچە بکرێت و بەتەنیا حوکم بدرێ لەسەر یەک پارچەی**

**بێ ئەوەی کورد بە هیچ لایەنێکی سیاسیدا خۆی هەڵبواسێ هەوێنی زامنکردنی دامەزرانی حکومەتە لە عێراقێکی یەکگرتوودا**





بارزانی بە بەشداریکردنی لە بارودۆخی عێراقداچ لەسەردەمی موعارەزەو چ دوای رووخانی ڕژێمی سەددامیش ڕۆڵێکی گرنگی لە لێکنزیککردنەوەی لایەنەکان بینیوە

د.حاجم ئەلحەسنی وتەبێژی فەرمی هاوبەندی دەوڵەتی یاسا بۆ گوڵان:

# سەرۆک بارزانی رۆڵێکی گرنگی لە پرۆسەی سیاسیی عێراقدا گێڕاوەو بۆ قۆناخی داهاتووش عێراق پێویستی بەو رۆڵەی بارزانی هەیە

د.حاجم ئەلحەسنی کە ئێستا وتەبێژی فەرمی لیستی دەوڵەتی یاسایە بە سەرۆکایەتی د.نوری مالکی، یەکێکە لە کەسایەتییە عەرەبە سونییەکانی و پێشتر ئەندامی حزبی ئیسلامی عێراق بووەو دوای رووخانی رژێمی پێشووی بەعس گەڕاوەتەوە بۆ عێراق و لە ساڵی ٢٠٠٤ لە حکومەتی کاتی عێراقدا بەسەرۆکایەتی د. ئەیاد عەلاوی پۆستی وەزارەتی پیشەسازی عێراقی وەرگرتووە، لە دوای هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠٠٥ یش بۆتە سەرۆکی پەرلەمانی عێراق، بۆ قسەکردن لەسەر رەوشی ئێستای عێراق بە تایبەتی هەڵوێستی لیستی دەوڵەتی یاسا کە یەکێکە لەو لیستانەی مەزندە دەکرێت سەرۆکەکەی دووبارە بۆ پۆستی سەرۆك وەزیران رابسپێردرێتەوە، سەبارەت بەرەوشی ئێستای عێراق و رۆڵی کورد لەم پرۆسەیەدا حاجم ئەلحەسنی وتەبێژی فەرمی لیستی دەوڵەتی یاسا بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن:

بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستانە شێوە دەتوانێت لەم پێگەیەوە هێزێکی زیاتر بدات بە عێراق کە لەم قۆناغەدا و لە داهاتووشدا عێراق پێویستی بەم ڕۆڵە هەیە

*** بەڕێزت وەك وتەبێژی لیستی دەوڵەتی یاسا چۆن سەیری هەڵبژاردنەکانی ئەمجارەی عێراق دەکەیت، ئایا پێت وایە ئەم ئاکامانەی هەڵبژاردن بە خێرایی حکومەتیداهاتووپێکدەهێنێت؟**

- ئێمە دەزانین ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠٠٥ لە ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی ئەم جارە ڕوونتر بوون، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێکهێنانی حکومەت نزیکەی ٤ مانگی خایاند. هەروەها شتێکی سروشتییە لە سیستمێکی پەرلەمانی وەك سیستمی عێراقدا ئەم مەسەلەیە کات بخایەنێت، بە تایبەتی هێشتا ئێمە چاوەڕێی ئەوە دەکەین کە دادگای ئیتیحادی موسادەقە لەسەر ئەنجامەکان بکات بۆ ئەوەی ببنە ئەنجامی ڕەسمی و دواتر گفتوگۆ جیددی لە نێوان لایەن و هاوپەیمانێتییەکاندا دەست پێبکات بۆ ئەوەی بتوانن حکومەت پێکبهێنن، پێم وایە لەم ڕووەوە ئێمە دووچاری دژواری زۆر نەبوینەتەوە، بۆ نموونە حاڵی حازر لێکنزیکبوونەوەو تێڕوانینی هاوبەش هەیە لە نێوان لیستی دەوڵەتی قانوون و ئیئتیلافی نیشتمانی کە زۆری نەماوە هاوپەیمانێتییەکی نوێ ڕابگەیەنرێت، واتە تەنها ئەوە ماوە لەسەر هەندێ وردەکاری و میکانیزمی دیاریکراو ڕێك بکەوین. هەروەها ئەم لێکنزیکبوونەوەو تێڕوانینە هاوبەشەی نێوان هاوپەیمانی کوردستانی و لایەنە کوردییەکانی دیکەش دەگرێتەوە، بە هەمان شێوە کرانەوە هەیە بە ڕووی لایەنەکانی دیکەدا کە لە هەڵبژاردنەکاندا سەرکەوتنیان بەدەستهێناوە، واتە سروشتییە ئەم پرۆسەیە کاتی دەوێت و لەم ڕوانگەیەوە ئێمە لە هەوڵەکانمان بۆ پێکهێنانی حکومەت لە قەیراندا نین.

*** لەم کاتە هەستیارەدا ئێمە بینیمان ژمارەیەك لەسەرکردەکانی عێراق سەردانی سعودییەیان کرد، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا تا چ ڕادەیەك سعودییە کاریگەری دەبێت لەسەر پرۆسەی پێکهێنانی حکومەتی عێراقی؟**

- بە پێی ئەو زانیاریانەی بەدەست ئێمە گەیشتووە لە کۆبوونەوەی نێوان بەڕێز تاڵەبانی و شای سعودییە، هیچ ئاماژەیەك بەدی ناکەین کە سعودییە لە دوور یان نزیك دەستێوەردان لە پرسی پێکهێنانی حکومەتدا بکات، هەروەها سەرۆك کۆماریش ڕایگەیاند کە سعودییە بە یەکسانی مامەڵە لەگەڵ عێراقییەکاندا دەکات و دەستێوەردان لە کاروباری ناوخۆی عێراقدا ناکات و هاوکاری عێراق دەکات لە ڕووی ئەمنییەوە، ئەویش لە مەبەستی ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆر. هەروەها سیاسەتی ئێمە ئەوەیە کە لەگەڵ پەرەپێدانی پێوەندی باشدایین بۆ تێکرای دەوڵەتە دراوسێکان، بەڵام لە مەسەلەی پێکهێنانی حکومەتدا، هەر دەستێوەردانێك ڕەت دەکەینەوە . ئێمە لە سەردانەکەی هەردوو بەڕێزان تاڵەبانی و بارزانیدا ئەوەمان بەدی نەکرد کە دەستێوەردان هەیە لەم ڕووەوە.

*** ئێستا و پێشتریش بارزانی ڕۆڵی گرنگی هەبووە بۆ پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا، ئایا ئەمجارەش ئەم ڕۆڵە گرنگە دەبینێت لەم پرۆسەیەدا؟**

- بە دڵنیاییەوە بارزانی بە بەشداریکردنی لە بارودۆخی عێراقداچ لەسەردەمی موعارەزەو چ دوای ڕووخانی ڕژێمی سەددامیش ڕۆڵێکی گرنگی لە لێکنزیککردنەوەی لایەنەکاندا بینیوە،لە دیاریکردنی ئاراستەی پرۆسە سیاسییەکەدا و بەردەوامیش دەبێت لە بینینی ئەم ڕۆڵە و ئەو یەکێکە لە سەرکردە گرنگەکانی عێراق. لە لایەکی دیکەوە بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستانە و هەرێمی کوردستانیش لایەنێکی سەرەکییە لە پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا، واتە بە هەمان شێوە دەتوانێت لەم پێگەیەوە هێزێکی زیاتر بدات بە عێراق کە لەم قۆناغەدا و لە داهاتووشدا عێراق پێویستی بەم ڕۆڵە هەیە.

*** تاچەند بەشداری کورد لەپرۆسەی پێکهێنانی حکومەتی داهاتووی عێراق گرنگە، ئایا پێت وایە ئەو ڕۆڵە گرنگەی کورد فەرامۆش بکرێت؟**

- ئێمە لە لیستی دەوڵەتی قانون و لە ئیئتیلافی نیشتمانیش هەمیشە پابەندبوونی خۆمان ڕاگەیاندووە بە دەستورو بە جێبەجێکردنی میکانیزمە دەستورییەکانەوە، بەڵام ئەوەش ئاشکرایە کە لە ماوەی ڕابردوودا سەرکەوتوو نەبووین لە جێبەجێکردنی زۆرێك لەو میکانیزمە دەستوریانەدا، لەگەڵ ئەوەشدا من پێم وایە لە ماوەی داهاتوودا دەتوانین بگەینە ڕێککەوتن لەسەر چۆنیەتی جێبەجێکردنی ئەم میکانیزمە دەستوورییانە، واتە من باوەڕم وایە قۆناغی داهاتوو قۆناغی چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان حکومەتی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان دەبێت و جیددییەتێکی زیاتر بەدی دەکەین بۆ ڕووبەڕووبوونەوەو هەوڵدان بۆ کۆتایی پێهێنانیان، چونکە من پێم وایە ئەرکی حکومەتی داهاتوو چارەسەرکردنی ئەو کێشانە دەبێت، لەبەر ئەوەی ناکرێت حکومەتی عێراقی بەردەوام بێت و ئەم کێشانەش بە چارەسەرنەکراوی بمێننەوە، کە نەمانتوانی لە قۆناغی ڕابردوودا یەکلایان بکەینەوە.

*** بۆچی ئێوە لە لیستی دەوڵەتی قانوون بە ئاکامی هەڵبژاردنەکان ڕازی نین و داوای هەژمارکردنەوەی دەنگەکان لە ژمارەیەك پارێزگا دەکەن، ئایا ئەمە بارودۆخەکە ئاڵۆزتر ناکات؟**

- ئەمە شتێکی سروشتییە لە پرۆسەی دیموکراتیدا، دواتر تەنیا لیستی دەوڵەتی قانوون ئیعتیرازی نییە، بەڵکو تێکرای لایەنە بەشداربووەکان تانەیان لە ئەنجامەکان داوە، ئێمە پێمان وایە تا ئێستا ڕوون نییە کە نزیکەی ٧٥٠ هەزار دەنگ چیان لێهاتووەو باوەڕمان وایە ئەگەر ئەم مەسەلە یەکلابکرێتەوە ئەوا ئەنجامی هەڵبژاردنەکان بە شێوەیەکی بەرچاو گۆڕانکارییان بەسەردا دێت. کەواتە ئێمە لەم ڕووەوە چاوەڕێی دادگای تەمیز دەکەین کە ئەم پرسە یەکلابکاتەوە، چونکە دەبێت پێشتر ئەم دادگایە یەکلایی بکاتەوە دواتر دادگای ئیتیحادی موسادەقەی کۆتایی لەسەر ئەنجامەکان بکات، هەر ئەمەش هۆکاری ئەوەیە کە پێشتر ئاماژەم بەوە کرد لە دوای موسادەقەکردنی ئەنجامەکانەوە گفتوگۆ و هەوڵی جیددی دەست پێدەکات.

*** بەڵام ئایا ئەمە لەو مەترسییەوە سەرچاوەی نەگرتووە کە ئەگەری ئەوە هەیە ئەیاد عەللاوی پۆستی سەرۆك وەزیران وەربگرێت؟**

- من باوەڕم وانییە، لەبەر ئەوەی پرسی بەدەستهێنانی پۆستی سەرۆك وەزیران دەوەستێتە سەر تەفسیر ئەو ماددە دەستورییەی دەڵێت «الکتلة النیابیة الاکبر» کە دادگای ئیتیحادی دوو تەفسیری هەبوو بۆ ئەم بڕگەیە، یەکەمیان ئەوەیە ئەو کوتلەیەی کە زۆرترین دەنگی هێناوەو دەچێتە پەرلەمانەوە، ئەمە ئەگەر هاتوو کوتلەیەکی گەورەتر نەبوو لە پەرلەماندا، بۆ نموونە ئەگەر هەردوو لیستی دەوڵەتی قانون و لیستی ئیئتیلاف یەکبگرن، ئەوا دەبنە کوتلەی گەورە لە پەرلەماندا و ئەوان تەکلیف دەکرێن بۆ پێکهێنانی حکومەت. هەروەها ئەگەر گریمانەی ئەوە بکەین کە عەللاوی تەکلیف کرا بۆ پێکهێنانی حکومەت، ئەوا دووچاری ئاستەنگی

**تا ئێستا ڕوون نییە کە نزیکەی ٧٥٠ هەزار دەنگ چیان لێهاتووەو باوەڕمان وایە ئەگەر ئەم مەسەلە یەکلابکرێتەوە ئەوا ئەنجامی هەڵبژاردنەکان بە شێوەیەکی بەرچاو گۆڕانکارییان بەسەردا دێت**

**ئەگەر هەردوو لیستی دەوڵەتی قانون و لیستی ئیئتیلاف یەکبگرن، ئەوا دەبنە کوتلەی گەورە لە پەرلەماندا و ئەوان تەکلیف دەکرێن بۆ پێکهێنانی حکومەت**



**دەستووری عێراق مەسەلەی فیدراڵییەتی یەکلاکردۆتەوە، هەروەها سیستمی فیدراڵی لە عێراقدا پیادە دەکرێت و کەس ناتوانێت ئەمە بگۆڕێت**

زۆر دەبێتەوە لە کۆکردنەوەی ١٦٣ دەنگ بۆ ئەوەی بتوانێت متمانەی پەرلەمان وەربگرێت، لەبەر ئەوەی کوتلەیەکی دیکە هەیە لە پەرلەماندا کە ڕێژەکەی دەگاتە ١٥٩ کورسی و ڕەنگە لایەنی دیکەش بچنە پاڵی. کەواتە پێم وایە پێداگیری لەسەر لیستی براوە لە هەڵبژاردنەکاندا بە فیڕۆدانی کاتە، بە تایبەتی ئەگەر کوتلەیەکی گەورەتر هەبێت لە پەرلەماندا، چونکە ئەو کاتە شکست دەهێنێت و دوای مانگێك لیستەکەی دوای ئەو تەکلیف دەکرێت. هەروەها ڕای دادگای ئیتیحادی لەم ڕووەوە مەسەلەکەی یەکلاکردۆتەوە، چونکە باسی لەوەکردووە کە ئەو کوتلەیەی زۆرترین کورسی هەیە لە کاتی کۆبوونەوەو لە کاتی جەلسەی پەرلەماندا، هەروەها لە دەستوریشدا بە «الكتله النيابيه الاكبر» هاتووە نەك «الكتله الانتخابيه الاكبر».

*** بەڵام ئێوە ئەو ڕاستییەش دەزانن کە یەکگرتنی لیستی دەوڵەتی یاسا و ئیئتیلاف بەو ڕادەیە ئاسان نییە لە کاتێکدا تەیاری سەدر خاوەنی ٤٠ کورسییە لە کۆی ٧٠ کورسی ئیئتیلاف، لەمبارەیەوە چی دەڵێن؟**

- بە دڵنیاییەوە ئەوە ژمارەیەکی گەورەیە، بەڵام ئێمە دەزانین لایەنی دیکەش هەن کە ژمارەی کورسییەکانن زیاترە لە ژمارەی کورسییەکانی ڕەوتی سەدر، بۆ نموونە هاوپەیمانی کوردستان و لیستی دەوڵەتی قانون. لەگەڵ ئەوەشدا پێم وایە ئەوەی گرنگە ئەوەیە چۆن ئەم لایەنانە بتوانن بگەنە ڕێککەوتنێك بۆ پێکهێنانی هاوپەیمانێتی.

**بوونی بەهێز و کارای کوردەکان لە بەغدا باشترین زەمانەتە بۆ کوردەکان و بۆ عێراق بۆ ئەوەی نەگەڕێنەوە بۆ ئەو سەردەمەی لە عێراقدا کێشەیەك هەبێت بە ناوی کێشەی کوردەوە**

واتە هەندێ جار زۆری و کەمی ژمارەی کورسییەکان ڕۆڵێکی گەورەیان نابێت، بۆ نموونە لە پەرلەمانی پێشوودا تەوافوقی عێراقی نزیکەی ٤٤ کورسیان هەبوو، بەڵام لەبەر ئەوەی لایەنەکانی دیکە تێڕوانینیان لەیەك نزیك بوو، ئەوا ئەم لیستە نەیتوانی ڕۆڵێکی گەورە ببینێت، لەبەر ئەوە بۆ ئەمجارەش ئەم مەسەلەیە هەروەك خۆی دەمێنێتەوە.

*** بەڕێزان مالیکی و د.عەلاوی کە مەزندە دەکرێت یەکێکیان ڕابسپێردێت بۆ پێکهێنانی حکومەت، هەردووکیان لایەنگیری سیستمی سەنترالین، لە کاتێکدا عێراق بەپێی دەستوور دەوڵەتێکی فیدراڵییە، ئایا ئەمە پێچەوانەی دەستووری عێراق ناکەوێتەوە؟**

- لە ڕاستیدا دەستوری عێراق مەسەلەی فیدراڵییەتی یەکلاکردۆتەوە، هەروەها سیستمی فیدراڵی لە عێراقدا پیادە دەکرێت و کەس ناتوانێت ئەمە بگۆڕێت، ئەگەرچی ڕەتکردنەوەی پێکهێنانی هەرێمی نوێ لە بەشەکانی دیکەی عێراقدا مەسەلەیەکە پەیوەستە بە هەڵوێست و ئیرادەی سیاسی لایەنە سیاسییەکانەوە، لەبەر ئەوە باوەڕ ناکەم لایەنێك هەبێت بە جیددی بیر لە گۆڕینی سیستمی فیدراڵی عێراق بکاتەوە.

*** ئەگەر گریمانەی ئەوە بکەین کە هاوکێشە سیاسییەکە گۆڕا و حکومەت پێکهێنرا و کوردەکان بەشدارییان نەکرد، ئایا تا چ ڕادەیەك ئەمە دەبێتەهۆی ئەوەیداهاتووی عێراق بکەوێتە ژێر پرسیارەوە؟**

- پێم وایە ناکرێت کوردەکان بەشداری نەکەن لە پێکهێنانی حکومەتدا، لەبەر ئەوەی ئەمە دەبێتە مەترسی لەسەر پرۆسە سیاسییەکە، کە پرۆسە سیاسییەکەش لەسەر بنەمای ڕێزگرتن لە پێکهاتەکانی عێراق بنیاتنراوەو کوردەکانیش پێکهاتەیەکی گرنگن لە عێراقدا. لەبەر ئەوە دوورخستنەوەی کوردەکان دەبێتەهۆی ئەوەی زیاتر تۆوی ناکۆکی سیاسی لە نێوان هەرێمی کوردستان و عێراقدا بچێنرێت. لەبەر ئەوە بەهیچ شێوەیەك لەگەڵ دورخستنەوی کوردەکاندا نیم و بە پێچەوانەوە بوونی بەهێز و کارای کوردەکان لە بەغدا باشترین زەمانەتە بۆ کوردەکان و بۆ عێراق بۆ ئەوەی نەگەڕێنەوە بۆ ئەو سەردەمەی لە عێراقدا کێشەیەك هەبێت بە ناوی کێشەی کوردەوە. کەواتە دورخستنەوەی کوردەکان گەڕانەوەیە بۆ خاڵی سفر، گەڕانەوەیە بۆ پێش دەستپێکردنی پرۆسە سیاسییەکە، نەك دوای دەستپێکردنی.

*** ئێمە پرسیارەکانمان تەواو بوو، ئەگەر بەڕێزتان لە ڕێگەی گوڵانەوە بتانەوێت شتێك بە خوێنەرانی گوڵان بڵێن؟**

- پێم وایە دەبێت عێراق لەسەر دیموکراتی و دروستکردنی دامەزراوەکان بە شێوەیەکی دروست و ڕێزگرتن لە تێکڕای هاوڵاتیان بە چاوپۆشین لە ناسنامەی نەتەوەیی و تائیفی و ئاینی بنیات بنرێتەوە، لەبەر ئەوەی هەر بنیاتنەوەیەکی دیکە لەسەر بنەمای زاڵکردنی لایەنێك بەسەر لایەنێکی دیکەدا دەبێتە هۆی لاوازکردن و لەناوبردن و تێکشکاندنی وڵاتەکە.



جامیس روسڵ بۆ گوڵان:

# ئەو پێشوازییە ئاست بەرزەی شای سعودییە لەبارزانی کردی نیشانەی گرنگێتی کەسایەتی سەرۆک(مسعود بارزانی)یە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە بارزانی نوێنەرایەتی مێژوو و بزاڤی رزگاریخوازی کورد دەکات

پرۆفیسۆر جامیس روسڵ گەورە وانەبێژە لە بەشی ئاسایشی نیشتمانی لە زانکۆی دەریایی مۆنتری لە کالیفۆرنیا و کۆرسی وانەکانی بریتین لە کاروباری ئاسایشی رۆژهەڵاتی ناوەراست، تیرۆریزم، ستراتیژییەتی ئاسایشی نیشتمانی، هەروەها لەلایەن زۆر دەزگای حکومەتی ئەمریکاوە بۆ توێژینەوە لەسەر ئەو بوارانە لە رۆژهەڵاتی ناوەراست رادەسپێردرێت،پرۆفیسۆر روسل پسپۆرو تایبەتمەندە لەسەر کوەیت و عەرەبستانی سعودی و بەحرێن و ئیماراتی عەرەبی و سیاسەتی ئەمریکا لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەراست، پرۆفیسۆر روسڵ لە ناو حکومەتی ئەمریکاشدا یەکێك بووە لە ستافی سەرەکی نووسینگەی یاریدەدەری وەزیری بەرگری ئەمریکا و لەوێش کاری لەسەر ئاسایشی کەنداوو رۆژهەڵاتی ناوەراست کردووە، ئێستاش یەکێکە لە گەورە تۆژەرەکانی ئامۆژگای ئەنجوومەنی سیاسەتی رۆژهەڵاتی ناوەراست و کار لەسەر دۆسێی سعودییە دەکات، بۆ قسەکردن لەسەر رۆڵی سعودییە لە رۆژهەڵاتی ناوەراست و بایەخی سەردانەکەی ئەم دواییەی سەرۆك بارزانی بۆ شانشینی عەرەبستانی سعودییە، پرۆفیسۆر روسل بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.



سعودییە ئەوەی خستۆتە ڕوو کە ئیرادەیەکی سیاسی هەیە بۆ ئەوەی کاریگەر بێت لەسەر پرۆسە سیاسییەکە بۆ ئەوەی پشتگیری پرۆسەی ئاشتەوایی نیشتمانی بکات و لەسەر ئەم بنەمایەش حکومەت پێکبهێنرێت

*** سعودییە دەوڵەتێکی گرنگە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئایا کاریگەری ئەم وڵاتە چییە لە سەر پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا؟**

- لە ڕاستیدا بارودۆخی عێراق بە چەشنی هەر دیموکراسیەتێکی دیکە پێویستی بەوە هەیە لایەنەکان لە نێو خۆیاندا سازش بکەن و جیاوازییەکانیان بە شێوەیەکی ئاشتیانە یەکلابکەنەوە. بۆ نموونە ئێمە لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ئومێدەوارین کە ڕەوتی ڕووداوەکان بەم ئاراستەیەدا بڕوات و عێراقییەکان بتوانن بە شێوەیەکی ئاشتیانە بگەنە ڕێککەوتن و لە ڕێی هاوپەیمانێتییەوە حکومەتێکی نیشتمانی پێکبهێنن. سەبارەت بە ڕۆڵی سعودییەش، گومانی تێدا نییە سعودییە دەوڵەتێکی گرنگە لە ناوچەکەدا، ئەم وڵاتە سەنگێکی سیاسی گەورەی هەیە لە ناوچەکەدا، هەروەها هێزێکی ئابووری گەورەیە لە سەر ئاستی جیهان، لەبەر ئەوەی گەورەترین وڵاتی بەرهەمهێنەری نەوتە لە جیهاندا. هەروەها بەم دواییە سعودییە چەند لێدوانێکی گرنگیدا دەربارەی بارودۆخی عێراق و من هیوادارم کە ئەمە سەرەتای دروستبوونی پەیوەندیگەلێکی باش و بنیاتنەرانە بێت لە نێوان سعودییە و ئەو حکومەتەی لە داهاتوودا لە عێراقدا پێکدەهێنرێت. لە لایەکی دیکەوە عێراق پێوستییەکی زۆری بە ڕاکێشانی سەرمایەگوزاری و وەبەرهێنانی هێنان هەیە، چونکە دۆخێکی ئابووری خراپ و هەژاری هەیە لە عێراقدا کە ئومێدەوارم نزیکبوونەوەی سعودییە لە عێراقدا زیاتر خۆی لە پەرەپێدان و باشترکردنی پەیوەندی ئابووری و ئەنجامدانی سەرمایەگوزاریدا بەرجەستە بکات. واتە ئومێدی ئەوەیە هەیە سعودییە بتوانێت لە ڕووی باشترکردنی بارودۆخی ئابووری و چەسپاندنی سەقامگیری سیاسییەوە هاوکاری عێراق بکات.

*** چۆن لە هەڵوێستی ئەمەریکا دەڕوانیت لە هەوڵەکانیدا بۆ هاندانی دەوڵەتە عەرەبییەکان بۆ ئەوەی پشتگیری چەند لایەنێکی عێراقی بکەن بەمەبەستی کەمکردنەوەی دەستڕۆیشتووی ئێران، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا تا چ ڕاددەیەك سعودییە کاریگەری دەبێت لەسەر پرۆسەی پێکهێنانی حکومەتی عێراقی؟**

-ئەوە ئاشکرایە کە ئێران دەستڕۆیشتویەکی سیاسی بەرچاوی هەیە لە عێراقدا، کە ئێمە دەزانین زۆرێك لە پارتە سیاسییە شیعەکانی عێراق چەندین ساڵیان لە ئێراندا بەسەربرد، لەبەر ئەوەی لە لایەن ڕژێمی سەددام حوسێنەوە دووچاری سەرکوتکردن و داپڵۆسین بوونەوە. کەواتە شتێکی ئاساییە کە ئێران ئەم نفوزەی هەبێت لە عێراقدا، کە لەم ڕووەوە دەکرێت ئەوە بڵێین وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا هاوکاری سعودییە دەکات بۆ بینینی ڕۆڵێکی گەورەتر بۆ ئەوەی ببێتە پارسەنگێك بۆ دەستڕۆیشتووی ئێران، بەڵام پێمواییە کاریگەری ئێران یاخود سعودییە هەرچییەك بێت ئەوا لە کۆتاییدا عێراقییەکان خۆیان بڕیار لەسەر چۆنیەتی پێکهێنانی حکومەت و چۆنیەتی بەڕێوەبردنی کاروبارەکان دەدەن، چونکە عێراقییەکان هەستێکی نەتەوەیی بەهێزیان هەیە و پێم وایە خوێندنەوەیەکی هەڵەیە ئەگەر پێمان وابێت ئەم دەستڕۆیشتووی و کاریگەرییەی ئێران بە چەشنێك دەبێت کە کۆنترۆڵی ڕەوتی ڕووداوەکان بکات لە عێراقدا، واتە پێموایە لە کۆتاییدا عێراقییەکان لە ڕوانگەی بەرژەوەندییەکانی خۆیان ڕەفتار دەکەن.

*** ئایا سەردانی سەرکردە سیاسییەکانی عێراق بۆ سعودییە و کۆبونەوەیان لەگەڵ مەلیك عەبدوڵلادا، هیچ کاریگەرییەکی ئیجابی لێدەکەوێتەوە لەسەر بارودۆخی عێراق ؟**

- پێم وایە سەردانی سەرکردە سیاسییەکان لەسەر ئەم ئاستە بەرزە بۆ سعودییە لە چوارچێوەی پرۆسەیەکی درێژخایەندا دێت، یاخود من هیوادارم کە بەمشێوەیە بێت. تێڕوانینی من ئەوەیە سعودییە ئەوەی خستۆتە ڕوو کە ئیرادەیەکی سیاسی هەیە بۆ ئەوەی کاریگەر بێت لەسەر پرۆسە سیاسییەکە بۆ ئەوەی پشتگیری پرۆسەی ئاشتەوایی نیشتمانی بکات و لەسەر ئەم بنەمایەش حکومەت پێکبهێنرێت. کە بە باوەڕی من ئەم هاوکاری و یارمەتی و پشتگیرییەی سعودییە تا دوا ڕادە گرنگە بۆ سەرکەوتنی پرۆسەکە لە عێراقدا. هەروەها ئەمە خزمەت بەرژەوەندی خودی سعودییە خۆشی دەکات، لەبەر ئەوەی دوایین شت کە سعودییە خوازیاری بێت گەڕانەوەی عێراقە بۆ دۆخی نائارامی و ناسەقامگیری بە چەشنی ئەوەی لە ساڵانی ٢٠٠٣ و ٢٠٠٤دا ڕوویدا کە ئەندامانی ڕێکخراوی ئەلقاعیدە بە هاوکاری هەندێ گرووپ و لایەنی نیمچە ناسیۆنالیستی توندوتیژییەکی بەربڵاویان بەرپاکردبوو لە عێراقدا.

بارزانی یەکێکە لە کەسایەتیە سیاسییە گرنگەکان لە عێراقدا و نوێنەرایەتی مێژوو و بزافی ڕزگاریخوازی کوردەکان دەکات

*** لەم کاتەدا بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستانیش بە داوەتێکی فەرمی شا عەبدوڵلا سەردانی سعودییەی کرد، لەسەر ئاستێکی بەرز**

**هەر تێکچوونێک لە بارودۆخەکەدا، یاخود هەر رووبەڕبوونەوەیەکی پێشمەرگە لەگەڵ حکومەتی عێراقیدا و سەرهەڵدانی ناسەقامگیری دژی بەرژەوەندییەکانی سعودیەیە و دژی بەرژەوەندییەکانی کوردیشە**



**پێشـــوازی لێکرا و مەدالیای شاهانەی پێبەخشرا، پرســـیارەکە ئەوەیە هۆکاری ئەم پێشوازی لێکردنە لەسەر ئەم ئاستە بەرزە چییـــە، بە تایبەتی کە پێشـــتر پەیوەندیی کورد و سعودییە پێوەندییەکی پێشکەوتوو نەبووە؟**

- ڕەنگـــە باشـــتر بێت ئەم پرســـیارە ئاراستەی حکومەتی سعودییە بکرێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشـــدا، پێم وایە ئەمە لە چوارچێوەی ســـەردانی ســـەرکردە سیاســـییەکانی دیکەدا هات بۆ ئەوەی ڕاوێژ لەگەڵ شـــای ئەو وڵاتەدا بکەن، ئەمەش نیشانە و ئاماژەی بایەخپێدانی سعودییەیە بە بارودۆخی عێراق. هەروەها بارزانی یەکێکە لە کەسایەتیە سیاسییە گرنگەکان لە عێراقـــدا و نوێنەرایەتی مێژوو و بزافی رزگاریخوازی کوردەکان دەکات، بەڵام پێم وانییە پێشوازیلێکردنی لەســـەر ئەم ئاســـتە بەرزە بـــە مانای ئەوەبێت کە ســـعودییە پشـــتگیرییەکی زیاتری کوردەکان دەکات لەسەر حسابی لایەنەکانـــی دیکە یاخود پشـــتگیری سەربەخۆی کوردەکان دەکات. لە هەمان کاتدا دەبێت ســـعودییە هەســـتیاری و دژواری هەندێ کێشەی لەبەرچاوبێت، بە تایبەتی کێشەی کەرکوك، چونکە هەر تێکچوونێك لە بارودۆخەکەدا، یاخود هەر رووبەڕبوونەوەیەکی پێشـــمەرگە لەگەڵ حکومەتـــی عێراقیدا و ســـەرهەڵدانی ناسەقامگیری دژی بەرژەوەندییەکانی ســـعودیەیە و دژی بەرژەوەندییەکانـــی کوردیشە.

*** چـــۆن لـــە ســـەردانەکانی بارزانی دەڕوانیت بۆ دەوڵەتە عەرەبییەکان، چونکە ئێمـــە دەزانین دوای ئەوەی ســـەردانی ســـعودییەی کرد، بارزانی ســـەردانی لوبنانیشی کرد و لەسەر ئاستێکی بەرز پێشوازی لێکرا، بە تایبەتی کاریگەری ئەم ســـەردانانە لەســـەر ئـــەوەی وڵاتە عەرەبییەکان باشـــتر لە دۆخ و کێشەی کوردەکان تێبگەن؟**

- لێـــرەدا دەتوانـــم لێکچوونێـــك بکەم، مەبەستم ئەوەیە ئەگەر یەکێك لەسەرۆکی ویلایەتێکی دیاریکراوی ئەمەریکا بێت و سەردانی وڵاتانی دیکە بکات و لەسەر ئاستێکی بەرز پێشوازی لێبکرێت، ئەوا ئەمە بەو مانایە دێت کە کەسایەتییەکی گرنگە، ســـەردانی بازرانیش ئاماژەیە بە گرنگـــی کەســـایەتییەکەی، بەڵام نابێت بەو شـــێوەیە لێکبدرێتەوە کە ئەمە پشتگیرییە لە سەربەخۆیی کوردستان.

*** دوا وتەت چییە؟**

- ئیدارەی ئۆباما خوازیارە سیاســـەتێك پیـــادە بکات لە ناوچەکەدا کە لەســـەر بنەمـــای هاوکاریکردنـــی یەکتـــری دامەزرابێت، هەروەها ئۆباما بۆ ماوەیەکی زۆر نییە لە دەسەڵاتدایە، لەبەر ئەوە من داوای ئەوە لە ســـەرکردەکانی ناوچەکە دەکەم کە پشـــوودرێژ و ئارامگربن لەم ڕووەوە.


**ئیدارەی ئۆباما خوازیارە سیاسەتێک پیادە بکات لە ناوچەکەدا کە لەسەر بنەمای هاوکاریکردنی یەکتری دامەزرابێت**

# لە ناو پرۆسەی پێکهێنانی حکومەتی داهاتووی عێراقدا لە فراکسیۆنی کوردستانی وا چاوەڕێ دەکـــرێت پێگەی (شا دروستکەری) هەبێت



فراكسیۆنی كوردستانی تەنیا فراكسیۆنی ناو پەرلەمانی داهاتووی عێراقە كە لەماوەیەكی كورتدا خۆی لەسەر بەرنامەیەكی نیشتمانی ساخبكاتەوەو، بەیەك هەڵوێستی ئامادەبێت بەشداری لە پرۆسەی وتووێژەكانی گرێدانی هاوپەیمانی بۆ پێكهێنانی حكومەتی داهاتووی عێراق بكات، ئەم یەكهەڵوێستیەی كورد پێگەیەكی زۆر گرنگ لە پرۆسەی سیاسی داهاتووی عێراقدا بۆ كورد دیاریدەكات، ئەمەش لەبەرئەوەی لە ناو هیچ فراكسیۆنێك لە ٣ فراكسیۆنە گەورەكەی دیكەی عێراق( دەوڵەوتی یاسا، هاوبەندی نیشتمانی عێراق، ئەلعێراقییە) ٥٧ كورسی پەرلەمانی كۆنابێتەوە كە لەسەر بەرنامەیەك هاوڕاو هاوهەڵوێست بن، بەڕێز حاجم ئەلحەسەنی وتەبێژی لیستی دەوڵەتی یاسا لەم ژمارەیەی گوڵان پێی راگەیاندین كە د.مالیكی پێش هەڵبژاردنەكان بۆ یەكگرتنی لەگەڵ هاوبەندی نیشتمانی عێراقی داوای ٤٠ كورسی كردووە، ئەمەش مانای ئەوەیە د.مالكی لە دەرەوەی لیستی دەوڵەتی یاسا قەوارەی خۆی دەزانێت كە ژمارەی كورسییەكانی لە ٤٠ كورسی تێپەڕناكات با هاوپەیمانییەكەشی خاوەنی ٧٩ كورسی بێت، لە ناو لیستی ئەلعێراقییەش د.ئەیاد عەلاوی خاوەنی تەنها ٢٠ كورسییە، لەوانەیە بۆ وەرگرتنی پۆستی سەرۆك وەزیرانی داهاتووی عێراق، د.ئەیاد عەلاوی ٩١ كورسی پشتگیری لێبكات، بەڵام مەرج نییە لەپرۆسەی پێكهێنانی حكومەت و دانوستاندنەكان بۆ گرێدانی هاوپەیمانی هەڵوێستی ئەلعێراقییە بەیەكگرتوویی بمێنێتەوە، لە ناو لیستی هاوبەندنی شیعەشدا كە تەیاری سەدر خاوەنی ٣٩-٤٠ كورسییە و بەپێی ئەو بەرنامەیەی بۆ دامەزراندنی لیژنەی سەركردایەتیكردنی لیستی هاوبەندی نیشتمانی داڕێژراوە كە هەر ٧ كورسی پەرلەمانی ئەندامێكی ئەو سەركردایەتیە پێكبهێنێت، ئەوا لەو ١٠ ئەندامەی لیژنەی سەركردایەتی هاوبەندی نیشتمانی پێكدەهێنن ٦ یان سەر بە تەیاری سەدر دەبێت، ئەمەش وا دەكات كە هەموو بڕیارەكانی هاوبەندی شیعە بەبێ رەزامەندی تەیاری سەدر تەواو نەبێت، كە بێگومان یەكێك لە داواكارییەكانی سەدر كاندیدكردنەوەی مالیكی بۆ پۆستی سەرۆك وەزیران بە هێڵی سووری رێككەوتنی نێوان دەوڵەتی یاسا و هاوبەندی نیشتمانی دادەنێت، لەم حاڵەتەدا هەموو فراكسیۆنەكانی دیكە جگە لە فراكسیۆنی كوردستانی كە ژمارەی كورسییەكانی ٥٧ كورسییە هەموویان دەكەونە بەردەم هەڕەشەی هەڵوەشاندنەوەی هاوپەیمانییەكان، هەروەك چۆن جاری پێشوو ئەمە لە ناو هاوبەندی شیعە روویداو تەیاری سەدر و حزبی فەزیلە لێی جیابوونەوە، راستە جاری پێشوو دوای پێكهێنانی حكومەت ئەو هەڵوەشانەوەیە روویدا، بەڵام ئەمجارەیان مەزندە دەكرێت لەناو پرۆسەی پێكهێنانی حكومەتدا یەكڕیزی ٣ لیستە عێراقییەكە درز و كەلێنی تێبكەوێت، تەنیا فراكسیۆنی كوردستانی بە یەكگرتوویی بمێنێتەوە، ئەم یەكگرتوویی و یەك هەڵوێستییەی فراكسیۆنی كوردستان لەم قۆناخە ناسكەی عێراق پێیدا تێدەپەڕێت دەبێتە هۆكاری ئەوەی كورد رۆڵی شادروستكەر ( King Maker) بگێڕێت، ئەمەش وەك كۆلۆنیڵ رالف پیتەرز ئاماژەی پێكردووەداهاتووی عێراق بۆ ئەو لایەنانە دەبێت كە لە ناو پرۆسەی سیاسیی عێراقدا شەترەنج دەكەن نەك زار هەڵدەدەن.


بۆ زیاتر تاوتوێكردنی وردەكارییەكانی ئەم پرسە كۆمەڵێك تۆژەری ناسراوی جیهانی و پسپۆر و سیاسەتمەدارانی عێراق هاوكارییان كردوین كە ئەمە بۆچوونەكانیانە.





تاریق حەرب بۆ گوڵان:

# نابێت جێبەجێکردنی دەستوور ببێتە بابەتی مشتومڕی گفتوگۆکان، دەبێت تێکڕا پابەند بن بە ماددەکانی دەستورەوە، بەماددەی 140یشەوە



**تاریق حەرب پسپۆڕی یاساییە لە دەستووری عێراقدا، لە دیمانەیەکی تایبەتی گوڵاندا سەبارەت بە ڕەوشی ئێستای عێراق و جێبەجێکردنی دەستووری عێراق، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە نابێت مەسەلەی جێبەجێکردنی دەستوور ببێتە جێگەی مشتومڕ**

**لایەنە سیاسییەکان لە پرۆسەی گرێدانی هاوپەیمانی بۆ پێکهێنانی حکومەتی ئایندەی عێراق بە ماددەی ١٤٠یشەوە، سەبارەت بە چۆنیەتی پێکهێنانی ئەم هاوپەیمانیە، بەرێز تاریق حەرب بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.**

*** وەك شارەزایەكی دەستووریی و یاسایی لە عێراقدا چۆن سەیری پرۆسەی پێکهێنانی حکومەتی ئایندەی عێراق دەکەن، ئایا تاچەند ئەو پرۆسەیە درێژە دەکێشێت؟**

- لە ڕاستیدا پێموانییە پرۆسەی پێکهێنانی حکومەت کاتێکی زۆر بخایەنێت، هەروەك ئەوەی هەندێ کەس پێشبینی دەکەن، لەبەر ئەوەی خواستێك لە نێو قەوارە و هاوپەیمانێتیە سیاسی و حزبیەکاندا هەیە بۆ دروستکردنی هاوپەیمانێتی و بۆ گەیشتن بە تێڕوانینی هاوبەش بۆ مەسەلەکان و بۆ پێکهێنانی یەکەیەکی سیاسی، لەبەر ئەوە ڕەنگە ئەمە لە هەفتەی داهاتوودا ڕووبدات، بەو پێیە ئەو هاوپەیمانێتیەی بتوانێت ژمارەی کورسییەکانی بگەیەنێتە ١٦٣ کورسی کە ئەمە مەرجە بۆ ئەوەی بتوانێت حکومەت پێکبهێنێت، دەتوانێت کێشەی سەرۆکایەتییەکانی پەرلەمان و کۆمار و سەرۆك وەزیران یەکلابکاتەوە.

*** لەم کاتە هەستیارەدا ئێمە بینیمان سەرکردەکانی عێراق سەردانی سعودیەیان کرد، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا تا چ ڕاددەیەك سعودیە کاریگەری لەسەر پرۆسەی پێکهێنانی حکومەتی عێراقی دەبێت؟**

- هەر کەسێك پێی وابێت دەتوانرێت پرۆسەی پێکهێنانی حکومەت دوور لە کاریگەری دەوڵەتە دراوسێکانی بەڕێوەببرێت ڕەنگە


سیاسی

گوڵان

ژمارە (٧٧٧)
٢٠١٠/٤/١٩

زیادەڕەوی لەم ڕووەوە کردبێت، لەبەر ئەوەی ئێستا تێکڕای جیهان لە هەلومەرجێکدا دەژیێت کە تەنانەت وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاش کاریگەر دەبێت بەوەی لە وڵاتێکی وەك مەکسیك یاخود کەنەدا ڕوودەدات، کەواتە دەوڵەتە دراوسێکانی عێراق کاریگەرییان لەسەر واقیعی سیاسی عێراق هەیە، بە تایبەتی ئەوەی پەیوەندی بە پێکهێنانی دەسەڵاتی سیاسییەوە هەیە، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئێمە دەتوانین ئەم کاریگەرییانە بۆ خزمەتی پرۆسە سیاسییەکە تەوزیف بکەین.

*** بەشداری کوردەکان کاریگەری گرنگی لەسەر پرۆسەی پێکهێنانی حکومەت هەیە، بەڵام مەرجی بەشداریکردنی کوردەکان پابەندبوونی لایەنەکانی دیکەیە بە دەستووری عێراقییەوە، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا تا چ ڕادەیەك لایەنەکانی دیکە بە دەستورەوە پابەند دەبن؟**

- لە ڕاستیدا پێویستە هەموو لایەنەکان بە جێبەجێکردنی ڕێسا و بنەما و ئەحکامە دەستوورییەکان هەڵبستن، لەبەر ئەوەی دەستوور بۆتە هۆی دەرفەت ڕەخساندن بۆ دروستبوونی ئەو پارت و قەوارە و هاوپەیمانێتیە سیاسییانە، هەروەها دەستوور بۆتە هۆی ئەوەی هەڵبژاردن ئەنجام بدرێت، لەبەر ئەوە نابێت جێبەجێکردنی دەستوور ببێتە بابەتی مشتومڕ و گفتوگۆکان، کەواتە دەبێت تێکڕای لایەنەکان بە ماددەکانی دەستوورەوە پابەند بن، لە نێویاندا ماددەی ١٤٠، ئەگەرچی هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییە ئیشکالیەتێکی گەورەی دروست کردووە، بە تایبەتی ئێمە بینیمان کە ئەنجامی هەڵبژاردنەکان لە کەرکوك بە شێوەیەك بوون کە لە سەدا ٥٠ ئەو شارە دەنگیان بۆ کوردەکاندا کە ئەم کەسانەش لەگەڵ گەڕاندنەوەی کەرکوکن بۆ سەر هەرێمی کوردستان، لە سەدای ٥٠ دیکەی شارەکەش کە لە عەرەب و خەڵکی دیکە پێکهاتوون، دەنگیان بۆ لیستەکانی دیکەدا کە ئەم کەسانە لەگەڵ ئەوەدانین کەرکوك ببێتە بەشێك لە هەرێمی کوردستان، هەروەها ئەگەر کێشەی ئەو ناوچە عەرەبیانەش لەبەرچاوبگرین کە نەیانتوانی پاڵێوراوەکانیان بگەیەننە پەرلەمان، بە تایبەتی هەندێ ناوچەی شیعەنشینی باشوور و ڕۆژئاوا، ئەوا ئەم دۆخە دەبێتە هۆی ئەوەی لایەنەکان بە گشتی و هاوپەیمانی کوردستان بە تایبەتی پێداچوونەوەیەك بەم مەسەلەیەدا بکەنەوە.

*** ئەگەر پرسیارێك سەبارەت بە لیستی دەوڵەتی یاسا بکەین، ئایا بۆچی لیستی دەوڵەتی یاسا بە ئاکامی دەنگدانەکە ناڕازییە؟**

- دەبێت خوێندنەوەیەکی واقیعیمان لەم ڕووەوە هەبێت، چونکە لیستی دەوڵەتی قانون و ئیئتیلافی نیشتمانی نەیانتوانی هیچ کورسیەك لە پارێزگای سەلاحەددین بەدەست بهێنن، کە پێکهاتووە لە شەش قەزا، واتە نەیانتوانی لە سێ قەزا لەم شەش قەزایە کە بریتین لە بەلەد و دوجێل و توزخورماتو، هیچ کورسیەك بەدەست بهێنن، ئەمە لە کاتێکدا هەموو کورسییەکان لە پشکی سێ قەزاکەی دیکە بوون کە بریتین لە دۆرە و سامەڕا و بێجی. ئەمە لە کاتێکدا لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکاندا دەوڵەتی قانون نزیکەی ٣٠ کورسی لە ٥٧ کورسی بەدەستهێنا، ئەمە لە کاتێکدا لەم هەڵبژاردنەی ئەمجارەدا تەنها ٢٦ کورسی لە کۆی ٦٨ کورسی بەدەستهێناوە، واتە سەرەڕای ئەوەی ژمارەی کورسییەکانی پارێزگاکە زیادی کردووە، ئەوا ژمارەی کورسییەکانی لیستی دەوڵەتی قانون کەمی کردووە، ئەگەرچی ماوەی نێوان هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان و هەڵبژاردنی پەرلەمانی ئەمجارە زۆر نییە، لەبەر ئەوە حاڵێ حازر لیستی دەوڵەتی قانون بە تەنها فەرزکردنەوەی دەنگەکانی پارێزگای بەغدا، نەك پارێزگاکانی دیکە ڕازی دەبێت، کە نازانین دەستەی هەڵبژاردنەکان ئەم داواکاریە قبوڵ دەکات یان ڕەتی دەکاتەوە.

*** ئەی سەبارەت بە هاوبەندی نیشتمانی عێراقی کە زۆرترین کورسییەکان تەیاری سەدر بەدەستی هێناوە و ئەنجومەنی باڵا کورسییەکی ئەوتۆی بەدەست نەهێناوە، ئایا تاچەند ئەم ئاکامە هاوسەنگیەکان بۆ بەرژەوەندی تەیاری سەدر دەگۆڕێت؟**

- پێموایە هەندێ لە هاوپەیمانێتیەکان هەن کە ناتوانرێت وەك یەك یەکە سەیریان بکەین، بۆ نموونە ناتوانرێت ئیئتیلافی نیشتمانی وەك یەك جەستەی سیاسی سەیر بکرێت، ئەویش لەبەر ئەوەی فرەییەك لە سەرکردایەتیکردنیدا هەیە، بۆ نموونە عادل عەبدولمەهدی، عەممار ئەلحەکیم، ئەحمەد چەلەبی، بە هەمان شێوە لیستی ئەلعێراقیە، کە چەندین سەرکردەی تێدایە، وەك عەللاوی، زافیر ئەلعانی، ساڵح موتلەگ، ئوسامە نوجەیفی، ڕافیع ئەلعیساوی و تاریق ئەلهاشمی. هەروەها لە لیستی عێراقیەدا عەللاوی بە تەنها دەنگێکی زۆر کەمی بەدەستهێناوە، لەگەڵ ئەوەشدا بانگەشەی ئەوە دەکات کە ئەو لیستی ئەلعێراقیەیە، کەواتە ئەم هاوپەیمانێتیانە لە چەند قەوارە و لایەنێك پێکهاتوون کە ئامانجی جیاواز و کارکردنی جیاوازیان هەیە و بانگەشەکردن بۆ ئەوەی ئەمانە هاوپەیمانێتیگەلێکی گونجاون لەگەڵ یەکتردا مایەی قبوڵکردن نییە، لەبەر ئەوەی ئەم لایەنانە بیروبۆچوونە زۆر پێچەوانەی یەکتریان هەیە، بەڵام هەلومەرجی هەڵبژاردن وای لێکردن لە چوارچێوەی هاوپەیمانێتیەکدا کۆببنەوە، بەڵام دوای هەڵبژاردن مەسەلەکە دەگۆڕێت. واتە دەبێت لەم ڕوانگەیەوە لە مەسەلەی ڕەوتی سەدر لە چوارچێوەی ئیئتیلافی نیشتمانیدا و ڕەوتی نوێبوونەوە بە سەرۆکایەتی تاریق هاشمی لە چوارچێوەی لیستی ئەلعێراقیەدا بڕوانین، بە چەشنێك ئەگەر لیستی دەوڵەتی قانون ڕازی بێت بە پێدانی پۆستی سەرۆك کۆمار بە تاریق هاشمی، ئەوا زۆرینەی زۆری لیستی ئەلعێراقیە دەچنە پاڵ لیستی دەوڵەتی قانون، لەبەر ئەوەی ئەم لایەنانە بۆ ئامانج و بۆ بەرژەوەندییەکی دیاریکراو چوونەتە ناو ئەو هاوپەیمانێتیانەوە و ئەگەر ئەم بەرژەوەندیانەیان بێتەدی، ئەوا بایەخ بە هاوپەیمانێتیەکانی پێشوویان نادەن و ئەمە بەسەر ڕەوتی سەدریشدا جێبەجێ دەبێت، کە ٣٩ کورسی لە کۆی ٧٠ کورسی ئیئتیلافی نیشتمانی بەدەستهێناوە، ئەگەرچی پێشبینی دەکرا ژمارەی کورسییەکانی ئەم ئیئتیلافە زیاتر بێت بە بەڵگەی ئەوەی پێش هەڵبژاردنەکان مالیکی داوای ٤٠ کورسی لە چوارچێوەی ئەم ئیئتیلافەدا دەکرد، بەڵام داواکاریەکەی ڕەتکرایە و دواتر بە تەنها دوو ئەوەندەی ئەو ژمارەیەی مسۆگەر کرد کە داوای دەکرد لە چوارچێوەی ئیئتیلافدا پێی بدرێت.

**هەر کەسێک پێی وابێت دەتوانرێت پرۆسەی پێکهێنانی حکومەت دوور لە کاریگەری دەوڵەتە دراوسێکانی بەڕێوەببرێت ڕەنگە زیادەڕەوی لەم ڕووەوە کردبێت**

**هەندێ لە هاوپەیمانێتیەکان هەن کە ناتوانرێت وەک یەک یەکە سەیریان بکەین، ناتوانرێت ئیئتیلافی نیشتمانی وەک یەک جەستەی سیاسی سەیر بکرێت**



**پێموانییە هیچ دەسەڵاتێکی سیاسی بتوانێت دەست لە مەسەلەی فیدراڵیەت هەڵبگرێت**

*** ئەو کەسانەی پاڵێوراون بۆ ئەوەی پۆستی سەرۆك وەزیران وەربگرن، هەموویان لەگەڵ گەڕاندنەوەی مەرکەزیەت بۆ عێراقن، ئەمە لە کاتێکدا دەستووری عێراق باس لەوە دەکات کە عێراق دەوڵەتێکی فیدراڵیە، ئایا تا چ رادەیەك گەڕاندنەوەی مەرکەزییەت پێشێلکردنی دەستووری عێراقیە؟**

- پێموانیە هیچ کەسایەتیەك کە دەسەڵاتی سیاسی بگرێتە دەست، بتوانێت لە ئەحکامەکانی دەستوور دووربکەوێتەوە، بەڵام دەبێت ئەوەشمان لەبیر نەچێت کە حاڵی حازر هەندێ لە پارێزگاکان خۆیان یاسا دەردەکەن، بە چەشنی هەرێمی کوردستان، یان هەرێمێکی دیکە، هەروەها پەرلەمانی عێراق پێویستە دەەسەڵاتێکی گەورەو سنووورداری هەبێت، لەبەر ئەوە دەبێت پێداچوونەوە بە هەندێ لە جوزئیاتدا بکرێت، بەڵام پێموانییە هیچ دەسەڵاتێکی سیاسی بتوانێت دەست لە مەسەلەی فیدراڵیەت هەڵبگرێت، لەبەر ئەوەی لە لایەك هەلومەرج و رووداوەکان دۆخێکی دیاریکراویان بەسەر دەسەڵاتدا سەپاندووە، لە لایەکی دیکەوە دوورکەوتنەوە لە ئەحکام و رێسا و بنەما دەستوورییەکان قابیلی قبوڵکردن نابێت، چونکە مەسەلە گرنگەکانی وەك ئیختیساسەکانی دەسەڵاتی مەرکەزی روونە کە لە ماددەی ١١٠ی دەستووردا هاتووە، بەو پێیە رەنگە هەلومەرجەکە کاریگەری لەسەر جوزئیاتی ئەم مەسەلانە هەبێت، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی بنەما سەرەکیەکە هەر وەك خۆی دەمێنێتەوە.

**بەشداربوونی کوردەکان لە دەسەڵاتی سیاسیدا مشتومڕی لەسەر نییە**

*** بەڕێزت لەرووی دەستووری و یاساییەوە پسپۆریت، هەندێك کەس باس لەوە دەکەن دەکرێت بەبێ بەشداری کوردیش حکومەت پێکبهێنرێت، ئایا بەرای بەڕێزت و بۆ واقیعی ئێستای عێراق ئەمە مومکین دەبێت؟**

- لە راستیدا ناکرێت کوردەکان فەرامۆش بکرێن، ئەمە مشتومڕی لەسەر نییە، بەڵام ئەگەر مەبەستت لە پرسیارەکەت هاوپەیمانی کوردستانی بێت وەك قەوارەیەکی سیاسی، ئەوا ئەمە مەسەلەیەکی دیکەیە. واتە بەشداربوونی کوردەکان لە دەسەڵاتی سیاسیدا مشتومڕی لەسەر نییە، بەڵام ئایا ئەمە بەو مانایە دێت کە دەبێت هاوپەیمانی کوردستانی بەشداری بکات یان نا، ئەمە جێی ناکۆکی و رای جیاوازە. بۆ نموونە ئەگەر گریمانەی ئەوە بکەین کە لیستی دەوڵەتی قانون و لیستی ئەلعێراقیە هاوپەیمانێتی دروست دەکەن، کە بە ئاسانی دەتوانن زۆرینە لە پەرلەماندا دروست بکەن و حکومەت پێکبهێنن و هەر سێ سەرۆکایتیەکەش دیاری بکەن، ئایا لەم کاتەدا پێویستیان بە هاوپەیمانی کوردستانی دەبێت بۆ پێکهێنانی حکومەت، نەخێر، بەڵام ئایا دەتوانن کوردەکان وەك پێکهاتەیەکی سەرەکی پشتگوێ بخەن، نەخێر، واتە رەنگە بتوانن کورد بەشداری لە حکومەتدا پێبکەن، بەڵام مەرج نییە ئەو کوردانە پاڵێوراوی هاوپەیمانی کوردستانی بن، کەواتە ئەمە مەسەلەکەیە کە دەبێت تەرکیزی زیاتری لەسەر بکرێت.

*** دوایین پرسیاری خۆمان بە شیوەیەکی گشتی لەبەرێزت دەکەین، ئایا تێڕوانینیت بۆ ئایندەی عێراق چییە؟**

- پێموایە عێراق بەرەو ئازادی و دیموکراسی و فرەیی دەڕوات و ناکرێت هەنگاو بەرەو دواوە هەڵبگرێت و دەبێت سەرکردە سیاسییەکان ئەم راستیەیان لەبەرچاوبێت و تەرکیز لەسەر ئەم مەسەلەیە بکەنەوە، هەروەها دەبێت کار بکەن بۆ ئەوەی ئەم پرۆسەیە دوانەکەوێت، لەبەر ئەوەی هەر دواکەوتنێك رەنگە ببێتە هۆی دروستبوونی رایەکی دیکە و بۆچوونێکی دیکە. هەروەها ئومێدەوارم عێراق بەرەو خێر و خۆشی هەنگاو بنێت و بتوانێت ئازادی بۆ تێکڕای پێکهاتە و لایەن و گرووپەکان، بە کورد و عەرەب و تروکمان و سائیبە و یەزیدی و بەهایی برەخسێنێت و رێز لە هەموو ئەم لایەنانە بگرێت.

رالف بیتەرز بۆ گوڵان:

# ئێوە وەک کورد هیچ هاوپەیمانێتیەکی سیاسی بە دوور مەگرن هاوپەیمانێتیەکان هەمیشەیی نین و دوژمنەکانیشتان بە دەگمەن هەمیشەیین



لەم ساتەوەختەدا دەستڕۆیشتوویی و نفوزی ئێران مەترسیەکی گەورەترە بۆ عێراق و لە کۆتاییدا مەترسیەکی گەورەترە بۆ سەر ئازادی کوردەکان

**رالف پیتەرز نووسەر و ستراتیژزانی ئەمریکا خاوەنی ٢٣ کتێب و زیاتر لە ٦٠٠ ستوون و وتارە لە رۆژنامە جیهانییەکاندا،ماوەی ٢٢ ساڵ وەك ئەفسەر لەریزی سوپای ئەمریکا حزمەتی کردووە و زۆربەی ناوچەکانی جیهانی ئیسلامی و رۆژهەلاتی ناوەڕاست گەڕاوەو چەندین جار سەردانی عێراقی کردووەو نزیکەی ٥ کتێبی لەسەر عێراق نووسیوە، هەروەها پیتەرز یەکێکە لە دۆستە نزیکەکانی کورد و نەخشەی رۆژهەلاتی ناوەڕاستی کێشاوە کە تیایدا کوردستان دەوڵەتێکی سەربەخۆیە، کۆلۆنێل رالف ئێستا خەریکی دیراساتی ستراتیژییە لەسەر ئەفغانستان و عێراق، سەبارەت بەرەوشی عێراق دوای هەڵبژاردنەکان و مامەڵەی کورد لەگەڵ ئەم بارودۆخە تازەیە کۆلۆنیل رالف بیتەرز بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.**

*** عێراق بە قۆناغێکی زۆر هەستیاردا دەڕوات، بە چەشنێك تێکڕای پارتە سیاسییەکان سەرگەرمی گفتوگۆن بۆ ئەوەی بگەنە رێککەوتنێك و بەشداری لە پێکهێنانی حکومەتی داهاتووی عێراقدا بکەن. کەواتە تا چەند پرۆسەی پێکهێنانی حکومەت درێژە دەکێشێت و هۆکارەکانی ئەو درێژەکێشانە چین؟**

- ناتوانم داهاتوو بخوێنمەوە، کەواتە ناتوانم پێشبینی ئەوە بکەم کە پارتە سیاسییەکان و هاوپەیمانێتییەکانی عێراق چەند کاتیان پێویست دەبێت بۆ ئەوەی بتوانن حکومەتی نوێ پێکبهێنن. بەڵام سستی پرۆسەکە جێی سەرسوڕمان نییە. پێکهاتە جیاوازەکانی عێراق سەرقاڵی دەست و پەنجە نەرم کردنن لەگەڵ دیموکراسیدا، بەڵام لەوەش زیاتر، هێشتا ئەوان سەرگەرمی

فێربوونی ئەوەن کە خوازیارن فێری بن. ئەمە خاڵێکـــی زۆر گرنگە کە زۆرجار فەرامۆش کـــراوە. دوای چەندین دەیە لە نەهامەتی، یەکەمجار لە ســـەردەمی سەددام حوسێندا، دواتر لە هەلومەرجی شـــەڕی ناوخۆییدا کە دوای رووخانی سەددام بۆ ماوەیەکی زۆر درێژەی کێشا، هەست و سۆزی خەڵك لە کەف و کوڵدا بوو. بۆ زۆر کەس، ئەمە پەیوەســـت بوو بە تۆڵەسەندنەوەوە. بەڵام پرسیارەکە دەقا و دەق ئەوەیە « تۆڵەســـەندنەوە لە کێ؟ بە لای کوردەکانەوە، شـــتێکی سروشتی بوو سەرەتا کاردانەوەیان لە دژی عەرەبە ســـوننەکان هەبێت لەبەر ئـــەوەی ئەوان پێگەی سەرەکی پشتیوانیکردن بوون لە ســـەددام. بەڵام ئێستا کاتی ئەوە هاتووە کۆنترۆڵی هەســـت و ســـۆزی خۆمان بکەین و بپرســـین، ئایا بە راســـتی چ شتێك خزمەت بە بەرژەوەندییەکانی کورد دەکات؟ و ئایا چ شـــتێك بە باشـــترین شـــێوە خزمەت بە عێراق دەکات، تا ئەو کاتەی کوردەکان وەك بەشـــێك لەو وڵاتە دەمێننـــەوە؟ بۆ ئەم مەبەســـتە، رەنگە راســـپاردەکەی من زۆرێك لە دۆســـتە کـــوردەکان نائومێـــد و تەنانەت تورەش بکات: هیچ هاوپەیمانێتیەکی سیاســـی بـــە دوور مەگـــرن. هاوپەیمانێتیـــەکان هەمیشەیی نین، هەروەها دوژمنەکانیش بە دەگمەن هەمیشەیین. رەنگە ئەمە بەو مانایە بێت کـــە لە هەندێ هەلومەرجدا کاری سیاســـی لەگەڵ ئەوە کەسانەدا بکەن، کە پێشـــتر بە راست یان بە هەڵە، وەك دوژمن سەیرتان کردون. رەنگە زۆر کـــەس هاوڕانەبێت، بـــەڵام پێموایە لەم ساتەوەختەدا دەستڕۆیشتوویی و نفوزی ئێران مەترســـیەکی گەورەترە بۆ عێراق و لـــە کۆتاییدا مەترســـیەکی گەورەترە بۆ ســـەر ئازادی کوردەکان، نەك عەرەبە ســـوننەکانی عێراق. لە کاتێکدا عەرەبە سوننەکان گورزێکی گەورە لە غرووریان دراوە، ئـــەوان لـــە ئێســـتادا لەوپەڕی بێدەسەڵاتیدان. هەرچەندە ناکۆکی قووڵ دەمێنێتەوە، بە تایبەتی لەســـەر کێشەی کەرکوك، بـــەڵام باوەڕموایە کاتی ئەوە هاتووە کورد واز لە بیرکردنەوەی تاکتیکی بهێنێت و بیر لە بیرکردنەوەی ستراتیجی بکاتەوە. پرســـیارە سەرەکیەکە ئەوەیە چ جۆرە هاوپەیمانێتیەك باشتر دەتوانێت پەرە بە ســـەقامگیری و ئاسایشی کوردەکان بدات؟ گەر بە تورەیی بیر بکەیتەوە، ئەوا بە هەڵە وەڵامی ئەم پرسیارە دەدەیتەوە. کاتی ئەوە هاتووە بە ئەعسابێکی ساردەوە لە نەخشە سیاســـییەکە بڕوانن و لەسەر بنەمـــای بەرژەوەندییـــە درێژخایەنەکان بڕیار بدەن نەك لەســـەر بنەمای هەست و سۆز.

*** لەم قۆناغـــە هەســـتیارەدا، لەبری ئەوەی گفتوگۆکان لە بەغدا بەڕێوەبچن، ســـەرکردە سیاســـییەکان ســـەرقاڵن بە ســـەردانکردنی دەوڵەتە دراوســـێکانەوە، کەواتە بە پێـــی بیروبۆچوونی ئێوە، تا چ رادەیەك دەوڵەتە دراوســـێکان لەسەر پرۆســـەی پێکهێنانی حکومەتی نوێ کاریگەرن؟**

- هەواڵە خۆشەکە ئەوەیە پێشبینی ئێران بەوەی دەبێتە هێزی گەورە لە حکومەتی نوێی عێراقیدا لە جێـــی خۆیدا نەبوو. تەنانەت لە نێو شـــیعەکانی عێراقیشدا، زۆربەیان بە گومانەوە لە ئێران دەڕوانن، ئەمە ســـەرەڕای ئەوەی ئێران ئامادەیە دارایـــی، چەك بـــۆ شـــیعەکان دابین بکات. لـــەم هەڵبژاردنەی دواییدا ئێران گورزێکی بەهێـــزی بەرکەوت. لەگەڵ ئەوەشـــدا، ناتوانین بڵێین، ئێران بوونی لەســـەر گۆڕەپانـــی عێـــراق نامێنێت، کەواتە دەبێت ســـەرکردە سیاسییەکانی عێراق هەوڵبدەن پێوەندیگەلێکی بنیاتنەر لەگەڵ تەهراندا دروســـت بکەن، بەڵام نەك ئەوە پێوەندییەی تێیدا ئێران فەرمان بەســـەر عێراقیەکاندا بـــکات. دووبارە دەگەڕێمەوە بۆ پرســـیاری یەکەم، دەبێت کـــوردەکان واز لـــە بیرکردنەوەی کۆن و دابەشبوونەکانی رابردوو بهێنن و هەوڵی دۆزینەوەی هاوپەیمان بدەن، تەنانەت لە نێو دوژمنەکانی دوێنێشـــیاندا. هەروەها بۆ ئەو کەســـانەی باوەڕیـــان وایە ئەمە مەحاڵ یاخود هەڵەیـــە، ئەوا نموونەی شەڕی ناوخۆیی خوێناوی ئەمەریکایان بۆ ئەهێنمەوە، کە ئەو شەڕە لە وڵاتەکەی ئێمەدا لە ساڵی ١٨٦١ بۆ ساڵی ١٨٦٥ درێژەی کێشا، بەڵام سەرەڕای دابەشبوونە کوشـــندەکان، زۆرێك لە هـــەردوولا ئەو راســـتیەیان لەبەرچاوگرت-ئەمە دوای ئەوەی شەڕەکە وەســـتا- کە دەبێت کار لەگەڵ دوژمنەکانی پێشـــوویاندا بکەن. ناڵێـــم دەبێت کوردەکان چاوپۆشـــی لەو بەعسیانە بکەن کە بە راستی تاوانکارن، بـــەڵام دەبێت ئاماژەش بـــەوە بکەین کە هەمـــوو ئەندامێکی بەعـــس تاوانکار نەبووە. هەندێ جار رابردووی کەســـێك هێنـــدەی توانا و قودرەتـــی داهاتووی کەسێك گرنگ نییە. ئەمە ساتەوەختی نواندنی ژیرییە نەك ساتەوەختی پەنابردن بۆ کوشتن.

*** بەشـــداربوونی کـــوردەکان گرنگە، بەڵام مەرجـــی ئەوان بۆ بەشـــداربوون جێبەجێکردنـــی دەســـتووری عێـــراق و چارەسەرکردنی کێشەی ناوچە ناکۆکی لەســـەرەکانە. کەواتە چۆن لایەنەکانی دیکـــە وەڵامی ئـــەم داواکاریەی کورد دەدەنەوە؟**

- دووچـــاری نائومێـــدی بوومە کاتێك بینیم گروپەکانی دیکەی عێراق هێشتا ئامادەنین بەو شێوەیە لە کەرکوك بڕوانن کە لە رووی مێژووییەوە شارێکی کوردیە. لەگەڵ ئەوەشـــدا هەرچەندە خوازیاری ئەوەم لە ماوەیەکی نزیکدا ئەم کێشـــەیە چارەســـەربکرێت، ئەوا ئەو راستیەشـــم لەبەرچاوە کـــە هەندێ جار باشـــترین چارەسەر ئەو چارەســـەرەیە کەلەماوەی چەند ســـاڵێکدا روودەدات، واتە بڕیاری چارەســـەرکردنە بە شێوەیەکی سروشتی دەدرێت. رەنگە هەلومەرجی ئێســـتای کەرکـــوك و ناوچەکانـــی دیکـــە جێی رەزامەندی نەبن، بەڵام دەبێت کوردەکان ئەو پرســـیارە بکەن ئایا ســـتراتیجیەتی درێژخایەنـــی خۆیـــان دەگۆڕنـــەوە بە تورەبوونێکی مەودا کورت. هەندێ جار ئەو کێشانەی وا دەردەکەون کە چارەسەریان نییـــە و درێژخایەنن، لە کۆتاییدا خۆیان چارەســـەر دەکەن. با روونتر قسەبکەم: هیچ چارەســـەرێك شکنابەم بۆ کێشەی کەرکوك. تەنیا هانی دۆســـت و هاوڕێ کوردەکانم دەدەم بۆ ئەوەی بەشـــێوەیەکی داهێنەرانە و خوڵقێنەرانـــە بیربکەنەوە.

**پێشبینی ئێران بەوەی دەبێتە هێزی گەورە لە حکومەتی نوێی عێراقیدا لە جێی خۆیدا نەبوو**

**دووچاری نائومێدی بوومە کاتێک بینیم گروپەکانی دیکەی عێراق هێشتا ئامادەنین بەو شێوەیە لە کەرکوک بڕوانن کە لە رووی مێژووییەوە شارێکی کوردیە**

**هەندێ جار ئەو هەنگوینەی دەیدەیتە دوژمنەکەت و دەبێتە هۆی ئەوەی خەوی لێبکەوێت، باشترە لەو ژەهرەی کە تووشی شۆکی دەکات و لە خەوی رادەپەڕێنێت**

چۆن دەتوانن مانۆڕێکی ژیرانەتر لەگەڵ رکابەرەکانیانــدا بکەن، بێئــەوەی ئەو رکابەرانە درك بەوە بکەن کە روودەدات؟ هەروەها هەندێ کات ئەوەی نووسراوەتەوە زۆر گرنگی نییە بەراودر بەوەی لەسەر ئــەزری واقیــع روودەدات. هەندێ جار ئەو هەنگوینەی دەیدەیتە دوژمنەکەت و دەبێتە هۆی ئــەوەی خەوی لێبکەوێت، باشــترە لەو ژەهرەی کە تووشی شۆکی دەکات و لە خەوی رادەپەڕێنێت.

*** یەکێــك لە مەســەلەکانی دیکە کە رەنگە ببێتەهۆی ئاڵۆزکردنی دۆخەکە، داواکاری ســەرۆك وەزیرانــە بە دووبارە هەژمارکردنەوەی دەنگەکانی ٥ پارێزگا، کە رەنگە ئەمە نیشانەی بێئومێدبوونی مالیکی بێت لە هاوپەیمانێتی دروســت کــردن لەگەڵ ئیئتیلافی نیشــتمانیدا، بــە تێڕوانینی ئێــوە تــا چ رادەیەك ئــەم داواکاریە ئاڵۆزی لــە هەلومەرجە سیاسییەکەدا دەخوڵقێنێت؟**

- لە راســتیدا گورزێــك لە غروری د. مالیکی درا. ئەو خۆی بە رزگارکاری عێراق دەزانێــت و پێیوایە لــەم رووەوە عێراقییــەکان لــە کاتــی دەنگدانــدا تەقدیری ئەمەیان نەکردووە. ئەو دڵنیابوو لەوەی پارتەکەی ســەرکەوتن بەدەســت دەهێنێت. کە رەنگە راوێژکارەکانیشــی ئەمەیان بــۆ دوپات کردبێتــەوە، بەڵێ دەنگدانەکــە لــەو پێنــج پارێزگایەدا ســاختەکاری تێداکــراوە، ئەمەش جێی داخە. د.مالیکی پێگەیەکی باشــتری لە مێژوودا دەبێت ئەگەر شــەرەفمەندانە رەفتار بــکات و دان بە ســەرکەوتنی ئاشکرای بەرێز عەللاویدا بنێت، بەوەی یەکەم دەرفەتی پێبدات بۆ ئەوەی بەپێی سیســتمی پەرلەمانتاری عێراق هەوڵی پێکهێنانی حکومەت بدات. ئێمە دەزانین کە چاودێرە نێودەوڵەتییــەکان پێیانوایە هەڵبژاردنەکانــی عێراق بــە نەزیهی و عادیلانە بەڕێوەچوونە. دەبێت د.مالیکی ئەو راســتیە بزانێت کە لە دیموکراسیدا هەمیشە سەرکەوتن نابێتە چارەنووست. لە لایەکی دیکەوە هێشــتا عێراقییەکان ســەرقاڵی فێربوونی دیموکراسین، ئەمە تەحەددیەکــی مەزنــە. تەنانەت دوای ٨٠٠ ســاڵ لە پیادەکردنــی- ئێمە کە ســەر بە کەلتووری ئینگلیزین- هێشتا مشتومڕی توند لەگەڵ یەکدا دەکەین. هەروەها لە کۆتاییدا هونەری دیموکراسی هەمیشــە بریتی بووە لــە پێکهێنانی هاوپەیمانێتی. ئەمەش بەو مانایە نایەت کە تەنیا لەگەڵ ئەو کەسانەدا کاربکەین کــە بیروبۆچونی تۆیــان هەیە، بەڵکو دەبێــت هەوڵی دۆزینــەوەی زەمینەی هاوبەش لەگەڵ ئەو کەسانەشــدا بدەیت کە بیروبۆچونیان وەك تۆ نییە.

*** ئەوەی جێی سەرنجە بەدەستهێنانی ٤٠ کورسیە لە کۆی ٧٠ کورسی ئیئتیلافی نیشــتمانی لە لایەن رەوتی سەدرەوە کە بەشــێکە لەم ئیئتیلافە، پرســیارەکە ئەوەیە چۆن ئەم رەوتە بەم ژمارە زۆرەی کورســیەکانەوە رۆڵی خۆی لە پرۆسە سیاسییەکەی عێراقدا دەبینێت؟**

- موقتەدائەلســەدر ئەوەندە کورســی لە پەرلەماندا بەدەســتهێناوە بۆ ئەوەی بتوانێــت کاری گێرەشــێوێنی بکات. دەبێــت ئامانجــی هەمــوو کوردێکی ئاشتیخواز و عێراقییەکی نیشتمانپەروەر ئەوەبێت کە ئەو گێرەشــێوینیە سنووردار بکات کە ئەلسەدر ئەنجامی دەدات. لە هەمان کاتدا گرنگە دان بەو راســتیەدا بنرێت کە هەندێ لە شیعەکانی عێراق، بەتایبەتــی هــەژارەکان و ئەوانــەی ئاســتێکی پەروەردەیی بەرزیان نییە—دڵســۆزی موقتەدان، لەبەر ئەوە نابێت بە تەواوەتی لە پرۆسەکە دووربخرێتەوە. ئێمە لە ســوپای ئەمەریکیدا وتەیەکی رەقمان هەیــە ئەویش ئەوەیە دەڵێت: من لێرە دەمێنمەوە ئەگەر تۆ چاوپۆشــی لە رەفتارە خراپەکانی من بکەیت: «باشترە لــە ژێر خێمەکەدا بێــت و خۆی بچێتە دەرەوە، لەوەی لە دەرەوە بێت و هەوڵبدات بێتە ژوورەوە.» سیاسییە بەهرەمەندەکان بــە وریاییــەوە دەرفەتگەلێکی زۆر بە ئەلسەدر دەدەن بۆ ئەوەی خۆی تووشی ئیحراجی بــکات، بە ئاشــکرا هەوڵی تێکشکاندنی مەدەن، لێگەڕێن با خۆی خۆی تێکبشکێنێت.

*** ئەگــەر گریمانەی ئــەوە بکەین کە هاوکێشە سیاسییەکە گۆڕا و حکومەت پێکهێنرا و کوردەکان بەشــداریان نەکرد، ئایا تــا چ رادەیەك ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی داهاتووی عێــراق بکەوێتە ژێر پرسیارەوە؟**

- ئەگــەر ســەرکردەکوردەکان ئەوەنــدە بێئاگابــن کــە سەرســەختی بکەن و بەشداری لە حکومەتی هاوپەیمانێتییەدا نەکەن، رەنگە ئەمە بۆ غرور و شــکۆی کوردەکان شتێکی باش بێت، بەڵام خزمەت بە واقیعی کوردەکان ناکات. ئەمە کاتێك زۆر گرنگە. دەبێت سیاســییە کوردەکان سازشی ســەخت بکەن-ئەگەر تەنها بە شێوەیەکی کاتیش بێت-بۆ ئەوەی بتوانن «شوێنی خۆیان لەسەر مێزەکە بگرن.» باشترین دۆخ بۆ کوردەکان ئەو کاتەیە کە ئەوان ببنە راگری هاوسەنگی لە نێوان لایەنە عێراقییەکانی دیکەدا.

*** تێروانینتــان بــۆ ئاینــدەی عێراق چییە؟**

- دەبێــت ئــەوە دووبــارە بکەمەوە کە لە ســەرەتاوە ئاماژەم پێکــرد. ناتوانم ئایندە بخوێنمــەوە. نازانم چ ئایندەیەك چاوەڕوانــی عێــراق دەکات. چونکــە چەندیــن گۆڕان لە بارودۆخەکەدا هەن. کە دەکرێت بە ئاڕاســتەیەکی دروستدا بــڕۆن و دەکرێت بــە پێچەوانــەوە بە ئاڕاســتەیەکی هەڵەدا بــڕۆن. پێموایە حکومەتی داهاتــوو یەکلاکەرەوە دەبێت، واتە ئەو رەوتە دیاری دەکات کە لە چەند ســاڵی داهاتوودا عێــراق دەیگرێتەبەر. هەر ئەمــەش وا دەکات بــۆ کوردەکان زۆر گرنگ بێت کــە نوێنەرایەتیەکی بەهێزیان لە حکومەتی داهاتوودا هەبێت، تەنانەت ئەگەر بەشداریکردنیان سازشی ســەختیش بخوازێت. ئەگەر گرەو بکەم «ئەگەرچی هەرگیز کاری لەم چەشنەم نەکردووە»، ئەوا گرەو لەسەر ئەوە دەکەم کە تا رادەیەکی باش عێراق سەرکەوتوو دەبێت. ئەگەر عێراق لە ساڵی ٢٠٠٦دا هەرەسی نەهێنا، ئەوا دەتوانین ئەوە بڵێین کە لە ئێســتادا هەرەس ناهێنێت. بەڵام ئەمەش بۆ خــودی عێراقییەکان خۆیان دەگەڕێتەوە. بە گشتی داهاتووی عێراق بۆ ئەو کەسانەیە کە یاری شەترەنج دەکەن نەك یاری هەڵدانی زار.

**دەبێت د.مالیکی ئەو راستیە بزانێت کە لە دیموکراسیدا هەمیشە سەرکەوتن نابێتە چارەنووست**

**دەبێت ئامانجی هەموو کوردێکی ئاشتیخواز و عێراقییەکی نیشتمانپەروەر ئەوەبێت کە ئەو گێرەشێوینیە سنووردار بکات کە ئەلسەدر ئەنجامی دەدات**

**باشترین دۆخ بۆ کوردەکان ئەو کاتەیە کە ئەوان ببنە راگری هاوسەنگی لە نێوان لایەنە عێراقییەکانی دیکەدا**

د.باسم شەریف بۆ گوڵان:

# دەستوور تەنیا دیكۆمێنتێكە كە هەموو عێراقییەكان لەسەری رێككەوتوون

**د.باسم شەریف ئەندامی مەكتەبی سیاسی حزبی فەزیلەی ئیسلامی عێراقە و ئەندامی پەرلەمانی عێراقە وەك یەكێك لە پەرلەمانتار و سیاسەتمەدارەكانی عێراق سەبارەت بەرەوشی دوای هەڵبژاردنەكان و چۆنیەتی گرێدانی هاوپەیمانییەكان و ئاراستەی پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا، د.باسم شەریف بەمجۆرە راو سەرنجی خۆی بۆ گوڵان دەربڕی.**



عێراق لە رووی سیاسیەوە هێشتا نەیتوانیوە سەربەخۆیی بەدەست بهێنێت و لە كاریگەری دەوڵەتە دراوسێكان رزگاری بێت

*** ئێستا لە عێراقدا باردۆخێكی ئەوتۆ هەیە كە لایەنە سیاسییەكان ئاستی متمانەیان بە یەكتری لاواز بووە، پرسیار ئەوەیە ئایا لە باردۆخێكی سیاسی لەمجۆرە پرۆسەی سیاسی چۆن هەنگاو بەرەو پێشەوە هەڵدەگرێت؟**

- لە راستیدا دۆخێكی سیاسی ئەوتۆ لە عێراقدا لە ئارادایە كە متمانەی دوولایەنە لە نێوان لایەنە سیاسییەكاندا بوونی نییە، واتە قەیرانی متمانە لە نێوانیاندا هەیە، هەروەها ململانێ لەسەر دەسەڵاتی سیاسی و پۆست و پلە و پایەكان هەیە، لە هەمان كاتدا ئەنجامی هەڵبژاردنەكان بە شێوەیەك بوون كە هیچ لایەنێك نەیتوانی ئەو رێژە دەستووریە بەدەست بهێنێت كە رێی پێدەدات بە تەنیا حكومەت پێكبهێنێت، ئەمەش ناچاری كردوون پەنا بۆ دروستكردنی هاوپەیمانێتی ببەن، ئاشكرایە ئەم پرۆسەیەش پێویستی بە سازشكردن هەیە، لە لایەكی دیكەوە ناكۆكی لەسەر پۆستی سەرۆك كۆمار هەیە. لەبەر ئەوە سەرەڕای تێپەڕبوونی نزیكەی ٤٠ رۆژ بەسەر هەڵبژاردنەكاندا و سەرەڕای بوونی گفتوگۆ، بەڵام هێشتا رواڵەتی پرۆسەكە ئاشكرانەبووە و هێشتا بەرەوپێشچوونێكی روون لە پرۆسەی پێكهێنانی حكومەتدا دروست نەبووە، لەبەر ئەوە پێموایە ئەم پرۆسەیە دوادەكەوێت و رەنگە چەند مانگێك بخایەنێت، كە ئومێدەوارین حكومەتێكی سەركەوتو بێتە ئاراوە، هەرچەندە بەپێی ئەو ئاماژانەی ئێمە لەبەردەستماندایە، پێناچێت لە حكومەتی پێشووتر بەهێزتربێت.

*** ئایا تا چ رادەیەك دەوڵەتە دراوسێكان لەسەر پرۆسەی پێكهێنانی حكومەتی نوێ كاریگەرن؟**

- پێموایە عێراق لە رووی سیاسیەوە هێشتا نەیتوانیوە سەربەخۆیی بەدەست بهێنێت و لە كاریگەری دەوڵەتە دراوسێكان رزگاری بێت، واتە هێشتا ئەم دەوڵەتانە بە شێوەیەكی ئاشكرا دەستێوەردان دەكەن لە رەسمكردنی رەوت و پرۆسەی پێكهێنانی حكومەت و ئەو بارودۆخە سیاسییەی دێتە ئاراوە، واتە ئەم دەوڵەتانە ناكۆكی و كێشەكانی خۆیان هێناوەتە ناو عێراقەوە، ئەویش بەهۆی لاوازی دۆخە سیاسییەكە لە عێراقدا و لەبەر ئەوەی سەركردە سیاسییەكان نەیانتوانیوە سەربەخۆیی سیاسی خۆیان بپارێزن. لە راستیدا من لەگەڵ كرانەوەدام بە رووی تێكڕای دەوڵەتە دراوسێكاندا و لەگەڵ ئەوەدام پەیوەندی باش و دۆستانە لەگەڵ ئەم دەوڵەتانەدا دروست بكەین، هەروەها ئەگەرچی بیانو و پاساوی ئەم لایەنانە بۆ سەردانەكانیان بۆ ئەو دەوڵەتانە روونكردنەوەی هەڵوێستی خۆیان و روونكردنەوەی دۆخە سیاسییەكەیە لە عێراقدا، بەڵام پێموایە باشترە ئەم سەردانانە بۆ دوای پێكهێنانی حكومەتی نیشتمانی و دوای سەقامگیربوونی دۆخە سیاسیەكە دوابخرێت، دوای ئەوەی بەرنامەیەكی حكومی روونمان دەبێت بۆ ئەوەی لایەنەكان نوێنەرایەتی حكومەتی عێراق بكەن، نەك نوێنەرایەتی لایەنەكانی خۆیان. لە لایەكی دیكەوە ئەگەر سەردانی ئەم لایەنانە بۆ ئەوەیە دەستێوەردانی سلبی ئەم دەوڵەتانە لە بارودۆخی عێراق دووربخەنەوە، ئەوا پێموایە ئەمە كارێكی باشە، بەڵام نەك بۆ مەبەستی بەدەستهێنانی پشتگیری ئەم دەوڵەتانە بێت لە دژی لایەنێكی دیكە لە عێراقدا، چونكە ئەمە پشێوی دروست لە دۆخەكەدا دەكات.

هەموو لایەك هاوڕان لەسەر ئەوەی دەبێت كوردەكان نوێنەرایەتیان لە حكومەتی داهاتووی عێراقدا هەبێت

*** بەشداری كوردەكان كاریگەری گرنگی لەسەر پرۆسەی پێكهێنانی حكومەت هەیە، بەڵام مەرجی بەشداریكردنی كوردەكان پابەندبوونی لایەنەكانی دیكەیە بە دەستووری عێراقیەوە، پرسیارەكە ئەوەیە ئایا تا چ رادەیەك لایەنەكانی دیكە بە دەستوورەوە پابەبد دەبن؟**

- هەموو لایەك هاوڕان لەسەر ئەوەی دەبێت كوردەكان نوێنەرایەتیان لە حكومەتی داهاتووی عێراقدا هەبێت، لەبەر ئەوەی كوردەكانیش هاووڵاتی عێراقین و هەمان مافیان هەیە و هەمان ئەركیان لەسەرە، هەروەها ئەوان شەریكن لە چارەنووسی وڵاتەكەدا، لەبەر ئەوە دەبێت بەشداربن. ئەوەی پەیوەندی بە دەستوورەوە هەبێت،

ئەوا سەرەڕای ئەوەی دەستوور سەرنجی لەسەرە، بەڵام ئەمە تاکە وەسیقەیەکە کە هەموو لایەك لەسەری ڕێککەوتبن. لە لایەکی دیکەوە ئەوەی پەیوەندی بە ناوچە ناکۆکی لەسەرەکانەوە هەبێت، ئەوا پێموایە دەبێت بەپێی سەفقە سیاسییەکان ئەم پرسە یەکلابکرێتەوە، چونکە ئێمە ئەزموونی ڕابردومان هەیە، کە سەرەڕای بوونی مادده دەستووریەکان کە بونیان گرنگە، بەڵام بە تەنیا نەبوونە هۆی چارەسەرکردنی ئەم پرسانە، کە پێموایە کوردەکان لە گفتوگۆکانیاندا بۆ پێکهێنانی هاوپەیمانێتی جەخت لەسەر ئەم مەسەلانە دەکەنەوە و ئەو کاتە مەسەلەکە دەوەستێتەسەر کوردەکان کە چۆن دەتوانن قەناعەت بە لایەنەکانی دیکە بکەن، یاخود زەمانەتی چارەسەرکردنی ئەم پرسانەیان لێوەربگرن. لە ڕاستیدا بێبەشکردنی پێکهاتەیەکی سەرەکی لە بەشداری کردن دەبێتە هۆی ئەوەی هاوکێشەکە ناتەواو بێت و کەموکوڕی زۆر بێت، لەبەر ئەوە باوەڕناکەم لە حکومەتی داهاتووی عێراقدا کوردەکان بەشدارنەبن، چونکە کوردەکان ئامادەبوونێکی بەرچاویان لە ساحە سیاسییەکەدا هەیە و لە هەڵبژاردنەکانیشدا ئەنجامێکی تا ڕاددەیەك باشیان بەدەستهێنا، بۆ نموونە ئەگەر ژمارەی کورسییەکانی تێکڕای لایەنە کوردییەکان کۆبکەیتەوە نزیکەی ٦٠ کورسیان لە پەرلەماندا دەبێت.

*** لیستی دەوڵەتی یاسا هەتا ئێستاش دەستبەرداری کاندیدکردنەوەی د.مالیکی بۆ پۆستی سەرۆك وەزیران نابێت، ئایا ئەم پێداگرتنەی لیستی دەوڵەتی یاسا چەند پرۆسەکە دوا دەخات؟**

- لە ڕاستیدا هەوڵەکانی یەکخستنی هەردوو هاوپەیمانێتی ( ئیئتیلافی نیشتمانی و دەوڵەتی قانون) بەردەوامن، ئەمە لە لایەك، لە لایەکی دیکەوە لیستی دەوڵەتی قانون مافی خۆیەتی سکاڵا و ئیعتیرازی لەسەر ئەنجامەکان هەبێت، بەڵام دەبێت مەسەلەکە لێرەدا کۆتایی پێبێت، مەبەستم ئەوەیە دەبێت تەنیا سکاڵاکان پێشکەش بکرێن و دواتر لایەنی قەزائی ئەم مەسەلەیە یەکلابکاتەوە. دواتر ئەگەر هاتوو کورسییەك یان زیاتریش بۆ مالیکی زیادکرا، ئەوا نەخشە سیاسییەکە هیچ گۆڕانکارییەکی بەسەردا نایەت، بەڵکو سەرەڕای ئەوەش دەبێت هاوپەیمانێتی دروست بکرێت بۆ ئەوەی بتوانن زۆرینە لە پەرلەماندا بەدەست بهێنن، ئەگەرچی ڕەنگە ئەم مەسەلەیە لە ڕووی مەعنەویەوە ببێتە هۆی باشترکردنی پێگەی مالیکی.

*** بەڕێزت ئاماژەت بە هاوپەیمانی دەوڵەتی یاسا و هاوبەندی نیشتمانی عێراقی کرد، بەڵام ئێستا لە ناو هاوبەندی نیشتمانیدا قسەی یەکەم بۆ تەیاری سەدرە لەبەر ئەوەی زۆرترین کورسی لەو هاوبەندیە پێکهێناوە، ئایا ئەمە چەند کاریگەری لەسەر ئەو هاوپەیمانیە دەبێت؟**

- ڕاستە ژمارەی کورسییەکان گرنگە، بەڵام ئەمەش پێویستی بە کاری سیاسیی ڕێکخراو هەیە، پێویستی بەوە هەیە چۆن بتوانرێت تەوزیف بکرێت بۆ ئەوەی ئەو لایەنە لەسەر گۆڕەپانە سیاسیەکە کاریگەر بێت. بۆ نموونە، ڕەوتی سەدر دەتوانێت بەم شێوەیە کاربکات، لەبەر ئەوەی بەپێی نیزامی ناوخۆی ئیئتیلاف بۆ هەر حەوت کورسییەکی ئەم ئیئتیلافە نوێنەرێك لە دەستەی سەرکردایەتیکردنەکەیدا هەیە، واتە لەم ڕووەوە ڕەوتی سەدر بەشێکی گەورەیان لەم دەستەیەدا دەبێت و دەتوانن هەر بڕیارێك تێپەڕێنن کە بیانەوێت، هەروەها ڕەوتی سەدر وەرگرتنەوەی پۆستی سەرۆك وەزیرانی لە لایەن مالیکەوە بە هێڵی سوور داناوە و ئەمەش کاریگەری لەسەر سەرنەکەوتنی هەوڵەکانی لێکنزیکبوونەوەی لیستی مالیکی و ئیئتیلاف هەبووە.

*** بەپێی دەستوور عێراق دەوڵەتێکی فیدراڵییە، ئایا تا چ ڕاددەیەك گەڕاندنەوەی مەرکەزییەت پێشێلکردنی دەستووری عێراقیە؟**

- ئێمە دەبێت جیاوازی لە نێوان خواستی سەرکردەیەك بۆ گەڕاندنەوەی مەرکەزیەت بکەین کە مافی خۆیەتی ئەو خواستەی هەبێت، لەگەڵ بوونی دەستوور و یاسادا، مەبەستم ئەوەیە لە ڕووی واقیعەوە دەستوورێك هەیە، هەروەها یاسا هەیە و ئاشکراشە کە دەستوور عێراقی وەك دەوڵەتێکی فیدراڵی وەسفکردووە و سیستمی نامەرکەزی ئیداری لە پارێزگاکاندا پیادە دەکات، ئەگەرچی هەندێ هەواڵ لە سەرچاوەکانی ڕاگەیاندن باس لەوە دەکەن کە پارێزگای بەسرە خواستی ئەوەی هەیە ببێتە هەرێمێك، ئەمە سەرەڕای ئەوەی پارێزگار و ئەنجومەنی پارێزگای ئەو شارە سەر بە لیستەکەی مالیکین و مالیکیش یەکێك بوو لەو کەسانەی خواستی گەڕاندنەوەی مەرکەزیەتی هەبوو. لێرەدا مەبەستم ئەوەیە دەستوور بەسەر هەموو لایەنەکاندا باڵادەستە و خواستی کەسێك شتێکە و دەستووریش شتێکی دیکەیە. هەروەها ئەوەی پەیوەندی بە پیادەکردنی فیدراڵیەتەوە هەبێت، ئەوا ئەزموونی کوردستان لەم ڕووەوە ئەزموونێکی پێشکەوتووترە لە پارێزگاکانی دیکە، واتە لەم ڕووەوە پارێزگاکانی دیکە پێوستیان بە کات دەبێت بۆ ئەوەی بتوانن دواتر سیستمی فیدراڵی پیادە بکەن، نەك تەنیا نامەرکەزیەتی ئیداری، چونکە ڕەنگە سەپاندنی مەسەلەیەك کە نوێ بێت لە عێراقدا ئەنجامی باشی لێنەکەوێتەوە، لەبەر ئەوە ئێمە وەك حزب پشتگیری ئەوەمان دەکرد کە سەرەتا نامەرکەزیەتی ئیداری لە پارێزگاکاندا پیادە بکەین، وەك زەمینەخۆشکردنێك بۆ ئەوەی دواتر ببنە هەرێم.

*** تێڕوانینتان بۆ ئایندەی عێراق چییە؟**

- هیوادارم هەر هەڵبژاردنێکی نوێ کە دەکرێت بەرەوپێشچوونێك بێت لە ڕووی هەڵبژاردن و لە ڕووی کاری پەرلەمانیەوە، بەڵام پێموایە هاووڵاتیانی عێراق لەم ڕووەوە لە سەرکردە سیاسییەکان پێشکەوتووترن، لەبەر ئەوەی بەشداری کردنیان لە هەڵبژاردنەکاندا لە سەرووی ئاستی پێشبینیکراوەوە بوو. هەروەها گەشبین نیم بەوەی هەڵبژاردنی داهاتوو باشتر دەبێت و ئەدای پەرلەمانی داهاتو و حکومەتی داهاتوو لە ئەدای پەرلەمان و حکومەتی ڕابردو باشتر دەبێت، بە تایبەتی ئەگەر بیرۆکەی موحاسەسە بەسەر حکومەتەکەدا زاڵبێت و نەتوانرێت چەمکی هاووڵاتیبون بە تەواوەتی جێبەجێ بکرێت، بە چەشنێك هاووڵاتیان تەنیا متمانەیان بە پاڵێوراوەکانی گروپەکەی خۆیان بێت، ئەمەش مەسەلەیەکی مەترسیدارە. لە کۆتاییدا دەڵێم هیوادارم پێشبینیەکانی من هەڵەبێت و بارودۆخەکە لەوە باشتر بێت کە من چاوەڕێی دەکەم.

**کوردەکان ئامادەبوونێکی بەرچاویان لە ساحە سیاسییەکەدا هەیە و لە هەڵبژاردنەکانیشدا ئەنجامێکی تا ڕاددەیەک باشیان بەدەستهێنا**

**دەستوور بەسەر هەموو لایەنەکاندا باڵادەستە و خواستی کەسێک شتێکە و دەستووریش شتێکی دیکەیە**

**هاووڵاتیانی عێراق لە سەرکردە سیاسییەکان پێشکەوتووترن، لەبەر ئەوەی بەشداری کردنیان لە هەڵبژاردنەکاندا لە سەرووی ئاستی پێشبینیکراوەوە بوو**

**لیم ئەندرسن بۆ گوڵان:**

# لە هەڵبژاردنی ئەمجارەشدا دابەشبوونەکان بە ئاشکرا دیارە شیعە دەنگی داوە بە شیعە، سوننە دەنگی داوە بە سوننە، کورد دەنگی داوە بەکورد

**پرۆفیسۆر لیم ئەندرسۆن ئوستادی زانستە سیاسییەکانە لە زانکۆی رایت ستەیت و پسپۆر و تایبەتمەندە لەسەر عێراق و چارەسەرکردنی کێشە ئیتنییەکان و ئەمساڵیش لەگەڵ پرۆفیسۆر (گاریس ستاندفیلد) کتێبێکیان بە ناونیشانی تەنگژەی کەرکوک نووسیوە، پرۆفیسۆر ئەندرسۆن یەکێکە لەنزیکەوە ئاگاداری رەوشی ئێستای عێراق و کێشەی ناوچە جێناکۆکەکانە، سەبارەت بەم پرسانە پرۆفیسۆر ئەندرسۆن بەمجۆرە بۆ گوڵان قسەی کرد.**



*** دوای ئاشکراکردنی ئەنجامی هەڵبژاردنەکان چۆن بارودۆخی عێراق دەبینێت؟**

- لە راستیدا ئەوەی جێی سەرنجە ئەو ئەنجامەیە کە لیستی ئەلعێراقیە بەدەستی هێناوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر بەشێوەیەکی گشتی لە هەڵبژاردن و ئەنجامەکانی بڕوانین، ئەوا ئەو راستیە بەدی دەکەین کە شیعەکان دەنگیان بۆ لیستێك یان دوو لیستی شیعەداوە، لە کاتێکدا سوننەکان دەنگیان بە لیستی ئەلعێراقیە و کوردەکانیش بە لیستە کوردییەکان، ئەگەرچی لە کوردستاندا بزووتنەوەی گۆڕانیش دروست بوو، بەڵام ئەو لیستەش هەر لیستێکی کوردییە. بە چەشنێك مالیکی لە باکوور دەنگی نەهێنا و عەللاویش لە باشوور و کوردەکانیش نەیانتوانی لە دەرەوەی کوردستان دەنگ بەدەست بهێنن، کەواتە ئەمە هەمان ئەو شێوازەیە کە لە رابردوودا روویدا، مەبەستم لە دەنگدانە لەسەر بنەمای ئیتنی و تائیفی.

*** بەڵام عێراق بە قۆناغێکی زۆر هەستیاردا دەڕوات، بە چەشنێك تێکڕای پارتە سیاسییەکان سەرگەرمی گفتوگۆن بۆ ئەوەی بگەنە ڕێککەوتنێك و بەشداری لە پێکهێنانی حکومەتی داهاتووی عێراقدا بکەن. ئایا تا چەند پرۆسەی پێکهێنانی حکومەت سەرکەتوو دەبێت؟**

- لە راستیدا ئەمجارەیان پرۆسەکە ئاڵۆزترە، لەبەر ئەوەی لە هەڵبژاردنی پێشوودا ئەوە ئاشکرابوو کە چ لایەنێك هەڵدەستێت بە پێکهێنانی حکومەت و ئەو کاتە تەنها کێشەکە لەسەر چۆنیەتی دابەشکردنی پۆستەکان بوو، بەڵام لە هەڵبژاردنی ئەمجارەدا روون نییە کێ ئەم ئەرکە دەگرێتەئەستۆ. بۆ نموونە لیستی ئەلعێراقیە زۆرترین کورسی پەرلەمانی بەدەستهێناوە بە بەراورد بە لایەنەکانی دیکە و لە رووی نەزەریەوە دەبێت هەڵبستێت بە گرتنە ئەستۆی ئەرکی پێکهێنانی حکومەت، بەڵام لەم رووەوە پێویستی بە دروستکردنی هاوپەیمانێتیە، کە پێموایە زەحمەتە کوردەکان بتوانن لەم رووەوە هاوپەیمانی لەگەڵدا بکەن لەبەر ئەوەی ئەم لیستە لەو عەرەبە سوننانە نزیك بۆوە کە پەیوەندییەکی باشیان لەگەڵ کوردەکاندا نییە. کەواتە جێی سەرسوڕمانە ئەگەر لە پێش مانگی حوزەیران یان تەمموزی داهاتوودا حکومەت پێکبهێنرێت.

*** چۆن لە هەڵوێستی ئەمەریکا دەڕوانیت لە هەوڵەکانیدا بۆ هاندانی دەوڵەتە عەرەبییەکان بۆ ئەوەی پشتگیری چەند لایەنێکی عێراقی بکەن بە مەبەستی کەمکردنەوەی دەستڕۆیشتوویی ئێران، هەروەها لەم کاتە هەستیارەدا ئێمە بینیمان سەرۆك بارزانی سەردانی سعودیەی کرد، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا تا چ رادەیەك سعودیە کاریگەری لەسەر پرۆسەی پێکهێنانی حکومەتی عێراقی دەبێت؟**

- پێموایە ئەمەریکا لەم رووەوە ناتوانێت کاریگەرییەکی گەورەی هەبێت. ئەوەش ئاشکرایە کە هەر یەکێك لە دەوڵەتە دراوسێکان خوازیارە لایەنێکی دیاریکراو یاخود کەسایەتیەکی دیاریکراو جڵەوی کاروبارەکان لە عێراقدا بگرێتەدەست. بۆ نموونە ئێران خوازیارە شیعەکان جڵەوی حکومڕانیکردنیان لەدەستدا بێت، لە کاتێکدا سعودیە و میسر و خوازیارن کەسایەتیەکی وەك عەللاوی ئەم ئەرکە بگرێتەئەستۆ، بەڵام پێموایە ئەمە

**مالیکی لە باکوور دەنگی نەهێنا و عەللاویش لە باشوور و کوردەکانیش نەیانتوانی لە دەرەوەی کوردستان دەنگ بەدەست بهێنن**

**جێی سەرسوڕمانە ئەگەر لە پێش مانگی حوزەیران یان تەمموزی داهاتوودا حکومەت پێکبهێنرێت**

**کێشەکە ئەوەیە کوردەکان هەمیشە ئەوە دووپات دەکەنەوە کە دەبێت ماددەی ١٤٠ جێبەجێ بکرێت**

شتێکی ئاسایی و سروشتییە، ئەگەر لە چوارچێوەی خواست و تەفزیلکردندا بمێنێتەوە. بەڵام ئەوەی گرنگە ئەوەیە عێراقییەکان هەوڵبدەن حکومەتێکی یەکگرتوو پێکبهێنن کە نوێنەرایەتی تێکڕای پێکهاتە و لایەنەکانی وڵاتەکە بکات و ڕەنگدانەوەی ئیرادەی هەموو لایەك بێت.

*** بەشداربوونی کوردەکان گرنگە، بەڵام مەرجی ئەوان بۆ بەشداربوون جێبەجێکردنی دەستووری عێراق و چارەسەرکردنی کێشەی ناوچە ناکۆکی لەسەرەکانە. کەواتە چۆن لایەنەکانی دیکە وەڵامی ئەم داواکارییەی کورد دەدەنەوە؟**

- کێشەکە ئەوەیە کوردەکان هەمیشە ئەوە دوپات دەکەنەوە کە دەبێت ماددەی ١٤٠ جێبەجێ بکرێت لە کاتێکدا پێموایە زەحمەتە هیچ حکومەتێك لە بەغدا ئامادەبێت ئەم داواکاریە جێبەجێ بکات، لەبەر ئەوەوە دوو ڕێگاچارە لەبەردەم کوردەکاندایە، یان بەشداریکردن لەحکومەتدا و سازشکردن لەسەر ئەم ماددەیە، یاخود بەشداری نەکردن و ئەو کاتە حکومەتیش هەڵناستێت بە جێبەجێکردنی ئەم ماددەیە. ئەگەر کوردەکان ڕێگەچارەی یەکەم هەڵبژێرن، ئەوا نازانم جۆر و سروشتی ئەو سازشە چۆن دەبێت.

*** بە تێڕوانینی ئێوە تا چ ڕادەیەك پێداگیری لیستی دەوڵەتی یاسا بۆ کاندیدکردنەوەی مالیکی ئاڵۆزی لە هەلومەرجە سیاسییەکەدا دەخولقێنێت؟**

- کێشەکە بۆ مالیکی ئەوەیە کە لەسەر ئاستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ئەم هەڵبژاردنانە بە هەڵبژاردنێکی نەزیە و عادیلانە لەقەڵەمدران، ڕاستە بێ کەموکوڕی نەبوون، بەڵام هیچ هەڵبژاردنێك بێ کەموکوڕی نابێت، تەنانەت لە ئەمەریکا و بەریتانیاش. کەواتە پێموایە مالیکی ناتوانێت هیچ ئەنجامێك بەدەست بهێنێت لە داواکاریەکەی بۆ دووبارە فەرزکردنەوەی دەنگەکان و باوەڕموایە ناتوانێت ئامانجی خۆی لەم داواکاریە بەدەست بهێنێت.

*** ئەو کەسانەی پاڵێوراون بۆ ئەوەی پۆستی سەرۆك وەزیران وەربگرن، هەموویان لەگەڵ گەڕاندنەوەی مەرکەزیەت بۆ عێراقن، ئەمە لە کاتێکدا دەستووری عێراق باس لەوە دەکات کە عێراق دەوڵەتێکی فیدراڵیە، ئایا تا چ ڕادەیەك گەڕاندنەوەی مەرکەزییەت پێشێلکردنی دەستووری عێراقیە؟**

- پێموایە کێشەی دەستوور ئەوەیە دەبوو هەر لە سەرەتاوە پرسی کوردی جیابکردایەتەوە، مەبەستم ئەوەیە دەبوو دەسەڵاتەکانی ئەو ئۆتۆنۆمیەی کوردەکان هەیانە دیاری بکردایە، چونکە زۆر گرنگ نییە بۆ کوردەکان ئایا پارێزگاکانی باشوور ئۆتۆنۆمیان دەبێت یاخود نا، بەڵکو ئەم مەسەلەیە بۆ خودی کورد خۆی گرنگە. چونکە ئەگەر بە ڕوونی دەسەڵاتەکانی دیاری بکردایە، ئەوا کوردەکان دەیانتوانی بە ئاسانی پەرە بە هێزی پێشمەرگە بدەن و ئیدارەی سەرچاوە نەوتی و غازییەکانی هەرێمەکەیان بکردایە. سەبارەت بە



بەشداری کردنی کوردیش لە حکومەتی داهاتووی عێراقدا، لە ڕاستیدا پێموایە بەشداری نەکردنی کوردەکان لە هەر حکومەتێکدا کە پێکدەهێنرێت مایەی کێشە و گیروگرفتی گەورە بۆ عێراق دەبێت، هەرچەندە هەندێ کات گەیشتنی کوردەکان بە ڕێککەوتن و تێگەیشتنی هاوبەش لەگەڵ هەندێ لە لیستەکاندا کارێکی زۆر زەحمەتە، بۆ نموونە لەگەڵ لیستی ئەلعێراقیەدا، لەبەر ئەوەی زۆرێك لەو کەسانەی لەم لیستەدان هەڵوێستیان لە ئاست کوردەکاندا باش نییە.

*** تێڕوانینتان بۆ ئایندەی عێراق چییە؟**

- لە ڕاستیدا ڕەوتی ڕووداوەکان ناتوانن وامان لێبکەن گەشبین بین یان ڕەشبین، بەڵام پێموایە زۆرێك لە مەسەلەکان دەوەستێتەسەر ئەو پەیوەندییەی کورد لە داهاتوودا لەگەڵ بەشەکانی دیکەی عێراقدا دەیبێت، کە ئەمەش پەیوەستە بە چارەسەرکردنی هەندێ لە کێشەکانی نێوان کوردەکان و بەشەکانی دیکە، وەك کێشەی ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان، بەتایبەتی کێشەی کەرکوك، کە ئەو ڕاستیە ڕوونە کوردەکان ئامادەن لەم ڕووەوە سازش بکەن، بەڵام ئاستەنگەکە لایەنەکانی عەرەب و تورکمانی ئەو شارەن کە ئامادەنین هیچ سازشێك لەم ڕووەوە بکەن. لەبەر ئەوە ڕەنگە یەکێك لە بەدیلەکان ئەوەبێت کەرکوك بکرێتە هەرێمێکی سەربەخۆ کە ئەو کاتەش کوردەکان دەتوانن کاروبارەکانی ئەم شارە بەڕێوەببەن، واتە ئەو کاتە لەبری ئەوەی کوردەکان هەرێمێك بەڕێوەببەن، دوو هەرێمیان دەبێت، پێموایە لەم کاتەدا ئەمە ستراتیجیەتێکی باشترە. دۆستی کوردەکانم و خوازیاری ئەوەم کوردەکان سەربەخۆییان هەبێت و دەوڵەتی خۆیان هەبێت، ئەگەرچی ڕەنگە لە ئێستادا ئەمە کارێکی ئەستەم بێت، بەڵام ڕەنگە لە ماوەی پەنجا ساڵی دیکەدا ئەم دەوڵەتە بێتەئاراوە و ئەو کاتە تورکیا و ئێران و دەوڵەتە عەرەبیەکانیش قبوڵی بکەن، کەواتە هیوای خۆشبەختیتان بۆ دەخوازم.

**پێموایە کێشەی دەستوور ئەوەیە دەبوو هەر لە سەرەتاوە پرسی کوردی جیابکردایەتەوە**

**گەیشتنی کوردەکان بە ڕێککەوتن و تێگەیشتنی هاوبەش لەگەڵ هەندێ لە لیستەکاندا کارێکی زۆر زەحمەتە**

**دۆستی کوردەکانم و خوازیاری ئەوەم کوردەکان سەربەخۆییان هەبێت و دەوڵەتی خۆیان هەبێت**



بەداخــەوە لە مــاوەی چەند ڕۆژی ڕابــردوودا، ئەحمەد تورک ســەرۆکی پێشــووی پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتی قەدەغەکــراو (دەتەپــە) لــە لایــەن هاووڵاتییەکــی تورکیاوە و لە بەردەم دادگایەکی شاری سامسۆن هێرشی کرایە ســەر، ئێمــە وێڕای ئیدانەکردنی ئەو هێرشــە و تەئکیدکردن لەسەر پێکەوە ژیانی ئاشتیانە، هیوادارین بــە هزرێکــی سیاســی و دوور لــە توندوتیــژی هەوڵی چارەسەرکردنی کێشەکان بدرێ.

مسعود بارزانی – سەرۆکی هەرێمی کوردستان

# ئەو هێرشەی کرایە سەر ئەحمەد تورک دەستدرێژی کردن بوو بۆ سەر دیموکراتی و ئازادیی چالاکی سیاسی لە تورکیادا





**نابێت چیدیکە تورکیا وڵاتی گۆڕستانی حزبە سیاسییەکان بێت**

لە چەند مانگی رابردوودا بەبڕیاری دادگای دەستووری تورکیا پارتی (DTP) لە چالاکی سیاسی دوورخرایەوە و داخرا، نارەزاییەکی توند لە نێو رۆشنبیران و رۆژنامەنووسان و سیاسەتمەدارانی تورکیا دژی ئەو بڕیارە بڵاوکرانەوە، جێگەی ئاماژەپێکردن و دەستخۆشییە بۆ سەرۆك وەزیرانی تورکیا هەر لە دوای داخستنی پارتی (DTP) راشکاوانە رایاگەیاند نابێت چیدیکە تورکیا وڵاتی گۆڕستانی حزبە سیاسییەکان بێت، ئەمەش واتە نابێت لەسەر ئەو حزبە سیاسییانەی ئامادەن بەشداری لەپرۆسەی سیاسیی تورکیا بکەن دابخرێن یان سانسۆر بخرێتە سەر چالاکی سیاسیان، زۆر لە شرۆڤەوان و چاودێرانی سیاسی مەسەلەی داخستنی (DTP) یان بەو جۆرە شرۆڤەکرد، کە داخستنی (DTP) بڕیارێکی ژەنراڵەکانی تورکیایە و لە رێی دادگای دەستوورییەوە بەرگی یاسایی بەبەردا کراوە، بەهەرحاڵ دوای داخستنی (DTP) نواندنی هەڵوێستی نەرم لەلایەن سەرکردەکانی ئەو حزبەوە، ئومێد دەکرا کە ئەوە دوا رووداوی ناخۆش بێت، یان دوایین لەمپەر و ئاستەنگ دروستکردن بێت کە لەبەردەم پرۆسەی کرانەوەو چارەسەری ئاشتیانەی کێشەی کورد لە تورکیا دروست بکرێت، بەڵام بەداخەوە لە چەند رۆژی رابردوودا رووداوێکی دیکەی نابەرپرسانە لە لایەن هاوڵاتییەکی تورکیاوە لەبەردەم دادگای شاری سامسۆن کرایە سەر ئەحمەد تورك سەرۆکی پێشووی (DTP)، ئەم رووداوە ئەگەر لەلایەکەوە جێگەی نیگەرانی بێت و بەهەڕەشەیەك بۆ سەر هەنگاوەکانی ئاشتی و کرانەوە و چارەسەری سیاسییانەی کێشەی کورد لە تورکیا دابنرێت، لە لایەکی دیکەوە دەبینن ئەم رووداوە لەسەر ئاستی رای گشتی تورکیا بەشێوەیەکی فراوان ئیدانە دەکرێت و هەڵوێستی حکومەتی تورکیاش بەو شێوەیەی کە ئەم جۆرە رەفتارانە ریسواو مەحکوم دەکات، لەدوای روودانی ئەو کارەساتەوە لیژنەیەکی لێکۆڵینەوەی بۆ بەدواداچوونی ئەو رووداوە پێکهێناوە و بەدوای دەستگیرکردنی ئەو هاووڵاتیە دەگەڕێت، ئەمانە هەموویان جێگەی دڵخۆشین بەوەی خەریکە ئەو دەنگانەی لایەنگیری ئاشتی و پێکەوە ژیانن، لەو دەنگانە زیاتر دەبن کە دژی ئاشتی و پێکەوە ژیانی کورد و تورکن لە تورکیادا.

**تورکیا کە بۆ ئەم راپۆرتە بەشداریان کردووین، ئەو هەڵوێستەی ئەحمەد تورك بەرز دەنرخێنن**

سەبارەت بە بێدەنگی بەڕێز ئەحمەد تورکیش لەسەر ئەم رووداوە و بەوەی نەیستووە رووداوەکە گەورە بێت و لێدوانی رۆژنامەوانی نەداوە، ئەمەش نیشانەیەکی دیکەی پێگەیشتنی سیاسەتمەدارانی کوردە لە تورکیا کە نایەنەوێت ئەو بەشە فراوانەی رای گشتی لە تورکیا کە دژی ئەو رەفتارە نامرۆڤانەو نادیموکراتییانە تیکەڵ بکەن، هەندێك لە رۆشنبیران و رۆژنامەنووسە دیارەکانی تورکیا کە بۆ ئەم راپۆرتە بەشداریان کردووین، ئەو هەڵوێستەی ئەحمەد تورك بەرز دەنرخێنن، کە تەقدیری باردۆخەکەی کردووە و بواری نەداوە لە میدیاکاندا ئەم رووداوە بە ئاراستەی دیکە بوروژێنرێت و ببێتە هۆکارێك بۆ وروژاندنی سۆزی کورد لە تورکیا، هەڵوێستی بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستانیش وێڕای ئەوەی ئەم کارە ئیدانە دەکات، لە هەمانکاتدا ئاماژەشی بەوە کردووە کە جێگەی خۆشحاڵییە رای گشتی تورکیا ئەو جۆرە رەفتارانە مەحکوم دەکات و ئەم کاردانەوەیەی رای گشتی تورکیاش بە بەرەو پێشەوەچوونی دیموکراتی لە تورکیا ناو دەبات و داوا لەهەموو لایەك دەکات ئەم رووداوە بە هزرێکی سیاسی دوور لە توندوتیژی چارەسەر بکرێت.

سامی کۆهین لەگەڵ ئەوەی بەرەگەز تورك نییە، بەڵام لە سییەکانی سەدەی رابردوەوەو دوای ئەوەی باوکی بۆ کاری دبلۆماتی دێتە تورکیا لەو وڵاتە دەژی و ئێستا وەك یەکێك لە رۆژنامەنووسە باش و بەناوبانگەکانی تورکیا لەسەر ئاستی ناوخۆیی و جیهان و تورکیا سەیر دەکرێت، کۆهین ستوونووسی رۆژنامەی بەناوبانگی میللیەتی تورکیایەو بەزمانی تورکی دەنووسێت، بەڵام زۆربەی ستوونەکانی وەردەگێڕێت بۆ زمانی ئینگلیزی و بێجگە لە رۆژنامەی حوریەت دەیلی نیوز، لە زۆربەی ئەو رۆژنامانەش بابەت بڵاو دەکاتەوە کە لە تورکیا بەزمانی ئینگلیزی دەردەچن، هەروەها کۆهین وەك شرۆڤەکارێکی سیاسیی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش ناسراوەو لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوە وەك شرۆڤەوانێکی بەناوبانگی سیاسیی بیربۆچوونەکانی لەسەر پرسە گەرمەکان وەردەگێڕێت و بڵاو دەکرێتەوە، لەسەر ئاستی رۆژنامە گەورەو بەناو بانگەکانی جیهانیش کۆهین ئەو رۆژنامەنووسەیە کە زۆربەی رۆژنامەکان پێوەندی پێوەدەکەن تا ستوونی تایبەتیان بۆ بنووسێت، بۆ ئێمەش وەك گوڵان جێگەی خۆشحاڵییە کە ئەم رۆژنامەنووسە جیهانییە لەزۆربەی پرس و رووداوە گەرمەکاندا راوبۆچوونەکانی وەردەگرین و بەزاری کوردی بە خوێنەرانی گوڵانی دەگەیەنین، ئەمجارەش دوای رووداوی هێرشکردنە سەر ئەحمەد تورك بە پێویستمانزانی رای ئەم رۆژنامەنووسە وەربگرین ئەمەش دەقی ئاخاوتنەکانیەتی بۆ گوڵان.



سامی کۆهین رۆژنامەنووسی ناسراوی میللیەت بۆ گوڵان:

# ئەو هێرشەی کرایە سەر (ئەحمەد تورک) بە هیچ شێوەیەک قابیلی قبوڵکردن نییە و دەبێت ئەنجامدەرانی سزا بدرێن

*** دوای هەنگاوەکانی حکومەتی تورکیا بۆ چارەسەرکردنی پرسی کورد بە رێگا چارەیەکی ئاشتییانە، پێشبینی دەکرا رای گشتی تورکیا زیاتر پشتگیریی حکومەت بکات، بەڵام هیچ وەڵامدانەوەیەکی ئەوتۆمان لە رای گشتی تورکیا نەبینی. ئایا هۆکارەکانی ئەو ساردییە چییە و بۆ رای گشتی تورکیا بە گەرمی پێشوازی لەوپرۆسەیە ناکات؟**

- ناکرێ بەشێوەیەکی گشتی قسەبکەین و بڵێین کە رای گشتی تورکیا هاوسۆز نییە یاخود پشتگیر نییە لەبارەی بیرۆکەی گۆڕینی هەڵوێست لەلایەنی حکومەتەوە. بەڵێ بێگومان هەڵبەتە حکومەت هەنگاوی زۆر بوێرانەی ناوە بەرەو ئاراستەی دروست،

لەپێناوی گۆڕانكاری و چاكسازیی پێویست،ئەمانە هاوزەمانە بە بەكارهێنانی زمانی كوردی و ئەنجامدانی چەندین شتی تر. لەڕاستیدا، زۆربەی توركەكان پشتگیری لەو بیرۆكەیە دەكەن، ئەوەندە بەسە تەماشایەكی ڕۆژنامەكانی توركیا بكەین، لەسەر بنەمایەكی ڕۆژانە، بۆئەوەی بزانین ستوون نووس و ڕەخنەگرەكان لەو بارەیەوە ڕایان چییە. زۆربەیان هاوڕان و پاڵپشتیی لێ دەكەن، تەنانەت هەندێكیان ڕەخنە دەگرن كە پرۆسەكە بەپێی پێویست خێرا نییەو بەپێی پێویست بەڕێوە ناچێت، بەڵكو ڕایان وایە كە شتی زیاتر هەیە ئەنجام بدرێت بۆئەوەی پرۆسەكە لەوە خێراتر بەڕێوەبچێت، ناكرێ بەشێوەیەكی گشتی حوكم لەسەر ڕای گشتی توركیا بدرێت و لۆمەبكرێت كە پشتگیریی ئەم بیرۆكەیە ناكات. بێگومان كەسانێك هەنە كە دژایەتیی دەكەن، لە سەرجەم توركیادا ناسیۆنالیستی تورك هەن كە هەرسكردنی بیرۆكەی گۆڕانكارییان پێ زەحمەتە. بەڵام پرۆسەی گۆڕانكاری بەردەوامەو بەڕای من بە تێپەڕبوونی كات ڕای گشتی زیاتر تێدەگات كە ئەم ڕێگاچارەیە دروستە. لێرە دەمەوێ جەخت لەسەر ئەو پرسیارەتان بكەمەوە كە دەڵێن گوایە ڕای گشتی توركیا لەدژی ئەم پرۆسەیەیە، باوەڕناكەم ئەو قسەیە دروست بێت، لەبەرئەوەی تەنیا بەشێك لە ڕای گشتی توركیا لە دژی وەستاوە، بەڵام بەشە هەرە زۆرەكەی ڕای گشتی توركیا كە پێكهاتە گەورەكەیەو زۆرینەیە لەگەڵ ئەم پرۆسەیە هاوڕان و پشتگیریی دەكەن.

**لە سەرجەم توركیادا ناسیۆنالیستی تورك هەن كە هەرسكردنی بیرۆكەی گۆڕانكارییان پێ زەحمەتە**

**(ئەحمەد تورك) پیاوێكی زۆر ژیرو زیرەك و ئاقڵە، بەشێوەیەك كە تاكو ئێستا لێدوانی نەداوەو لەو بارەیەوە هیچ وتەیەكی فەرمیی بڵاونەكردۆتەوە**

*** بەڵام وەك بینیمان هێشتا خەڵكانێك هەن دژی پرۆسەی ئاشتی و كرانەوەی حكومەتی توركیان، ئەمەش لەو هێرشەدا زیاتر دەركەوت كە لەشاری سامسۆن كرایە سەر ئەحمەد تورك، ئایا تۆ وەك ڕۆژنامەنووسێكی دیاری توركیا چۆن ئەو ڕووداوە شرۆڤە دەكەیت؟**

- ڕوودانی ئەو هێرشە مایەی داخ بوو، بەڵام كاردانەوەی خەڵك لە بەرامبەر ئەو كارەدا لە هەموو پارچەكانی وڵات، نەك تەنها لە لایەنی كوردەكانەوە، بەڵكو لەلایەنی هەموو پێكهاتە جۆراوجۆرەكانی توركیا لە «ئەستەنبوڵ»و «ئەنقەرە»و «ئزمیر»و شارەكانی تر، نەك تەنیا لە باشووری ڕۆژهەڵات، بەڵكو لە هەموو ناوچەكانی توركیا. كاردانەوەی خەڵك زۆر توند بوو لەدژی ئەو هێرشە. دەتوانن ڕۆژنامەكانی توركیا بخوێننەوە، لە كەناڵەكانی تەلەفزیۆن و میدیای توركی بڕوانن، ئەوە تەنیا هەڵوێستی ڕۆژنامەنووسەكان نییە، هەموو ڕای گشتی توركیا لە هەمبەر ئەو هێرشە ناڕەزایی دەربڕیوە، نەك ناڕەزایی دەربڕین تەنیا لەلایەنی ڕووناكبیران و ڕۆشنبیران و مامۆستاكان، بەڵكو تەنانەت سەركردە سیاسییەكانیش پرۆتستۆی ئەو كارەیان كردووە. هەروەكو دەبینن، كاردانەوەی زۆر توندو بەهێز هەبوو لەدژی ئەو هێرشەی كە ڕوویدا. توركەكان بەهۆی ئەو ڕووداوەوە تووشی شۆك بوون، زۆربەشیان ڕایان وایە كە ئەم جۆرە هێرشانە لەدژی كوردەكان تەنیا كارێكی وروژێنەرەو دەستێكی لە پشتە بۆ هاندانی كوردەكان و هەڵایسانی بارودۆخەكەتا دژایەتی لەنێوان كوردو توركەكان دروست بكەن. ئەو شتەش بەهیچ شێوەیەك لە بەرژەوەندیی وڵات نییەو باوەڕناكەم هیچ بەرپرسێك یان هەر كەسێكی ئاسایی لە توركیا هەبێ، كورد بێت یان تورك، كە لەسەر ئەو شتە ڕازی بێت، هیچ كەسێك ئەو شتەی قبوڵ نییە، ناڕەزاییەكی توند لەدژی ئەو هێرشە ئەنجامدراو لەسەر ئاستی حكومیش، هەروەك بینیمان سەرۆك وەزیران (ئەردۆغان)و زۆربەی وەزیرەكانی تر وەك وەزیری ناوخۆو وەزیری دادو چەندین وەزیری تر وتیان ئەمە شتێكە مایەی قبوڵ نییەو هەرگیز ڕێگا بەو جۆرە كارانە نادەین، دەست بەجێ و بەشێوەیەكی زۆر جددییانە دەستیان كرد بە ئەنجامدانی لێكۆڵینەوە، سەرەتا بۆ دۆزینەوەی تاوانباری ئەو هێرشە لەدژی بەڕێز (تورك)، دووەمیشیان: لەپێناوی دۆزینەوەی ئەگەری هەبوونی دەستێكی ئاژاوەگێڕو هاندەر لە پشت ئەو تاوانبارەو ئایا كارێكی ڕێكخراوە یان نا. هەروەها دەسەڵات هەستا بە دەركردنی ژمارەیەك لە بەرپرسە باڵادەستەكان لە پۆستەكانیان لەبەرئەوەی نەیانتوانی دەست بەجێ بجووڵێنەوەو بەڕێز (ئەحمەد



تورك) بەتەواوەتی بپارێزن. ئەو هێرشە بە بارێکی ناسك دەژمێردرێت، بەڵام بەڕای من کاردانەوەی رای گشتی و دەسەڵاتی تورکیا کاردانەوەیەکی راست و دروست بوو. بەپێویستیشی دەزانم ئاماژەی پێ بکەم کە بەڕێز (ئەحمەد تورك) پیاوێکی زۆر ژیرو زیرەك و ئاقڵە، بەشێوەیەك کە تاکو ئێستا لێدوانی نەداوەو لەو بارەیەوە هیچ وتەیەکی فەرمیی بڵاونەکردۆتەوە، بەڵکو بەپێچەوانەوە، هەموو هەوڵێك دەدات بۆ ئارامکردنەوەی رای گشتی تورکیا لەبارەی ئەو رووداوە. هەروەها وابزانم لە رۆژنامەکانی دوێنێ و ئەمرۆ لەو بێ دەنگییەی بەڕێز ئەحمەد تورك رەخنەگرەکان ستایش و دەست خۆشییان لێ کرد. لێرەشدا بۆمان دەردەکەوێت کە کەشوهەوای وڵاتی تورکیا نەك تەنیا چەتری ترس و تیرۆر شاڵاوەکەی بەسەردا داگرتوە، بەڵکو هەستێکی پێزانین و سۆزدار هەیە بۆ بەڕێز (ئەحمەد تورك) بەرامبەر ئەو هەڵوێست و رەفتارە باشانەی.

*** ئایا ئەگەر ئەو جۆرە کارانە کۆنترۆڵ نەکرێن و بەشێوەیەکی تەواو بنبڕنەکرێن، ئایا تۆ پێت وانییە کە ناحەزان و دوژمنانی ئەو پێشکەوتنە بەرچاوە لە پێوەندییەکانی نێوان و کوردو حکومەتی تورکیا هەوڵ نەدەن بۆ شێواندنی بارودۆخەکان و تێکدانی ئەو هەنگاوە باشانە کە تاکو ئێستا لەلایەنی هەردوو لایەنەوە ئەنجامدراون؟**

- حکومەت بە راشکاوانە رایگەیاندەوە سیاسەتەکانی روون و ئاشکرایە، ئەو شتەش بە روونی دەرکەوتووە لە لێدوان و وتەکانیان لەماوەی چەند رۆژی رابردوودا لەدوای رووداوی هێرشەکە. لەو بارەیەشەوە هەڵوێستی حکومەت بریتییە لە گرنگیدان بەم مەسەلەیەو هۆشیارکردنەوەی رای گشتی تورکیا کە ئەمجۆرە رووداوانە لەدژی بەرژەوەندییەکانی تورکیایەو هیچ کەسێك لە تورکیا ئەم جۆرە گرفتانەی لا پەسەند نییە. لێدوانەکانیان زۆر روون و ئاشکرایەو ئەوە هەڵوێستی حکومەتە لەو بارەیەوە. جگە لە هەڵوێستی لایەنەکانی تر، وەکو لایەنگرانی پارتی کۆمارییەکان، پارتەکەی (بایکاڵ)، لەگەڵ چەندین لایەن و خەڵکی تر، ئەو هەموو نووسەرو مامۆستاو رووناکبیرو رۆشنبیرانە هەر هەمان هەڵوێستیان هەبوو. بەڕای من، هەر کە لێکۆڵینەوەکان کۆتاییان هات، دڵنیام ئەنجامدەرانی ئەو هێرشە سزادەدرێن لەبەرانبەر ئەنجامدانی ئەو کارە. گەورەترین بەڵگەش بۆ ئەو قسەیە، هەر پێشووختەو لە سەرەتاکانی دەسپێکردنی لێکۆڵینەوەکان، ژمارەیەك لە فەرمانبەران و کاربەدەستانی ئاسایش و پۆلیس لە پۆستەکانیان دەرکران. هەر بۆیە ئەگەر هات و لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەکان دەرکەوت کە لە پشت ئەو هێرشە دەستی هاندەر هەیە یان کەمتەرخەمی هەبووە لە ئەنجامدانی پۆلیس و ئاسایش بۆ ئەرکەکانیان لە رۆژی رووداوەکە، بێگومان بۆ دادگا بانگ دەکرێن و سزادەدرێن. هیچ گومانێك لەوەدا نییە کە حکومەت لەو بارەیەوە جیدیە، بەڵام بەپێویستی دەزانم بڵێم کە سیاسەتی حکومەت روون و ئاشکرایە، بەڵام زۆرجار لەسەر ئاستی ناوخۆیی، مەبەستم لە گەڕەك و شارۆچکەو گوندەکان، بێگومان کارمەندێکی حکومیی تێدایە، مەبەستم لە پۆلیسێکە یان ئەفسەرێك یان ئاسایشێك، شارەوانی و ئەنجوومەنی گەڕەك یان شار، کە لەوانەیە لەگەڵ سیاسەت و سیستەمەکانی حکومەت هاوڕا نەبێ، تەنانەت لەوانەیە کەسێکی ناسیۆنالیست و توندڕەویش بێت، ئەگەرێك هەیە ئەو کەسە لەخۆیەوە هەستی بە ئەنجامدانی کارێك و بەشێوەیەکی سەربەخۆییانە. بەڕای من ئەو جۆرە کەسانە کەسانێکی زۆر فەرامۆش کراون، بۆیە تا حکومەت بەردەوام بێت لەسەر ئەو سیستەمەی کە ئێستا پەیڕەوی دەکات، ئەوە فاکتەرە توندڕەو ناسیونالیستانەکان زیاتر فەرامۆش دەکرێن.

*** بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین کە ئێستا کێشەی متمانە بەشێوەیەکی بنەڕەتی چارەسەر نەبووە، بەڵام چۆن دەتوانرێ ئەو جۆرە نامتمانەییە بگۆڕدرێ بۆ متمانەیەکی بەهێزتر؟**

- دروستە، ئەو قسەیەت راستە کە ئاماژەت پێکرد، بەداخەوە لە رابردوودا نامتمانەیی لەنێوانی کوردو تورکەکان هەبوو کە هەموویان هاوڵاتی تورکیان، بەڵام نەبوونی متمانەیی و باوەڕ لە نێو زۆربەی بەشەکانی



**ئەمجۆرە رووداوانە لەدژی بەرژەوەندییەکانی تورکیایەو هیچ کەسێك لە تورکیا ئەم جۆرە گرفتانەی لا پەسەند نییە**

**نەبوونی متمانەیی تەنیا تایبەت بە کێشەی کوردو تورکەکان نییە. چەندین گرفتی تر هەنە کە پەیوەستە بە دابەشبوونی کۆمەڵگەی تورکی و رووداوی جیاوازی لە راو بۆچوونەکان**

**پێویستە ئیتر کوردو تورکەکان متمانە بە یەکتر بکەن لەبەرئەوەی هەردوو لایەن ئەندامانی هەمان نەتەوەن**

**تورکیا دڵسۆزو جددییە، پێویستە یەکێتی ئەوروپاش دڵسۆزو جددی بێت بۆ قبووڵکردنی تورکیا**

کۆمەڵگەی تورکیاش هەیە، بێگومان ئەو کێشەیە بەهۆی کوردەکان نییەو نەبوونی متمانەیی تەنیا تایبەت بە کێشەی کوردو تورکەکان نییە. چەندین گرفتی تر هەنە کە پەیوەستە بە دابەشبوونی کۆمەڵگەی تورکی و روودانی جیاوازی لە راو بۆچوونەکان، زۆربەی ئەو گرفتانە سیاسییە. زۆر کەس هەنە کە لەگەڵ پارتی دەسەڵاتن و حکوومەتیان خۆشدەوێ، کەسانی زۆریش هەن کە لەدژی حکومەتن. لە هەموو ئاستەکانی کۆمەڵگەی تورکی جیاوازی بیروڕا هەیە، لەنێوان سیاسەتمەدارو رووناکبیرو مامۆستاکانی زانکۆو رۆشنبیرەکان و ئایدیۆلۆژیاکانی راست و چەپ، لەرووی ئایدیۆلۆژیاو سیاسەت و رووەکانی تر. بەو شێوەیە، دەبینین جیاوازی هەیە لە کۆمەڵگەی تورکی، لەگەڵ هەبوونی جۆرە گرژییەك لە بارودۆخەکان، بۆ نموونە سەرۆکی ئەم وڵاتە دەربارەی بارودۆخی ئافرەتان کێشەی هەیە، لەبەرئەوەی چەفییە لەسەر دەکەن، کۆمەڵگەی تورکی پێشترو ئێستاش دابەشبووە لەسەر ئەم کێشەیە. لە هەر وڵاتێکدا دیموکراسیدا جیاوازی راو بۆچوون هەیەو وەك وڵاتێکی دیموکراسی پێویستە ئەو شتە وەك خۆی قبووڵ بکەن و بێگومان هەوڵی چارەسەرکردنی بدەین ئەگەر هات و وەك کێشەیەك دەستنیشانکرا. سەبارەت بەکێشەی نەبوونی متمانە لەنێوان کوردو تورکەکان، بەڕای من ئەو کێشەیە پێویستیی بە چارەسەر هەیە. بەڵام چۆن بتوانین ئەو کێشەیە چارەسەر بکەین؟ ئەم بابەتە چەندین پرسیار لەخۆی دەگرێتەوە. دەمەوێ بە راشکاوانە بیڵێم، کەسمان لەو بڕوایەدانین کە ئەو کارە بە شەو و رۆژێك ئەنجام بدرێت، ئەمە شتێك نییە کە بە بڕیارێك یان بە فەرمانێك جێبەجێ بکرێت، سەرکردەکانمان لە سەرەوەو دەسەڵاتدارانی حکوومەت ناتوانن بڵێن: «باشە، پێویستە ئیتر کوردو تورکەکان متمانە بە یەکتر بکەن لەبەرئەوەی هەردوو لایەن ئەندامانی هەمان نەتەوەن، هەردووك لە کوردو تورك بەشێکن لە تورکیا و هەموویان هاووڵاتیی ئەم وڵاتەن، بەڵام جیاوازی بچووکیان هەیە لەڕووی نەتەوایەتی و ئتنی، هەمووشیان لەسەر ئەم خاکەدا دەژین. بۆیە، ناکرێ نامتمانەبوون لەنێوانیاندا هەبێ». وتنەوەی ئەو قسانە ئاسانە بەڵام وەدیهێنانیان ئاسان نییە. هەروەکو پێشتریش ئاماژەم پێکرد، ئەمە شتێك نییە کە تەنیا بە فەرمانێك جێبەجێ بکرێت، ئەم کێشەیە پێویستە بە کاتە، پێویستیی بە هەوڵ و کۆششە، پێویستیی بە نییەتی باشە لە هەردوو لایەنەوە. لێرەشدا من لەو بڕوایەدام کە گرنگترین شت ئەوەیە کە پێویستە ئیرادە هەبێت، ئیرادەیەکی سیاسی بۆ بەرەوباشتر بردنی بارودۆخەکان بۆ هەردوو لایەن، منیش لەو رووەوە دڵنیام کە لەم وڵاتەدا ئەو ئیرادە سیاسییە بوونی هەیە. لەسەر ئاستی حکوومەت بوونی هەیە، هەروەها لەسەر ئاستی زۆرینەی پێکهاتەکانی ئەم وڵاتەش بوونی هەیە، لە نێو بیرمەندەکان، لە نێو نووسەرەکان، لە نێو هونەرمەندەکان و لە نێو هەموو پێکهاتەکانی تری کۆمەڵگەی تورکی. دووبارە دەگەڕێمەوە سەر بابەتەکە، لە ناو کۆمەڵگەی تورکی جیاوازی هەیە لەگەڵ هەبوونی نیشانەکانی نامتمانەیی. هەڵبەتە ئەگەر دیاردەی نامتمانەبوون لە نێوان خەڵکدا هەبێت، ئەوە هەرگیز پێشبینی ناکرێ بەماوەیەکی زۆر کورت چارەسەر بکرێت. هەر وەکو ئاماژەم پێکرد، ئەم پرۆسەیە پێویستیی بە سەبرو کات هەیە، هەروەها پێویستە لەسەر هەموو لایەنەکان و لەپێناوی بەرژەوەندی هەموو لایەنێك هەموویان هەوڵ بدەن و کار لەسەر ئەم خاڵە بکەن بۆ دروستکردنی پردەکانی متمانەیی. پێویستیمان بە درووستکردنی متمانەییە. هەروەها بەڕای من کەشوهەوای ئەمڕۆش زۆر گونجاوە بۆ ئەو مەبەستە، لەبەرئەوەی سەلماندیان کە ئەو ئیرادەیە بوونی هەیە. بەڵام هەر وەکو وتم، پێویستە مرۆڤ سەبری هەبێت و ئەو پرۆسەیە پێویستیی بەکاتە.

*** گەیشتینە دوا پرسیارمان، ئایا بەڕای تۆ، تا چەند حکومەتی تورکی جددییە لە چارەسەرکردنی پرسی کوردو راستکردنەوەی دەستوور و بوون بە ئەندام لە یەکێتی ئەوروپا؟ مەبەستم ئەوەیە، بەڕای تۆ، حکومەتی تورکیا تا چەند جیددییە لە هەنگاونان بەرەو ئاراستەی وەدیهێنانی ئەو هەموو خاڵانە؟**

- حکومەتی ئێستای تورکیا پابەندە بەو بیرۆکەیە لە پێوەندیکردنی بە ریزەکانی یەکێتی ئەوروپا، لەماوەی چەند مانگی رابردوودا بینیمان تورکیا تا چەند پابەندبوونی سەلماند، بە هەوڵ و سەردانەکان و هەڵوێستە یاساییەکان، لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییانەی کە ئەمڕۆ دەیبینین لە جێبەجێ کردنن. لە ساڵانی پێشوودا یەکێتی ئەوروپا هەڵوێستی لەدژ تورکیا وەرگرتبوو، کە فەرەنساو ئەڵمانیا دەیانوت نایانەوێ تورکیا وەك ئەندامێکی یەکێتی ئەوروپا ببینن. نزیکەی ساڵێکە یان زیاترە بەر لە ئەمڕۆ تورکیا هەستی بە هیوا بڕان دەکرد، تەنانەت حکومەت هەوڵەکانی بەهێمنی و بەسەبری پەیڕەو دەکرد، بەڵام لەم دواییانەدا هەستمان کرد حکومەتی تورکیا گەشەی بەهەوڵەکانی داوەو پرۆسەکە خێراتر بووە. تورکیا سوورە لەسەر ئەو بڕیارەو جددییە لە پەیوەندیکردن بە یەکێتی ئەوروپا، بەڵام هەروەکو دەڵێن سەمای «تانگۆ» ٢ کەسی دەوێ، پێویستیی بە ٢ سەماکەر هەیە. لەو بارەیەوە تورکیا دڵسۆزو جددییە، پێویستە یەکێتی ئەوروپاش دڵسۆزو جیددی بێت بۆ قبووڵکردنی تورکیا. لەڕاستیدا ئەوە هیچ واتایەك ناگەیەنێت کە تورکیا تەنیا هەوڵ بدات و لەگەڵ گرتنەبەری بۆ هەموو رێگاچارەیەکی پێویست بۆ شیاندن بۆ مەبەستی وەرگرتنی مافی ئەندامێتی، بەڵام سەرەڕای هەموو شتێك و هەرچەندە یەکێتی ئەوروپا گڕوتینی پێوە نابینرێت لەو بارەیەوەو هەروەها هیچ هەوڵێکی ئەوتۆی بۆ نادات، بەڵام دەبینین تورکیا بەردەوامە لە هەوڵ و تێکۆشان، بەردەوام هەنگاو دەنێت و دەستپێشخەری دەکات بۆئەوەی ببێت بە لایەنێك لەو پرۆسەی دانوستاندنەو ببێت بە ئەندامێك لە یەکێتی ئەوروپا. سەبارەت بە گۆڕینی دەستوورو چارەسەرکردنی پرسی کوردەکانی تورکیا، بەڕای من ئەوە هەمووی بەشێکە لە پرۆسەکانی یەکێتی ئەوروپا. هیچ گومانێك لەوەدا نییە کە تورکیا زۆر بەپەرۆشە بۆ ئەندامێتیی یەکێتی ئەوروپا، هەروەها دڵنیام لەوەی کە ئەو مەسەلەیە کاریگەریی پۆزەتیڤانەی دەبێت لەسەر ئەو هەموو شتانەو لەسەر پرۆسەکانی گۆڕانکاری و چاکسازی.

ئەو هەموو بەڵگانە ئەو راستییە دەسەلمێنن کە تورکیا بەشێوەیەکی جیددییانە پابەندە بەم پرۆسەو پابەندە بەم ئەرکەی بۆ پێوەندیکردن بە یەکێتی ئەورووپاو بوونی بە ئەندام.

*** دوا وتەت:**

- لەکۆتاییدا دەمەوێ بڵێم کە پێویستە مرۆڤ راستییەکان وەك خۆی تێ بگات، بەبێ زیادەڕۆیی و بەڕای من ئێمە ئەمڕۆ روو لەداهاتوویەکی باشتر دەکەین.

**رۆژنامەنوس ئیحسان داغی یەكێكە لە رۆژنامەنووسە دیارەكانی توركیا و بایەخ بە سیاسەتی توركیاو چارەسەركردنی كێشەی كورد و ئاستی پێوەندییەكانی نێوان هەرێمی كوردستان و توركیا دەدات، بۆ قسەكردن سەبارەت بەو هێرشەی چەند رۆژی رابردوو كراوەتە سەر ئەحمەد تورك سیاسەتمەداری كورد لە توركیا و پرۆسەی چارەسەری ئاشتیانەی كێشەی كورد لە توركیا رۆژنامەنووس ئیحسان داغی بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی.**



ئیحسان داغی رۆژنامەنووس لە تودەی زەمان بۆ گوڵان:

# دوای ئەو هێرشەی كرایە سەر ئەحمەد تورك، بەڕێوەبەری پۆلیسی ئەوشارە بۆ ئەنقەرا بانگكرا و لە پۆستەكەی دوور خرایەوە..

*** (ئەحمەد تورك) سەرۆكی یەكێك لە حزبە كوردەكانی توركیایە، لە رۆژانی رابردوودا دووچاری پەلاماردان بووەوە، لەلایەن هاووڵاتییەكی توركەوە، ئێمە دەزانین كە دەزگاكانی حكومەت دەستیان لە پشت ئەم هەوڵە نییە، بەڵام پرسیارەكەمان ئەوەیە، ئایا بەڕای تۆ، تا چەند ئەم جۆرە كارانە كاریگەرییان دەبێت لەسەر ئەگەری ڕوودانی نامتمانەیی لەنێوانی كوردو توركەكان؟ یاخود لەبارەی شێوازی تێڕوانین كوردەكان بۆ حكومەتی توركیا؟**

- لەڕاستیدا ئەنجامدانی هێرش لەسەر كەسایەتییەكی توركیا مایەی قبووڵ نییە، هیچ كارێكی توندوتیژی قبووڵ نییە. حكومەت و هەموو پارتە سیاسییەكان لە




بەشـێوەیەکی زۆر توند وەڵامـی ئەو کارەیان دایەوە، هەموویان ئەو هێرشەیان مەحکوم کرد، هەموویان خەم و پەژارەیان پێشکەشـی بەڕێز (ئەحمەد تورک) کـردوو (ئەحمەد تورک)یش لەکۆتاییدا لێدوانێکـی زۆر ژیرانەو ئاقڵانەو بەپێزی پێشکەشکرد. مەبەستم ئەوەیە کە ئەو هێرشە لەدژی (ئەحمەد تورک) وەڵامدانەوەی نەبـوو، بەواتایەکـی تر ئەو هێرشـە تۆڵەی لێ نەکەوتەوە، خەڵکی تورکیاش بەو هێرشـە دڵخۆش نەبوون بەڵکـو بەپێچەوانەوە، هەموو تورکیا ئەو هێرشـەی مەحکـوم کرد. دوای ڕاگەیاندنی حکومەت بۆ کرانەوەی کورد، ڕای گشتی تورکیاو پارتە سیاسییەکان دابەش بوونە سـەر هاوڕاو نارەزا بۆ ئەو بڕیارە، بەڵام دوای ڕوودانی ئەو هێرشـە لەدژی (ئەحمەد تورک) حکومەت و ڕای گشتی و پارتە سیاسییەکان خۆیان ڕێکخسـتەوەو هەموویان یەکیان گرت بـۆ مەحکوم کردنی ئەو هێرشـە. هەر بۆیە، ئەمە نیشـانەیەکە بۆ ئەو ڕاستییەی کە هەر هەوڵێك بۆ ئاڵۆزکردن و هەڵاوسـانی گرژی لەنێـوان کوردو تورکـەکان مایەی قبوولکردن نییە. بەڵام نیگەرانی خەڵك لەوەدایە کە ناکرێ جیاوازی لە بیرو بۆچوون و سیاسەت لەنێوانی کـوردو تورکەکان ببێت بەمایـەی پێکدادانی کۆمەڵایەتی، نابێ ئەو جیاوازییانە پێکدانانی جەماوەری و کۆمەڵایەتیی لێ دروسـت بێت. دڵنیـام کە هەردووك لایەن لە کوردو تورکەکان حەزناکەن گـرژی و پێکدادانی کۆمەڵایەتی لەنێوان هەردوو لایەن ڕووبدات.

**ئەو هێرشە لەدژی (ئەحمەد تورک) وەڵامدانەوەی نەبوو، بەواتایەکی تر ئەو هێرشە تۆڵەی لێ نەکەوتەوە**

*** دوای ئەو هەنگاوانەی حکومەتی تورکیا بۆ چارەسەرکردنی پرسی کورد بە ڕێگاچارەیەکی ئاشتییانە، پێشبینی دەکرا ڕای گشتی تورکیا وەڵامدانەوەیەکـی پۆزەتیڤانەی هەبێت و لەوە زیاتر پشـتگیری حکومەت بـکات. بەڵام لەڕاسـتیدا، هیچ وەڵامدانەوەیەکی ئەوتۆمان لە ڕای گشـتی تورکیا نابینی. بەڕای تۆ، ئایـا هۆکارەکانی ئەو سـاردییە چییە و بۆ ڕای گشتی تورکیا بە گەرمی پێشوازی لەو پرۆسەیە ناکات؟**

- سـەبارەت بە ڕای گشتی، کە تەماشایەکی کاردانەوەکان بکەین دەبینین لەبارەی پرسـی (کورد)دا پارتـی «AK» بەتەنیا ماوەتەوە. تاکو ئێسـتاش پارتی «DTP» لە تورکیا پشـتگیریی لەو پرۆسـەیە نەکردووە، ئەوەش پارتی «AK»ی بەتەنیا هێشـتەوە لە پشت بەسـتن بە خۆی لە ئاراسـتەکردنی پرسی کوردو بەدەسـتهێنانی پشتگیری خەڵك. هەر بۆیە لەئاکامی سیاسـەتە کراوەکەی کورد لە پارتی «AK»دا دەرکـەوت کە پرۆژەکەی پارتی «AK» پرۆژەیەکی سوودبەخش نییە بۆ هەموو خەڵکی تورکیا لەگەڵ هەموو پارتە سیاسییەکانی تورکیا. پشتگیری و سیاسەتی پارتـی «عەدالەت» زۆر گرنگە لەبەرئەوەی ڕێگە بەو پرۆسـەیە دەدات وەکو پرۆژەیەکی نەتەوەییدا بەڕێوەبچێت. بەپێویستی دەزانم لێرەدا ئاماژە بە خاڵێکی گرنگ بکەم، ڕێژەی ٥٠٪ لە ڕای گشـتی پشتگیری لە دەستپێشخەری و پرسـی کورد دەکەن. یـان وابزانم ڕێژەکە لە ٥٠٪ زیاترە. بـە ڕەچاوکردنی ڕاسـتییەکان بارودۆخەکـە زۆر خراپ نییـە، لەبەرئەوەی بەردەوام کاری توندوتیژی لە تورکیا ڕوودەدات، سەرەڕای هەموو ئەو شتانەش خەڵکانێکی زۆر پشتگیری لە پرۆسەکە دەکەن.

**هەر هەوڵێک بۆ ئاڵۆزکردن و هەڵاوسانی گرژی لەنێوان کوردو تورکەکان مایەی قبوولکردن نییە**

*** بەڕای تۆ، ئایا تا چەند دەسەڵاتی تورکیا ڕەچاوی ئەو هێرشـە دەکات لەدژی (ئەحمەد تورك) لەبارەی سـزادان و لێپێچینەوە لەگەڵ ئەو کەسـانەی کە لە پشـت ئەو هێرشـەن بەشێوەیەك کە حکومەتی تورکیا ڕێگا نەدات بە دووبارەبوونەوەی ئەو جۆرە کارانە؟**

- بەپێی زانیارییەکانم، بەرپرسـی پۆلیس بۆ «ئەنقەرە» بانگ کرا، لەئاکامدا لە پۆستەکەی دەرکـراو چیتـر بەڕێوەبەری پۆلیـس نییە، لەبەرئەوەی کەمتەرخەم بووەو بەپێی پێویسـت نەیتوانیوە وەك بەڕێوەبەری پۆلیس ئەرکەکانی جێبەجێ بکات و وریابێت بۆ نەهێشـتنی ئەو هێرشـە، هـەر بۆیە لە پۆسـتەکەی دەرکرا. هەروەها لێپرسینەوەو لێکۆڵینەوە هەیە بۆ زانینی هۆکارو چۆنیەتی ڕوودانی ئەو هێرشە لەگەڵ پرسینەوە دەربارەی کەمتەرخەمی پۆلیس لەو بارەیەوە لە نەهێشتنی ڕوودانی هێرشەکە. بەڕای من، لەدوای ڕوودانی ئەو هێرشـە، حکومەت وەڵامدانەوەی هەبوو و یەکسـەر دەست بەکار بوو بە ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەکان، لەبەرئەوەی پێش ڕووداوەکە حکومەت هەسـتی دەکرد کە زۆربەی دامودەزگاکان و بەڕێوەبەرایەتییەکانی پۆلیس بەپێی پێویسـت کاراو ئاکتیف نین، هەر ئەوەش بوو کە بـووە هۆی ڕوودانی ئەو هێرشـە، بۆیە دوای ڕووداوەکـە حکومەت و بەتایبەتی وەزیری ناوخۆ هەڵوێسـتێکی ڕوون و بەهێزیان نواند بۆ سـزادانی ئەنجامدەرانی ئەو هێرشە. ئێسـتاش لێکۆڵینەوە بەردەوامەو تەنیـا بۆ دۆزینەوەی تاوانبارەکان نییە، بەڵکو لێکۆڵینەوەکان پۆلیسـیش دەگرێتەوە. بەڕای من ئەو هەڵوێستانەی حکومەت لە دوای ئەو ڕووداوە پەیامێکـە بۆ هەمـوو لایەك کە ئەو جۆرە کردارانە لە تورکیا قبووڵ نییە.

*** ئەگەر ئەو جـۆرە کارانە کۆنترۆڵ نەکرێن و بەشێوەیەکی تەواو بنبڕنەکرێن، ئایا تۆ پێت وانییە کە ناحەزان و دوژمنانی ئەو پێشکەوتنە بەرچـاوە لـە پەیوەندییەکانی نێـوان و کوردو حکومەتی تورکیا هەوڵ نەدەن بۆ شـێواندنی بارودۆخەکان و تێکدانی ئەو هەنگاوە باشانە کە تاکو ئێستا لەلایەن هەردوو لاوە ئەنجامدراون؟**

- بـۆ حاڵی حـازر هیچ هۆکارێـك نابینم بـۆ دروسـتبوونی ناکۆکـی و پێکدادانـی کۆمەڵایەتی لەنێوان کوردو تورکەکان. ئەمڕۆ تورکیا بـەرەو ئاراسـتەی دیموکراسـییەت لەڕێـگای هەموارکردنی دەسـتوور هەنگاو دەنێـت، بەڕای من حکومەتـی تورکیا تەنیا بەشـێوەیەکی ڕاستەوخۆ پرسی کورد چارەسەر ناکات، بەڵکو بەشـێکە لە پلانێکی گەورەتر بـۆ بەدیموکراتیزەکردنـی تورکیـا لەگەڵ




هەمواركردنی دەستوور. بەڕای من ئەنجامدانی گۆڕانکاری لە دەستوور سەرەتایەکی نوێیە بۆ تورکیا، هەروەها سەرەتایەکی باشە بۆ بارودۆخی کوردەکان لە تورکیا، لەم قۆناغەدا، یەکەمین شت: هیچ هۆکارێك نابینم بۆ دروستبوونی گرژی، دووەم: بە ڕەچاوکردنی بارودۆخەکە، هەست ناکەم هیچ مەبەستێك هەبێت لە ڕوودانی پێکدادانی کۆمەڵایەتی لەنێوانی کوردو تورکەکان. بەڕای من هەردوو لایەن ئاگادارو وریان و ڕێگە نادەن ڕوبەڕوبوونەوەیەکی کۆمەڵایەتی ڕوو بدات. سیاسەتمەدارەکانی هەردوو لایەن لەو ڕاستییە باش دەزانن کە ئەگەر بێت و گرژی و ناکۆکی بکەوێتە نێوانیان ئەوە ناکۆکی و ناحەزی بۆ خەڵك دەگوازرێتەوە لەسەر ئاستی کۆمەڵگەو پێکدادانی کۆمەڵایەتی لەنێوانی نەتەوەکان دروست دەبێت، بەڕای من هیچ زەمینەیەکی کۆمەڵایەتی یان دەروونی بوونی نییە بۆ دروستبوونی پێکدادان و ڕووبەڕووبونەوە لەنێوان کوردو تورکەکان، بەڵکو بەپێچەوانەوە ئەوەی کە من دەیبینم، تورکیا بەرەو ئاراستەکانی دیموکراسییەت هەنگاو دەنێت و لەوە دڵنیام کە لەئاکامدا هەردوو لایەن هێمن دەبنەوەو پێکەوە دادەنیشن بۆ گەیشتن بۆ چارەسەرێکی گونجاو بۆ هەموو لایەنەکان.

*** لایەنەکانی پۆزەتیڤ و نێگەتیڤی هەر پرۆسەیەکی سیاسیی پێویستیی بە هەڵسەنگاندنە، هەموومان دەزانین کە بەهۆی بارودۆخە سیاسییەکانی تورکیا لە ڕابردوو جۆرە نامتمانەییەك لەنێوانی کوردو تورکەکان هەیە. بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین کە ئێستا کێشەی متمانەیی بەشێوەیەکی بنەڕەتی چارەسەر بووە، بەڵام چۆن دەتوانرێ ئەو جۆرە نامتمانەییە بگۆڕدرێ بۆ متمانەییەکی بەهێزتر؟**

- هەروەکو پێشتریش ئاماژەم پێکرد، ئەو هێرشەی کە لەدژی (ئەحمەد تورك) ئەنجامدرا لەسەر ئاستی حکومەت و جەماوەر مایەی قبوڵکردن نییە، ئەو ڕوداوە کاردانەوەیەکی گەورەی لێ کەوتەوە، کوردەکان ئەو هێرشەیان لا ناخۆش بوو و بە کارێکی توندڕەوانەیان ناوبرد لەدژی خۆیان، من لەڕووی سیاسییەوە لەو شتە باش دەزانم کە ئەو جۆرە هێرشانە بەهیچ شێوەیەك و بەهیچ پاساوێك شی ناکرێتەوە، لەهەمان کاتدا کوردەکان مافی خۆیانە تووڕەبن و هەست بە نائومێدی و هیوابڕان بکەن و کاردانەوەشیان هەبێت، بەڵام لەلایەنێکی ترەوە، ناکرێ ئەو شتە لەبیربکەین کە ئەم هێرشە لەلایەن زۆرینەی پێکهاتەکانی تورکیا پێشوازیی لێ نەکراوە، هەروەکو بینیمان پارتە سیاسییەکانی تورکیا، هەر لە پارتی «AK» تا بگاتە پارتی «NHP»، هەموویان ئەو هێرشەیان مەحکوم کرد، بۆیە، دەبینین جۆرە هاوڕاییەك هەیە لە نێو کۆمەڵگەی تورکی لەدژی ئەو هێرشە. هەروەها ئەو هەڵوێستە لە مەحکومکردنی ئەو کردەوەیە پەیامێکە لەلایەنی تەواوی کۆمەڵگەی تورکی بە حکومەت و پارتە سیاسییەکانی، کە ئەو جۆرە هێرشانە لەدژی کەسایەتییەکی سیاسی کورد لە تورکیا بەهیچ شێوەیەك قبوڵ نییە.

*** گەیشتینە دوا پرسیارمان، ئایا بەڕای تۆ تا چەند حکومەتی تورکی جددییە لە چارەسەرکردنی پرسی کوردو راستکردنەوەی دەستوورو بوون بە ئەندام لە یەکێتی ئەوروپا؟ بەڕای تۆ، حکومەتی تورکیا تا چەند جددییە لە هەنگاونان بەرەو ئاڕاستەی وەدیهێنانی ئەو هەموو خاڵانە؟**

- پێش هەموو شتێك، چارەسەرکردنی پرسی کورد کێشەیەکی زۆر زەحمەت و ئاڵۆزە. دووەمیان: کۆمەڵبوونی کێشەو گرفتەکان هەیە کە ساڵ لەدوای ساڵ لەسەر یەك کۆمەڵ بوون. بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانە، پێویستە لەسەر حکومەتی تورکی زاڵ بێت لەسەر جیاوازییەکان لە بیرو بۆچوون و ناسنامەکان، ئەگەر وڵاتی تورکیا دان بنێت بە بوونی ناسنامە جیاوازەکان کە پەیوەستە بە ئایین و نەتەوە، ئەو کات دەتوانین دیموکراسییەتێکی مۆدێرن دابمەزرێنین لە وڵات کە لە بەرژەوەندیی کەمینەکان بێت، لەگەڵ مافەکانی گرووپە ئایینی و گرووپە ئایدیۆلۆژییەکانی تر، ئەم کێشەیە کێشەی بەدیموکراتیزەکردنە، ئەگەر بێت و بگەڕێینەوە بە مێژوو لە ١٠ ساڵی بەر لە ئێستا بڕوانین، دەبینین پرۆسەیەکی هێمن و لەسەرخۆ هەبووە لە هەوڵەکانی بەدیموکراتیزەکردن، کە هەموو ئەو هەنگاوانە پەیوەستە بە پرۆسەی بوونی تورکیا بە ئەندام لە یەکێتی ئەوروپا. تاکو ئەمڕۆش هیچ نیشانەیەکمان نەبینیوە لە حکومەتی تورکیا بۆ پاشگەزبوونەوە لە پرۆسەی بەدیموکراتیزەکردن، بەڵکو ئەو پرۆسەیە بەردەوامەو حکومەت هەمیشە لە هەوڵدانە بۆ ئەو مەبەستە. هەموومان ئەو هیوایە دەخوازین کە حکومەتی تورکیا دیموکراسیەتێکی کاراو گونجاو دابمەزرێنێت کە بتوانێت مافی کەمینەکان و کوردەکان دەستەبەر بکات. من لەو بارەیەوە گەشبینم، پرۆسەی سیاسی و گۆڕانکارییەکانی چاکسازی و پێشهاتەکان لە تورکیا لە پاشەکشە نییە، بەڵکو بەپێچەوانەوە، تورکیا بەردەوامە لە پێشکەوتن و ڕۆژ لەدوای ڕۆژ زیاتر بەرەو پێشەوە دەڕوات و ڕوو لە ئاڕاستەکانی دیموکراسییەت دەکات، هەروەها لە کۆشش و هەوڵی بەردەوامە بۆ پەیوەندی کردن بە ریزەکانی یەکێتیی ئەوروپا. من ڕام وایە کە لە داهاتووی دووردا، پرسی کورد دەگاتە چارەسەرێك، هەروەها کۆمەڵگەی تورکی دەگاتە جۆرە تێگەیشتنێك لە چەمکی پێکەوە ژیان لەنێوانی کوردو تورکەکان. پێویستە لەسەر کۆمەڵگەی تورکی، بە پێکهاتەکانی کوردو تورکەوە، بگەنە ئەو ڕاستییەو تێبگەن کە پێویستە هەموویان پێکەوە بژین، لەسەر بنەمای ڕێزگرتن لە یەکتری و نواندنی ڕێز بۆ ماف و ناسنامەکان.

**کوردەکان مافی خۆیانە تووڕەبنء هەست بە نائومێدی و هیوابڕان بکەن و کاردانەوەشیان هەبێت**

**لە داهاتووی دووردا، پرسی کورد دەگاتە چارەسەرێک، هەروەها کۆمەڵگەی تورکی دەگاتە جۆرە تێگەیشتنێك لە چەمکی پێکەوە ژیان لەنێوانی کوردو تورکەکان**

لازاریڤ لەدیداریکی بڵاونەکراوەدا

# لەچلەی دواکۆچی کوردناسی بەنێوبانگ پرۆفیسۆر میخائیل سیمیۆ نۆڤیچ لازاریڤ- دا



یەکێك لەوێستگەکانی ئەو گەشتە١٠ رۆژییەمان بۆ روسیا سەردانی (لازاریڤ) بوو، دەمژمێر (٣)ی ئێوارەی ٢٠٠٨/١٠/١٨ گەیشتینە بەردەرگەی ماڵەکەی لە مۆسکۆ، خێزانەکەی دەرگای لێکردینەوەو فەرمووی ژوورەوەی لێکردین، لەچوونەوە ژوورەوەماندا دەنگی پیاوێکی پیر ...، زانیمان ئەوە گەورە رۆژهەڵاتناس و کوردناس و مێژوونووس (لازاریڤ)ەو بەخێرهاتنمان دەکات، رووسەکان و کوردەکان لەزۆر لایەنی کۆمەڵایەتی و کولتوورییەوە لێك دەچن بەتایبەت لە میواندۆستی و داوەتکردن و پێشکەشکردنی خواردن بۆ میوان و مەجلیسە کۆمەڵایەتییە پڕ گفتوگۆکان!

لازاریڤ و خێزانەکەی زۆر جوان و لە نەریتێکی رۆژهەڵاتییانە میوانداریيان کردین، لەگەڵ لازاریڤ دەستمان بەقسە کرد:

دیمانە /سالار عوسمان

موسکۆ ٢٠٠٨ /١٠/١٨

*** دوای ١٨ ســاڵ چــۆن دەڕوانیتــە ئازادی کوردستان؟**

لازاریڤ قەیرێك راماو لەگەڵ سەربەرزکردنەوەیەکدا وتــی: من وای دەبینم لــەم ماوەیەدا بایەخدان بەمەسەلەی کورد کەمتر بۆتەوە، بەتایبەت لەلایەن وڵاتە ئەوروپییەکان و تەنانەت روسیاش .

*** هۆکاری ئــەم بایەخدانە کەمە بەکورد بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

لێڵی رەوشــی عێراق، ئــەو بارودۆخــە نادیارە وایکــردووە کــە هــەر وڵاتێك بەحــەزەرەوە بێت لەمەسەلەی بایەخدان بەکورد.

چونکــە کورد داوای ژیانی ســەربەخۆی خۆی دەکات، کورد دەیانەوێت کەرکوك بگەڕێتەوە سەر کوردستان، ئەمە هۆکارە سەرەکییەکەیە!

*** ئەی لەبارەی دیبلۆماسییەوە، رات چییە؟**

دەستی بۆ پەرداخەئاوەکەی بەردەمی بردو وتی:- ئێستا لەجاران باشترە، بەڵام لەمیدیاکانی جیهاندا کەمتر رەنگ دەداتەوە، مەبەستم ئەوەیە لەبارەی کوردەوە کەم دەنووســرێ، من سێ جار سەردانی کوردستانم کردووە، پێشکەوتن هەیە، گۆڕانکاریی هەیــە، بەڵام لێڵــی و نادیاریی رەوشــەکە وای کردووە، بەکورتــی ئاســۆیەکی روون نابینرێ، کوردەکانیش کەمترخەمن!!.

کەئەو قســانەی دەکرد هەستم بەوە کرد لازاریڤ گلەیی لەحکومەتی هەرێمی کوردســتان هەیە، ئــەو کات کە گەڕامەوەش هــەر لەم گۆڤارەدا و لەنووسینێکی دوو ئەڵقەیی بەنێوی (١٠ رۆژ لە رووسیا) لەژێر ناونیشانی (لازاریڤ- یش گلەیی هەیە!) ئــەو گلەییەی لازاریڤم نووســی بەڵام وێناچێ هەنگاوی لەبارەوە نرابێت!

*** ئەی پێوەندی رووسیاو کورد چۆن دەبینی؟**

پێوەندییەکــی بــاش نییە، ئێمــە لێرەین کەچی کەس پێوەندیمان پێوە نــاکات، تەنانەت پێوەندی نێــوان روســیاو کوردیش باش نییــە، کوردەکان کەمتەرخەمــن، بۆنموونە هەر کارێك لە روســیا کرابێت رۆشنبیر و زانایانی روسیا کردوویانە نەك کوردەکان، هەر بۆ نموونە بەشی کوردی رادیۆی روسیا ئەوە زاناو رۆشنبیرە روسەکان کردویانە نەك کوردەکان ..راستە کوردەکان کتێب وەردەگێڕن یان هەندێ بزاڤی رۆشنبیری ئەنجام دەدەن، بەڵام ئەوە ماڵی منەو کەس پرس بە ئێمە ناکات! ! بەبڕوای من ئەوە بەرپرســە کوردەکانــن نایانەوێت بایەخ بەوپێوەندییە بدەن ئەگینا وای لێنەدەهات..

*** ئەی سەبارەت بە هەرێمی کوردستان؟**

- خراپە، رەوشــی هەرێمی کوردســتان خراپە، من دەپرسم لە رووی یاســاییەوە چیتان بەدەست کەوتووە؟

کاك ئازاد حەمەدەمین ســکرتێری لقی هەولێری سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان کە هاوڕێی ســەفەرو دیدارەکەم بوو وەڵامی ئەو پرســیارەی (لازاریــڤ)ی دایەوە و وتی: بڕیاری ٦٨٨، ئەو بڕیارەی زەمینەی رەخساند بۆ هەڵبژاردنی ١٩٩٢ کە لە ئاکامدا پەرلەمــان و حکومەتی هەرێمی کوردستانمان دامەزراند..


هەر لەگــەڵ قســەکانی کاك ئازاد-دا باســم لــە فیدراڵی کرد کــە لە دەســتووری عێراقدا جێگیرکراوە، ئەو دەستوورەی زۆرینەی عێراقیەکان دەنگیان بۆ داوە.

لازاریــڤ: ئەمانە هەمــووی ناوخۆیین، بەڵام من دەپرســم کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیی هەیە بۆ کورد؟!

ســالار: دەســتوور هەیە، کۆمەڵگەی مەدەنی نێودەوڵەتیەماشــای دەســتوور دەکات، دواتــر ئیعتیراڤێکــی (ضمنی) بەهەرێمی کوردســتان هەیە، تەنانەت لەلایەن ئەمەریکاشەوە.

وەك ئەوەی قســەکانی را لێ نەبێ ســەرێکی لەقاندو دەرفەتی رەخساند بۆ پرسیارێکی تر.

*** بــواری خوێندن چۆنە، مەبەســتم خوێندنی کوردناسییە لە رووسیا؟**



- کــوردەکان قوتابی نانێرن بۆ رووســیا، ئەگەر بشنێرن بە رێژەیەکی زۆر کەم دەنێرن، ئەمە خراپە، قوتابییەکانی ئێمەش ناچن بۆ کوردستان، من پێم وایە پێویســتە قوتابی روســی بێنە کوردستان و هی ئێوەش بێنە روسیا، ئەم پێوەندییە ئەکادیمییە زۆر گرنگ و پێویستە، بەڵام بایەخێکی ئەوتۆی پێ نادرێت!

*** لــە قســەکانت وەدیاردەکەوێت کە لە هەموو ئاستەکاندا پێوەندی باش نییە! ئایا هۆکارەکەی، مەبەستم بەشێکی هۆکارەکەیە بۆ پێوەندی کۆنی روسیا و رژێمی بەعس ناگەڕێتەوە؟!!**

- کــورد قوربانیی مێژوو و سیاســەتن، بەڵێ ئەو قســەیەی تر راســتیەکی تێدایە، بەڵام دەبێ ئەو پێوەندییەچاك بکرێ، پتەوبکرێ، ئێســتا روســیا لە هەموو بوارەکاندا پێش دەکەوێت، پێشــتر روسیا لەســەر چۆك بوو، ئێستا لەسەر پێ وەستاوە، بۆیە دەبێ کورد پێوەندیخۆی لەگەڵ روسیا بەهێز بکات و لەزۆر لادا بەدوای بەرژەوەندیی خۆیدا بگەڕێ! لە وەڵامدانەوەکانیدا هەستم کرد جگە لە گلەیی جۆرێ لە ماندوویی و نیگەرانیشــی پێوەدیارە، راستــە باری تەندروســتی باش نەبــوو، بەڵام مەسەلە هەرباری تەندروســتی نەبوو، خۆیشی نیگەرانبوو، لە هەرێمی کوردســتان و دامەزراوە ئەکادیمییەکانی کوردســتان کە وەك پێویســت بایەخیان پێ نەداوە و لە کاتی پێویستدا ئاوڕیان لێ نەداوەتەوە، بۆیە هەندێ لە پرسیارەکانم نەکرد و هەندێکیشیانم کورت کردەوە؟

*** کەرکوك چی لێ دەکرێت؟**

- کــوردەکان دەبــێ کار بکــەن، کاربکــەن تا ســەربەخۆیی، ئەگەر لە زمنــی عێراقیش بێ دەتوانن مافەکانیان وەدەست بێنن!

*** دیسان دەپرسمەوە کەرکوك چی لێ دێت؟!**

- خوا دەزانێ!!!، کەرکوك شارێکی کوردییە!

*** لە چ کەناڵێکەوە موتابەعەی کورد دەکەی؟**

- رادیۆ.

*** چیت لەبەردەستە بۆ نووسین؟**

- ئێســتا خەریکی نووســینی تیۆرییم، ئەویش مەســەلەی نەتەوەیی بوونی نەتەوەکان لە ئاسیا بەتایبەتی کوردەکان.

*** چی بەگەنجی کورد دەڵێی؟**

- کەمتەرخــەم نەبن لە خەبــات تا کورد دەگاتە سەربەخۆیی.

*** ئەکادیمیای زانیاری کوردستان پێوەندییان پێوە کردووی؟**

- نەخێر!

*** هیــچ لایەنێکــی ئەکادیمــی، کولتووری پێوەندییان پێوە کردووی؟**

- نەخێــر، بــەڵام کــە دێینە کوردســتان زۆر جوان پێشــوازیمان لــێ دەکەن، پێشــوازییەکی رۆژهەڵاتیانەی بەرز.

*** نوێنــەری پارتــی و یەکێتــی پێوەندیتپێوە دەکەن؟**

- نەخێر، کە دێمە کوردستان دەیانبینم، لێرە نا!!

- ئەم دیــدارە دوو کاتژمێری خایاند، بەر لەوەی لازاریــڤ و ماڵە پڕ کتێــب و تابلۆکەی جێ بێڵین سوپاسی کاك شــێرزاد حەمەدەمین-م کرد کە رێکخــەر و وەرگێڕ و هاوڕێی ئەو دیدارەمان بوو..